دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بڵاوی دەکاتەوە

ژمارە ٨٢٥، سێشەممە ٣١ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، ٢١ی ژوئەنی ٢٠٢٢

www.kurdistanmedia.com

■ ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکرات: ڕەزا پەهلەوی سووکایەتی بە نەتەوەکانی ئێران دەکات ٢

■ پەیامی دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکرات بۆ کۆچی دوایی مامۆستا «عەزیز گەردی» ٢

■ کۆنفرانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو ٣




ئێران شامی شەریفە! ٤



شۆڕەکاتی «زانستگا» و «قوتابخانەکان» ... ٦



پرسی کورد لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامیدا ٨



دیمانەی کوردستان ١٠

# پشتگیری لە مامۆستایان، ئەرکە!




لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا کەشی سیاسیی زاڵ بە سەر کوردستان کەشێکی جیاوازتر بوو لە مانگ و ساڵانی پێشتری خۆی؛ یەکجێ و لە ئەنجامی خوێندنەوەی هیستریایی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بزاڤی مامۆستایان دیتمان کە شەپۆلێک لە گرتن و دەسبەسەرکردنی مامۆستایانی دەروەست و نیشتمانپەروەر لە چەندین شاری کوردستان دەستی پێکرد. ئەمەش دوای ئەوە هاتە گۆڕێ کە شۆرای هاوئاهەنگی ڕێکخراوە سینفییەکانی فەرهەنگییانی ئێران داوای کردبوو لە مامۆستایان بە گشتی لە بەردەم ئیدارەی بارهێنان و پەروەردەی شارەکاندا و بۆ پشتگیری لە مامۆستایانی دەسبەسەرکراوی مانگی پێشوو کە تۆمەتی سیخوڕبوونی ڕۆژاواییەکانیان خرابووە پاڵ و هەروەها جێبەجێکردنی وادە و بەڵێنە وەدینەهاتووەکانیان، مان بگرن و نارەزایەتی دەربڕن.

لە ١١ی بانەمەڕی ئەمساڵدا هەریەک لە مامۆستایان ئیسکەندەر لوتفی، شەعبان محەممەدی و مەسعود نیکخا لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سینفیی مامۆستایانی کوردستان — مەریوان لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمەوە دەسبەسەر کران و دواتر تۆمەتی ئەوەیان خرایە پاڵ کە گوایە لە ڕێگەی دوو مامۆستای فەڕانسەوییەوە، کە هەنوکە دەسبەسەر کراون، کاری سیخوڕییان ئەنجام داوە.

دواتریش لە ئێوارەی ٢٥ی جۆزەردان هێزە ئەمنییەتییەکانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و بەکرێگیراوانی لە شارەکانی سەقز و دیواندەرە، جیا لە تەلەفوونکردن و هەڕەشە لە چالاکانی سینفیی مامۆستایان، هەڵیانکوتایە سەر ماڵی دەیان مامۆستای قوتابخانەکانی ئەم شارانە، کە لە ئەنجامدا چەندین کەسیان گیران و ڕاپێچی گرتووخانەکانی ئیدارەی ئیتلاعاتیان کردن کە بریتی بوون لە مامۆستایان سلێمان عەبدی، خالید عەبدوڵاهی، محەممەد فەتاحی، سەلاح سۆرخی، ئەحمەد قادری، خالید شێخی، ئەنوەر فەرەجزادە، سەلاح حسەینی، کەیوان ئەحمەدی، حسەین محەممەدی، ئیسماعیل ڕەیحانی، زاهید موڕادی، ئامانج ئەمینی، خاتوو ئاوات ڕەزەوی و تاهیر حامیدی، تاهیر قادرزادە، مەرزیە تەڵایی و فاتێح غەفاری، عەزیز مەرزی، لوقمان ئەڵڵامورادی لە سەقز و ئومێد شامحەممەدی، عوسمان ڕەزایی، هیوا قورەیشی، پەرویز ئەحسەنی و کاوە محەممەدزادە لە دیواندەرە.

هەر لە درێژەی ئەم سەرکوتکارییانەشدا ڕۆژی دواتر ئارام قادری، تەحسین مستەفایی و سەیوان سلێمانی لە مامۆستایانی دیاری مەریوان و غەیاس نێعمەتی و سەلاح حاجی میرزایی ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سینفی مامۆستایانی کوردستان — سنە و کەلاتەرزانیان دەسبەسەر کرد.

ئەم ڕەوتە هۆڤانەیە هەتاکوو ئێستەش هەر بەردەوامە و لە شارەکانی کوردستان هەندێ لە مامۆستایان بە دانانی بارمتە بۆ ماوەی کاتی ئازاد کراون و هەندێکی دیکەیان هەر لە بەندا ماونەتەوە و بەردەوامیش مامۆستایانی دیکە بانگهێشت یان دەسبەسەر دەکرێن.

بەپێی دوایین زانیارییەکان ئەو مامۆستایانە بەسەر چەندین گرووپدا دابەش کراون و بۆ لێپرسینەوە هەندێک بۆ ئیتلاعاتی سپا و کۆمەڵێک بۆ ئیدارەی ئیتلاعات و گرووپێک ڕادەستی هێزی ئینتزامی کراون و دواتر گشتیان بۆ زیندانی ناوەندیی شار ڕاگوێزراون.

ئەو ناوەندانەی ڕێژیم هەڕەشەیان لە مامۆستایان کردووە کە دەبێ هاوکاریی ئەو ناوەندانە بکەن ئەگەرنا لە داهاتوودا چارەنووسی خۆیان و منداڵەکانیان خراپ دەبێت.

هەروەها هەڕەشەی دەرکردنی خۆیان و منداڵەکانیان لە قوتابخانەکان کردووە.

ئەو ناوەندانەی ڕێژیم هەروەها تۆمەتی هاوکاری لەگەڵ حیزبەکانی دژبەری ڕێژیمیان لە مامۆستایان داوە و داوایان لێ کردوون کە دەبێ زانیاری لەسەر یەکتری بەو ناوەندانە بدەن.

ئەو مامۆستایانە لە کاتی دەسبەسەرکرانیاندا بەرەورووی ئازار و ئەشکەنجە و سووکایەتیی زۆر بوونەتەوە و زۆرێک لە کەلوپەلە کەسییەکانیان وەکوو مۆبایل و لەبتاپ و زۆر کەرەستەی دیکەیان لەلایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە گیراون و تا ئێستا پێیان نەدراونەتەوە.

لە نوێترین هەواڵیشدا ١٠ کەس لەو چالاکە سێنفییانە کە لە ڕۆژانی ٢٥، ٢٦ و ٢٧ی جۆزەردان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرابوون مانیان لە خواردن گرتووە و لە دۆخێکی ناڕووندا بەسەر دەبەن.

لەم چوارچێوەیەدا یەکیەتیی پیشەیی مامۆستایانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە دەسبەسەرکردن و هەڕەشەکردن لە مامۆستایانی کوردستان بەیاننامەیەکی بڵاو کردەوە و داوای لە خەڵکی کوردستان کرد کە وەک هەمیشە پشتیوانی مامۆستایانی کورد بن. لەم ڕاگەیەندراوەدا هاتووە: «مەخابن مامۆستایانی کوردستان و ئێران بەهۆی کێشەکانی مووچە و بژێویی ژیان و نادادپەروەریی پلەبەندی و بەئەمنییەتیکردنی ژینگەی قوتابخانەکان و بەپوڵیکردنی خوێندن، لەلایەن ڕێژیمی ئیسلامیی ئێرانەوە، نەیانتوانیوە ئەرکی پەروەردە و بارهێنانی سەردەمییانە بۆ قوتابییان بە باشترین شێوە بەڕێوە ببەن و ئەوەیش کراوە لەخۆبردوویی و هەست بە بەرپرسیارەتیکردنی نەتەوەیی مامۆستایان بووە.

هەروەها ڕوو لە خەڵکی کوردستان دەڵێن: « بە پێویستی دەزانین وەک هەمیشە خەڵکی کوردستان پشتیوانی داوا ڕەواکانی مامۆستایان بن بۆ وەدیهێنانی داخوازی و مافە ڕەواکان و ئازادیی مامۆستایانی بەندکراو لە بەندیخانەی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا.»

کەشی زاڵ بەسەر کوردستان لەئاستی جیهانیشدا دەنگدانەوەی هەبوو؛ بەچەشنێک کە ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردان کارناسانی مافەکانی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، لەوانەش جاوید ڕەحمان، لە ڕاگەیەندراوێکدا نیگەرانی خۆیان لە سەرکوتی سیستماتیکی بزووتنەوە مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکان لە ئێران دەربڕیوە و وتوویانە: «ئێمە لە دەسبەسەرکردنی خۆسەرانەی مامۆستایان، چالاکانی کرێکاری، ڕێبەری یەکیەتییە پیشەییەکان و چالاکانی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران نیگەرانین.»

بەگشتی دەتوانین بڵێین کۆماری ئیسلامی لەڕووی ترس و فۆبیایەکی مێژووییە کە وەها دڕندانە پەلاماری توێژێک دەدات کە هەمووان دەزانن شوێندانەرییە ئەرێنییەکانیان بەدرێژایی مێژوو نکۆڵیلێنەکراوە؛ ترسی کۆماری ئیسلامی لە مانگرتنی مامۆستایان لەڕاستیدا بۆ ئەو دەور و نەخش و شوێندانەرییە دەگەڕێتەوە کە مامۆستایان لەسەر کۆمەڵگا بەگشتی هەیانە؛ لەلایەکەوە مامۆستایان نوێنەرایەتی تەواوی ئەو کەسانە دەکەن کە مووچەخۆری حکومەتن بە خانەنشینکراوانیشەوە، لەلایەکی ترەوە ئاڵقەی پێوەندی نێوان چینی کەمداهات و هەژاری کۆمەڵگا و چینە خۆشبژیوەکانن، بە دیوێکی تریدا نوێنەری چینی مامناوەندی کۆمەڵگان و بەو هۆیەوە دەتوانن خاڵی پێکەوەگرێدەری هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی بن.

ئیتر باسکردن لە کاریگەرییان لەسەر باقی بزاڤەکانی وەک ژنان و ژینگەپارێزان و کرێکاران و کەمینە ئایینییەکان و هەروەها پێوەندیدەربوونی نەسڵی نوێ و نەسڵی پێشوویش جێگەی خۆی هەیە کە سێبەری مامۆستایان هەمیشە بەسەریانەوە بووە و هەیە؛ کەواتە دیسانەوە دەڵێینەوە کە گیرانی مامۆستایان نیشانەی بەرحەقبوونی ڕێگاکەیانە و ئەرکی ئەخلاقی هەموو لایەکە کە پشتگیری و پشتیوانییان لێ بکەن.

## پەیڤ

### هاوکاری و شوێنکەوتوویی

کەریم پەرویزی

خەبات چ بۆ گۆڕانکاری لە نێو سیستمێکدا و چ بۆ وەلانانی سیستمێك و هێنانی سیستمی دیکە هەندێ تایبەتمەندیی خۆی هەیە کە لە جێبەجێبوونیاندا یان خەباتەکە بە ئاکام ناگا، یان بەلاڕێدا دەڕوا، یان بە تێچوویەکی زۆر زۆرتر و لە مەودایەکی زەمانیی زۆر زۆرتردا بە هەندێ لە مەبەستەکانی دەگا.

لە وڵاتی بەڵالێدراوی ئێراندا کە سیستمی فاشیستی- پاوانخوازی لە سەر کورسیی دەسەڵاتە، خەبات بۆ گۆڕانی ئەم سیستمە و ڕووخانی لەئارادایە و گرووپی جیاواز بۆ وەلانانی کار دەکەن بەڵام تا ئێستا سەرکەوتوو نەبوون لە ڕووخانی ڕێژیمدا و گرووپە دژبەرەکان هەر لە سەر دژبەریی خۆیان بەردەوامن و سیستمی دڕندەی زاڵیش لەسەر دەسەڵاتە و تاوانی زۆرتر دەخولقێنێ.

هۆکاری مانەوەی ئەم سیستمە هەم فاکتۆری نێوخۆیی و هەم فاکتۆری دەرەکی هەیە و یەکێك لە فاکتەرە گرنگەکان بۆ هەرەسهێنان و وەلانرانی ئەم سیستمە دڕندەیە، پێکهاتنی هاوپێوەندی و هاوکارییەکی گرووپە دژبەرەکانە کە بتوانن خۆیان وەکوو سیستمی جێگرەوە پێناسە بکەن.

باس لەم خاڵە ساڵانێکی زۆرە لە نێو ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمی ئێراندا دەکرێ کەچی هێشتاش ئەو هاوپێوەندی و هاوکارییە بەربڵاوە کە بتوانێ ئاڵترناتیڤی ڕێژیم بێ پێك نەهاتووە! جیا لە هەموو وردەکارییەکانی دیکە و باس لەو گرفتانەی لە سەر ڕێگا هەن، یەك فاکتەری سەرەکی بۆ پێکهاتنی وەها ئیئتلاف و هاوکارییەك بۆ پرسێکی سەرەکی بەناوی «تێگەیشتن لە هاوکاری» دەگەڕێتەوە.

کاتێك سیستمێك دەتوانێ خۆی وەکوو ئاڵترناتیڤی سیستمی دیکە نیشان بدا کە لە پێشدا گوتارێکی جێگرەوە ساز بکا و لەباری گوتارییەوە بتوانێ خۆی بە دیمەن و گوتارێکی بەهێزتر و گشتگیرتر لە گوتاری ئێکسپایەری ڕێژیم نیشان بدا.

لە دروستبوونی وەها گوتارێکدا، دەرگای هاوکاری بۆ هێزەکانیش دەکرێتەوە و خۆیان دەتوانن لە ژێر هاوپێوەندییەك کە ئەو گوتارە پێناسەی دەکا جێ بکەنەوە. دروستبوونی وەها گوتارێکی گشتگیریش بەندە بە ڕوانگەی دروست بۆ هاوکاری کە هەموو پاژ و لقەکانی نێو چەترە گشتییەکە وەکوو یەك و هاوتا ببینێ و ڕوانگەکەی ڕوانینی هاوئاستی بێ. گەر کەس یان گرووپێك بە ڕواڵەت باس لە

درێژە لە لاپەڕەی ٣

# ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران: ڕەزا پەهلەوی سووکایەتی بە نەتەوەکانی ئێران دەکات

ناوەندی سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە کاردانەوە بە قسەکانی «ڕەزا پەهلەوی»، لە ڕاگەیەندراوێکدا هۆشداریی دا کە لە وتەکانی کوڕی شا شتێک جگە لە نکۆڵی و سووکایەتی بە نەتەوەکانی ژێر ستەم، بوونی نەبووە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە بەم چەشنەیە:

هاونیشتمانییانی خۆشەویست!
خەڵکی خەباتکار و ڕاپەڕیوی ئێران!
نەتەوە ژێر ستەمەکان لە ئێران!

چەند ڕۆژ لەمەوپێش «ڕەزا پەهلەوی» لە وتەکانی خۆیدا لەژێر ناوی «قسە لەگەڵ هاونیشتمانییان»، وەکوو هاونیشتمانییەکی ئێرانی لە پێوەندی لەگەڵ بزووتنەوە نارەزایەتییەکانی ئەم دواییانەی هاووڵاتییان لە نێوخۆی ئێران، هەندێک باسی هێنا ئاراوە.

ڕەزا پەهلەوی لەو قسانەیدا لەسەر هاوپێوەندی و پێکەوبوونی خەڵکی ئێران جەخت دەکاتەوە، بەڵام هاوکات سووکایەتی بە نەتەوە ژێر ستەمەکانی ئێران دەکات و سەرەڕای نکۆڵی لەو ڕاستییەی کە ئێران وڵاتێکی فرە نەتەوەیە، ئەو نەتەوانە وەکوو «خێڵ، عەشیرە و هۆز» ناو لێ دەبات و ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەو نەتەوانە بە تایبەت نەتەوەی کورد لە ماوەی ساڵانی دەسەڵاتدارەتیی پەهلەوییەکان و کۆماری ئیسلامی بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و مافی نەتەوایەتیی خۆیان تێکۆشاون و بەرگری و خەباتیان بە خوێن و فیداکاریی ڕۆڵەکانی خۆیان درێژە پێ داوە و درێژەشی پێ دەدەن.


ڕەزا پەهلەوی لەو قسانەدا هەرچەند لەسەر ڕووخانی کۆماری ئیسلامیی ئێران جەخت دەکاتەوە، قەت قسەیەکی لەسەر ئێرانی داهاتوو، داهاتوویەک نە بەپێی داواکاریی خۆیان بەڵکوو لەسەر داواکارییەکانی هەموو خەڵکی ئێران، لە زار نەهاتووەتە دەرێ.

ئەگەر لێدوانی سووکایەتیکەرانەی «ڕەزا پەهلەوی» سەبارەت بە نەتەوە ژێر ستەمەکان لە ئێران بە مەبەستی ڕاکێشانی سەرنجی ژمارەیەک لە دەوروبەرییەکانی بێت، دەتوانرێت چاوەڕوانی قەرەبووی ئەو قسانەی لێ بکرێت، بەڵام ئەگەر بەو شێوەیە کە دێتە بەرچاو، لە بیرکردنەوەی نادێموکراتیک و بێگانە لەگەڵ ڕاستییەکانی ئێرانی داهاتوو سەرچاوەی گرتبێت، بێگومان سەرەڕای ئەوەیکە کاریگەرییەکی لەسەر خەباتی نەتەوەکانی ئێران دژی کۆماری ئیسلامی نابێت، بەڵکوو هەر ڕوانگەیەکی ئەرێنی سەبارەت بە ناوبراو دەباتە ژێر پرسیار و هاوکات لەگەڵ خەبات دژی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ وەها بیرکردنەوەیەکیش بەربەرەکانێ دەکرێت، چونکە وەها ڕوانگەیەک سەبارەت بە کێشە گەورەکانی وڵاتەکەمان جگە لە لاوازکردنی هاوپێوەندی و پێکەوەبوون، ئاکامێکی دیکەی نابێت.

لە کۆتاییدا سەرەڕای پشتیوانی و هاوپێوەندیی دووبارە و بێ درێخی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لەگەڵ خەڵکی خەباتکاری ئەحواز و خەڵکی دڵبریندارى ئابادان و باقیی شارەکانی پشتیوانی ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییانە، لەسەر هاوکاری و هاوپێوەندیی نەتەوە ژێر ستەمەکانی ئێران و باقیی ڕێکخراو و هێزە سیاسییە پێشکەوتوو و دێموکراتیکەکانی ئێران بە مەبەستی ڕووخانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک و فێدراڵ کە وەڵامدەری داواکارییەکان و مافە نەتەوەیی و دێموکراتیکەکانی هەموو خەڵکی ئێران بێت، لەسەر خەباتی ڕەوای خۆمان جەخت دەکەینەوە.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**ناوەندی سیاسی**
**٢١ جۆزەردانی ١٤٠١**

# پەیامی دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆچی دوایی ماموستا «عەزیز گەردی»



دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ کۆچی دوایی نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد مامۆستا «عەزیز گەردی»، پەیامێکی بڵاو کردەوە.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

ئەستێرەیەک ڕاخوشی

بەداخەوە مامۆستای زمان و ئەدەبی کوردی، مامۆستا «عەزیز گەردی» ڕۆژی دووشەمە ١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٢ی کوردی، ٦ی ژوئەنی ٢٠٢٢ی زایینی، مەڵبەندی وشە و ڕستە و هونەری زمانەوانی و ڕەوانبێژیی کوردیی بەجێ هێشت و لە دوای خۆی خەرمانێک لە زانست و جوانیی بەجێ هێشت.

مامۆستا «عەزیز گەردی» لە ئەدەبی کوردیدا کۆڵەکەی زمان و ڕەوانبێژی بوو کە وەک دۆستێکی نزیکی دوکتور «قاسملوو»ی زانا، لە بواری کوردایەتی و ئەدەبی کوردیدا هاوماڵ و هاووشە بوون.

ڕاگەیاندنی کوردی و کتێبخانەی کوردی بە بوونی ئەستێرەیەکی پڕشنگداری وەکوو دوکتور «عەزیز گەردی»، جوانییەکی تایبەتی پەیدا کردبوو، هەر بۆیە ڕاخوشینی ئەو ئەستێرەیە هەموو کوردینووس و نیشتمانپەروەرێک داخدار دەکات.

دەزگای ڕاگەیاندنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، وێڕای بەداخبوونی لە کوژانەوەی ئەم ئەستێرە پڕشنگدارەی ئاسمانی زمان و ئەدەب و نووسینی کوردی، سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکاری و هەموو نیشتمانپەروەران و نووسەرانی دەروەستی کورد دەکات.

یادی مامۆستا «عەزیز گەردی» هەرمان و ڕێگاکەی کە وەسەریەکخستن و خەرمانەی نووسین و ئەدەبی کوردی و ڕەوانبێژی و جوانیناسی بوو، پڕ لە قوتابییانی ئەمەگداری بێت.

**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕاگەیاندنی گشتی**
**١٦ی جۆزەردانی ٢٧٢٢ی کوردی**

# هاوخەمیی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لەگەڵ خەڵکی نەوسوود

دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەنیسبەت گیانلەدەستدان و بریندابوونی چەند هاووڵاتی بەهۆی ڕووخانی بینایەکی سێ تەبەقە لە نەوسوود لە پەیامێکدا هاوخەمیی خۆی لەگەڵ بنەماڵەی قوربانییان دەربڕی.

دەقی پەیامەکە بەم چەشنەیە:

خەڵکی خەباتگێڕی کوردستان!

بەداخەوە ئاگادار بووین، کاتژمێر ٨:٣٠ی بەیانیی ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ١٩ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، بەهۆی کێشەی گاز لە ساختومانێکی سێ تەبەقەیی لە شاری نەوسوود ژمارەیەک هاووڵاتی گیانیان لەدەست داوە و ژمارەیەکی تریش بریندار بوون و زیانێکی زۆر بەر ساختومانەکە کەوتوە.

ئەوەی کە بۆ کۆماری ئیسلامی گرینگ نییە، ژیان و ماڵی خەڵکی ئێران و کوردستانە و بەداخەوە پێڕانەگەیشتن و خزمەتگوزاری لە بارێکی زۆر خراپدایە کە هەموو ئەو نەهامەتیانە لە سایەی بێ مودیریەتی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئیرانە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران،هاوخەمیی خۆی بۆ گیانلەدەستدانی ئەو کەسانە بە بنەماڵە بەڕێزەکانیان و خەڵکی تێکۆشەری نەوسوود ڕادەگەیەنێت و هیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتر بۆ بریندارەکان دەخوازێ.



**حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران**
**دەزگای ڕێکخستنی گشتی**

# دیداری نێوان شاندی کونفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ڕۆژی چوارشەمە ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، هەیئەتێکی کونفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی بە سەرۆکایەتی «ئیسماعیل کامیل» سەرۆکی کونفیدراسیۆن سەردانی حیزبی دێموکراتیان کرد. هەیئەتی کونفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی لەلایەن شاندێکی حیزبی دێموکراتەوە بە سەرپەرستی «محەممەد نەزیف قادری» بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پێشوازییان لێ کرا. لەو دیدارەدا دوو لایەن وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی کوردانی تاراوگە، گرینگیی کار و چالاکیی کونفیدراسیۆنی ڕەوەندی کوردستانی و ڕێکخستنەوەی کوردانی تاراوگە لەپێناو کەڵکوەرگرتن لە تواناکانیان بۆ لۆبیگەری و پشتوانیکردنیان لە دۆزی ڕەوای کورد بە هەند زانی و لەسەر هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوانیان پێداگرییان کردەوە.



# هەیئەتێکی حیزبی دێموکرات سەردانی «سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران»ـی کرد

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٧ی جۆزەردانی ١٤٠١، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی «محەممەد ساڵح قادری» بەرپرسی پەیوەندییە کوردستانییەکانی حیزب، سەردانی «سازمانی خەباتی کوردستانی ئێران»ـی کرد و لەلایەن «شۆڕش حاجی» بەرپرسی پەیوەندییەکانی سازمانی خەبات و «بەختیار عەزیزی» ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی ئەو حیزبەوە، پێشوازییان لێ کرا.

لەو دانیشتنەدا «محەممەد ساڵح قادری» لەهەمبەر هەوڵی تیرۆرکردنی یەکێک لە ئەندامانی سازمانی خەبات و بۆمبڕێژکردنی ماشینەکەی لە شاری هەولێر لەلایەن ڕێژیمی ئێرانەوە، پەیامی هەڵوێست و پشتیوانیی حیزبی دێموکرات و ڕێبەرایەتیی حیزبی بە ڕێبەرایەتیی سازمانی خەبات ڕاگەیاند.

هەیئەتی حیزب لەو دیدارەدا پێداگرییان لەسەر یەکیەتی و یەکگرتوویی و یەکڕیزیی حیزب و ڕێکخراوەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان کردەوە.

هەروەها هەیئەتی حیزبی دێموکرات ئامادەیی خۆیان بۆ هەر شێوە هاوکارییەک لەو بابەتەوە ڕاگەیاند.

لەلایەن هەیئەتی خانەخوێوە هەستی هاوکاری و یەکگرتووخوازیی حیزبی دێموکرات بەرز نرخێندرا و هەر دوولا لەسەر یەکیەتی و هاوکاری و بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان پێداگرییان کردەوە.

# جێژنیکان؛ دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێکی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزب بەڕێوە برد



دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە کەمپی جێژنیکان ڕێوڕەسمێکی بۆ ئەندامانی ئاشکرای حیزب کە لە کۆمیتەی هەولێر چالاکن، بەڕێوە برد. لەو ڕێوڕەسمەدا ڕێز لە زەحمەت و تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی ئەو ئەندامانە گیرا کە ماوەی بیست ساڵە ماندووییەنەناسانە خزمەت بە حیزب و گەل دەکەن. ئەو ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و ئەندامانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان «تاهیر مەحموودی» بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات باسێکی لەسەر دوخی سیاسیی ئێستای ئێران و حیزبی دێموکرات لە کۆمەڵگەی نێونەتەوەیی، ناوچە، کوردستان و هەروەها ڕۆڵی ڕاسان و وتە بێبنەماکانی کوڕی «ڕەزاشا» پێشکەش بە ئامادەبوان کرد.

دواتر «شەهرام حەمیدزادە» بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی ئاشکرا، باسێکی لەسەر ڕۆڵی ڕێکخراو لە حیزبدا، ماف و ئەرکی ئەندامانی حیزب، ڕۆڵی ئەندامانی حیزب لە ڕاساندا و گرینگیی پێدانی لەوحی بیست ساڵە بە ئەندامانی حیزب بۆ بەشداربوان دوا. لە درێژەی ڕێوڕەسمەکەدا ئامادەبووان ڕا و بۆچوونی خۆیان دەربڕی.

لە کۆتایی ڕێوڕەسمەکەدا لەوحی ڕێزلێنان درا بەو ئەندامانەی کە ماوەی بیست ساڵە وەک ئەندامی ئاشکرای حیزب هەوڵ و تێکۆشان دەکەن کە بریتی بوون لە: «پەرویز ئیبراهیمی، ئایشێ قادری، هەژار برنجی، عومەر حاجی، نادر مینبەری، نەجمەدین مینبەری، ئومید ئەستەرحامیان، جەبار ئەمیری، محەممەد زاهید یەگانە، ئازاد سەنایی، شەریف فەلاح، کامران محەممەدپوور، ئاوات حەسەنزادە، ڕزگار زەهابی، ڕەشاد مینبەری، فەخرەدین ڕەسووڵی و مستەفا خۆرشیدی».

لەوحی ڕێزلێنان لەلایەن «کەریم پەرویزی، ڕەحیم مەنگوڕی، قاسم کەڵەشی، سەعدی عەبدی و مەسعوود ڕەسووڵی» پێشکەشی ئەندامان کرا. هەروەها ڕۆژی یەکشەممە ڕێکەوتی ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١، لە کەمپی «باریکە» بۆ ڕێزلێنان لە خەبات و تێکۆشانی ٢٠ ساڵەی کۆمەڵێک ئەندامی حیزبی دێموکرات ڕێوڕەسمێک بەڕێوە چوو. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ گیانی پاکی شەهیدان دەستی پێ کرد. دواتر «شەهرام حەمیدزادە» بەرپرسی بەشی ڕێکخستنی ئاشکرا باسی لە ڕۆڵی ئەندامانی حیزب لە ڕاسان، هۆکاری پێشکەشکردنی لەوحی ٢٠ ساڵە بە ئەندامانی حیزب، گرینگیی ڕێکخراو لە حیزب و ماف و ئەرکی ئەندامی حیزب پێشکەش کرد. پاشان کۆمەڵێک لە هاوڕێیان ڕا و بۆچوونی خۆیان لەسەر باس و بابەتەکان دەربڕی و وڵامیان وەرگرتەوە.

دواتر لەوحی ٢٠ ساڵە لەلایەن «شەهرام حەمیدزادە و محەممەد سەیفووری و مەهتاب خزری و محەممەد موورادی زیندانیی سیاسیی پێشوو»، درا بەو هاوڕێیانەی کە ماوەی ٢٠ ساڵ لە ژیانی خۆیان تەرخانی خەبات و تێکۆشانی حیزبی و نیشتمانی کردووە، کە بریتی بوون لە: حەبیب سۆهرابی، مەجید قادری، حەسەن تەهماسبی، علی بابایی، حەسەن عەزیمی، عەزەم سەعیدی، حەبیب ئنفرادی، موراد جوانمێری، زینەت عەباسی، کاکە کەریمی، ئەمین ئەعزەمی.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی نوێنەرایەتیی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردی سووریە لە هەرێمی کوردستانی کرد



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری» بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، سەردانی «ئەنەکەسە»یان کرد.

شاندی حیزبی دێموکرات لەلایەن شاندی ئەنجومەنی نیشتمانیی کورد بە سەرپەرستیی دوکتور «کاوە عەزیزی» سەرۆکی نوێنەرایەتیی «ئەنەکەسە» لە هەرێمی کوردستان و «نەواف ڕەشید» بەرپرسی پەیوەندییەکانیان، بە گەرمی پێشوازییان لێ کرا.

لەو دیدارەدا شاندی دوو لایەن وێڕای تاوتوێکردنی بارودۆخی ناوچە و ئالنگارییەکانی بەردەم جوولانەوەی کورد لە ڕۆژهەلات و ڕۆژاوای کوردستان، پیلان و دەستێوەردانەکانی نەیارانی کورد لە هەرکام لە بەشەکانی کوردستانیان خستە بەر باس و لەسەر هاوئاهەنگی و هاوکاریی نێوان هێز و لایەنەکانی کوردستان پێداگرییان کردەوە.

## شاندێکی حیزبی دێموکرات سەردانی نیزامەدین تاج (بۆتان) تێکۆشەری دیاری باکووری کوردستانیان کرد



ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، شاندێکی حیزبی دێموکرات بە سەرپەرستیی «محەممەد نەزیف قادری» بەرپرسی دەزگای پێوەندییە گشتییەکانی حیزبی دێموکرات بە مەبەستی ئاگاداربوون لە باری تەندروستیی «نیزامەدین تاج» تێکۆشەری دێرین و خاون پێگە و دیاری باکووری کوردستان، سەردانی ناوبراویان کرد. شاندی حیزب وێڕای ڕێزگرتن لە ڕۆڵ و هەلوێستە نەتەوەییەکانی ئەو تێکۆشەرە، هیوای چاکبوونەوە و بەردەوامیيان لە خەبات بۆ خواست.

«نیزامەدین تاج» وێڕای خۆشحالبوون لەو بەسەرکردنەوەیە، ڕۆڵی حیزبی دێموکراتی لە خەباتی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا بەرز نرخاند.

## کۆنفڕانسی کۆمیتەی گشتیی حیزبی دێموکرات لە وڵاتی ئاڵمان بەڕێوە چوو



ڕۆژی یەکشەممە ١٥ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی، کۆنفڕانسی گشتیی کۆمیتەی ئاڵمان بە بەشداریی «تاهیر مەحموودی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتی لە ڕێگای سکایپ، «کاوە عەبدالی» ئەندامی یەکەی کارگێڕیی دەرەوەی وڵات و بەرپرسی ڕێکخستنی دەرەوی وڵات و هەروەها «شەهریار نەقشبەندی» بەرپرسی ڕێکخستنی هەرێمی ئورووپا و «هێمن مەولوودی» هاوکاری دەزگای هەڵبژاردن، کۆنفڕانسی کۆمیتەی حیزب لە ئاڵمان بەڕیوە چوو. کۆنفڕانسەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. پاشان لەلایەن «ئارێز داراپوور» وەک لەمێژینەترین ئەندامی حیزب لە ئاڵمان دەستپێکی کاری کۆنفڕانس ڕاگەیەندرا و کۆنفڕانس لەسەر پێشنیاری کۆمیتەی ئاڵمان و لەژێر ناوی «کۆنفڕانسی شەهیدانی میکۆنووس» دەنگی مەشرووعییەتی وەرگرت.

لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕانسەکەدا «تاهیر مەحموودی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی و بەرپرسی دەزگای ڕێکخستنی گشتیی حیزبی دێموکرات لە ڕێگای سکایپەوە باسێکی پڕنێوەڕۆکی سیاسیی پێشکەش کرد. ناوبراو پرسی ڕۆژ و ئاڵوگۆڕەکانی ناوچە و دۆخی قەیرانایی ڕێژیمی ئێران، خۆپیشاندانەکان، پرسی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی حیزبی دێموکرات، ڕێکخستنی گشتیی حیزب لە دەرەوەی وڵات و بەتایبەت لە پەیوەندی لەگەڵ ئەرک و مافەکانی ئەندامان و کاری کۆمیتەکان، پێشکەش کرد. دواتر «کاوە عەبداڵی» ئەندامی یەکەی کارگێڕی و بەرپرسی ڕێکخستنی دەرەوەی وڵات وێڕای ڕێز لە خەبات و ماندووبوونی ئەندامان، باسی لە چۆنیەتیی هەڵبژاردنی دەستەی نوێی بەڕێوەبەریی کۆمیتە بەپێی ئاییننامەی تەشکیلاتی کرد. «کاوە عەبداڵی» لە درێژەی باسەکەیدا ئاماژەی بە دۆخی ئێستای حیزب و ورەی بەرزی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە شار و شاخ، داماویی کۆماری ئیسلامی لە ئاست هێزی پێشمەرگە، سەرهەڵدانەکانی ئەو دواییانە و فیداکاریی خەڵکی کوردستان کرد.

پاشان ڕاپۆرتی کۆمیتەی گشتیی حیزب لەلایەن «ڕەشید ڕەحمانی» بەرپرسی کۆمیتەی ئاڵمان خوێندرایەوە. لە ڕاپۆرتەکەی کۆمیتەدا، کار و چالاکییەکان لە بواری جۆراوجۆردا خرابوونە ڕوو و هەڵسەنگاندنی دروست بۆ تێکۆشانی ماوەی ڕابردووی کۆمیتە کرابوو. لە بەشێکی دیکەی کۆنفڕانسەکەدا بەشداربووان ڕەخنە و پێشنیارەکانی خۆیان خستە ڕوو کە دواتر لەلایەن «کاوە عەبداڵی» و «ڕەشید ڕەحمانی»یەوە وەڵامیان درایەوە. لە بەشی کۆتایی کاری کۆنفڕانسدا، بە سەرپەرستیی «هێمن مەولوودی» هاوکاری دەزگای هەڵبژاردن، ئەندامانی بەشداربوو چوونە سەر سندووقی دەنگدان و دەستەی بەڕێوەبەریی نوێی کۆمیتەی ئاڵمانیان هەڵبژارد. دەستەی بەڕێوەبەریی کۆمیتەی نوێی ئاڵمان، لە یەکەم کۆبوونەوەی خۆیدا و بە زۆرینەی دەنگ «ڕەشید ڕەحمانی»ی وەک بەرپرسی کۆمیتەی گشتیی حیزب لە ئاڵمان هەڵبژارد.

## چالاکیی تەبلیغی

لە شاری گوێکتەپەی مەهاباد چالاکیی تەبلیغی بەڕێوە چوو

پێشمەرگەکانی شار لە شاری گوێکتەپەی سەر بە شاروێرانی مەهاباد، وەفاداریی خۆیان لەگەڵ حیزبی دێموکرات دووپات کردەوە و ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکراتیان لەو شارەدا هەڵ کرد.

لەو چالاکییەدا پێشمەرگەکانی شار لە گوێکتەپە، بە هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان و ئارمی حیزبی دێموکرات لە چوارڕێیانی مزگەوتی جامیعی ئەو شارە وەفاداریی خۆیان بە حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات کردەوە و هەڵوێستی توندی خۆیان دژی ڕێژیمی داگیرکەری ئێران بۆ جارێکی دیکە دەربڕیوە.

هەروەها ڕایانگەیاند: «ڕێژیمی پەت و سێدارەی ئێران لە سەرەمەرگی خۆیدایە و داوا لە خۆفرۆشان و جاشە قێزەونەکان دەکەین کە دەست لە خیانەت هەڵگرن و بگەڕێنەوە باوەشی حیزب و گەل، ئەگەر دەست لە خیانەت هەڵنەگرن لەگەڵ هەر سزایەکی حیزبی و ڕق و تۆڵەی پێشمەرگەکانی شار بەرەوڕوو دەبنەوە».

هەروەها ئەندامان و لایەنگرانی حیزبی دێموکرات لە گوندی «گەرگوولی سەروو» سەر بە شاری نەغەدە، بۆ پشتیوانی لە حیزبی دێموکرات چالاکیی تەبلیغییان بەڕێوە برد.

ڕۆڵەکانی دێموکرات بە هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە چەند شوێنی گوندەکە، پەیمانی ڕێز و وەفادارییان لەگەڵ ڕێبازی شەهیدان نوێ کردەوە.

حیزبدۆستانی دێموکرات بەڵێنیی خۆیان دووپات کردەوە کە بۆ بەڕێوەبردنی هەر جۆرە ئەرکێکی حیزبی ئامادەن.

لەلایەکی تریشەوە ئەندامانی نهێنیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەردانی گۆڕی پیرۆزی فەرماندەی قارەمان و هەرگیز نەمری حیزب و گەل شەهید «ئەسعەد موقەدەسی»یان لە چیای شاهۆ کرد.

پێشمەرگەکانی شار وێڕای سەردانی گڵکۆی پیرۆزی ئەو فەرماندە قارەمان و هەرگیز نەمرە، پەیمانی وەفاداریی خۆیان بە ڕێگا و ڕێبازی ئەو فەرماندە قارەمانەی حیزب و گەل نوێ کردەوە و بەڵێنییان دا کە هەتا سەر درێژەدەری ڕێبازی دێموکرات دەبن.

شەهید «ئەسعەد موقەدەسی» ساڵی ١٣٤٥ی هەتاوی لە بنەماڵەیەکی هەژار لە گوندی «بۆڕیەر»ی مەریوان لەدایک بووە.

شەهید «ئەسعەد موقەدەسی» ساڵی ١٣٦٧ی هەتاوی ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی هەڵبژارد و دەستی بە ئەرکی پیرۆزی پێشمەرگایەتی کرد.

شەهیدی فەرماندە «ئەسعەد موقەدەسی» کەسێکی چاونەترس و بوێر و ئازا و خۆشەویستی کۆمەڵانی خەڵک بووە و لە باری سیاسی، نیزامی و تەشکیلاتییەوە کەسێکی کارا و چالاک بووە و گەلێک بەرپرسیاریەتی وەکوو «سەرپەل، جێگرلک و فەرماندەهێز» و چەندین بەرپرسیاریی هەستیاری دیکەی بە ئەستۆوە بووە.

شەهیدی فەرماندە «ئەسعەد موقەدەسی» بە داخەوە ڕۆژی ٢٨ی پووشپەڕی ١٣٧٥ی هەتاوی لە شەڕێکی قورس و نابەرابەردا لەگەڵ داگیرکەرانی کوردستان لە چیای «شاهۆ» لەگەڵ هاوسەنگەرێکی دیکەی بە ناوی «نادر وەزیری» شەهید بوون و چوونە ڕیزی کاروانی شەهیدانی سوورخەڵاتی کورد و کوردستانەوە.

## پێشانگایەک بۆ کاری هونەری و دەستچنی ژنانی نێو شۆڕش لە «جێژنیکان» بەڕێوە چوو




ڕۆژی چوارشەممە ڕێکەوتی ١٨ی جۆزەردان، پێشانگایەک بۆ کاری هونەری و دەستچنی ژنانی نێو شۆڕش، بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەری، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکان لە «جێژنیکان» بەڕێوە چوو.

سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ساتێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد.

پاشان لەلایەن «نەسرین بابەکرزادە ئەقدەم» بەڕێوەبەری کۆمیتەی جێژنیکانەوە وێڕای بەخێرهاتنی بەشداربووان بە گشتی و هەروەها بەخێرهاتنی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکرات، دەزگای ڕێکخستن، کۆمیتەی بێستوون و هەیئەتی داوەری، چەند وتەیەکی پێشکەش کرد.

«بابەکرزادە ئەقدەم» لەسەر ڕۆڵی ژن لە مێژووی مرۆڤایەتی، گرینگیی کاری دەستیی ژنان بۆ ناساندنی کوردستان بە دونیای دەرەوە و هاوکاریی ژنان لەگەڵ پیاوان بۆ پێداویستییەکانی ژیان، بۆ ئامادەبووان دوا.

دواتر لەژێر چاوەدێریی «زیبا ساڵحی، فەریدە حەسەنزادە و حەمیدە محەممەدی» سێ کەس کە لە ڕوانگەی چاوەدێرانەوە باشترین بەرهەمیان ئامادەکردبوو بە ناوەکانی «کاڵێ محەممەدزادە، ئامین ئازەرمێهری و ئامین سولێمانپوور» وەک کەسانی یەکەم تا سێیەم هەڵبژێردران.

براوەکانی پێشانگا لەلایەن «هیوا میرزایی»ـەوە خەڵات کران؛ هەروەها لەوحی ڕێزلێنان لەلایەن «شەهرام حەمیدزادە»وە پێشکەشی داوەرەکان کرا.

ڕێوڕەسمەکە بە چاولێکردنی بەشداربووان لە بەرهەمەکانی پێشانگا، کۆتایی پێهات.

## لە جێژنیکان ڕێوڕەسمێک بۆ ڕێزگرتن لە ژنانی دەرووەست بەڕێوە چوو



ڕۆژی پێنجشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردان لە جێژنیکان، یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستانی ئێران بۆ ڕێزگرتن لە ژنانی دەرووەست و تێکۆشەری نێو شۆڕش ڕێوڕەسمێکی تایبەت بۆ ڕێزلێنان لەو ژنانە بەڕێوە برد. سەرەتای ڕێوڕەسمەکە بە سروودی نەتەوەیی «ئەی ڕەقیب» و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێ کرد. لەو ڕێوڕەسمەدا بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەرایەتی، کادر، پێشمەرگە و بنەماڵەکان بەشدار بوون.لە برگەی یەکەمدا شێعرێک لەلایەن «مێهرەبان دێهقان» پێشکەش کرا. دواتر ڕێز لەو ژنانە گیرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی شۆڕشدان و بۆ ماف و ئازادیی نەتەوەی کورد خەبات دەکەن. ئەو ژنانە هەروەها لە ڕێکخراوی یەکیەتیی ژنانی دێموکراتی کوردستاندا ئەندام بوونە. لەوحی ڕێزلێنانەکان لەلایەن «کەریم پەرویزی» ئەندامی دەستەی کارگێڕی، « شنە دروودگەر» سکرتێری یەکیەتیی ژنان، «سەیران عیزەتی» ئەندامی بەڕێوەبەریی یەکیەتیی ژنان، «مروارید مەولوودی» بەرپرسی کۆمیتەی یەکیەتیی ژنان لە جێژنیکان و «لەیلا ڕەبانی» ئەندامی یەکیەتیی ژنان، پێشکەش بەو ژنانە کرا کە ماوەی ٢٠ ساڵە لە ڕیزەکانی شۆڕشدان.

### درێژەی پەیڤ

پێکەوەبوون بکا، بەڵام لە ڕوانگەکەیدا خۆی بە شتی ڕەسەن و کۆڵەکە دابنێ و ئەوانی دی بە لق و پۆپێك کە دەتوانن بە دەوری ئەمەوە کۆببنەوە لەڕاستیدا ئەو بانگەشەی پێکەوەبوون ناکا بەڵکوو بانگەشەی لەگەڵ منبوون دەکا! ئەم بانگەشەیە ناتوانێ گوتاری ئاڵترناتیڤ بەرهەم بێنێ بەڵکوو درێژکەرەوەی هەمان گوتاری بەدرێژایی سەدەی ڕابردووە کە خۆی بە زاتێکی پیرۆز دادەنێ و ئەوانی دی تەنیا شوێنکەوتوو و دەروێشن!

بۆ ئەوەی لە بازنەی چوار دەیەی ڕابردوو دەربچین و گرووپەکانی نێو بەرەی بەربڵاوی دژ بە ڕێژیمی ئیسلامیی تاران، بتوانن چەتری کۆکەرەوە دروست بکەن، دەبێ لە ڕوانگەی بنەمایی بۆ هاوکارییەوە دەست پێ بکەین کە ئایا دەمانەوێ هاوکار بین و یەکدی وەکوو هاوهەنگاو ببینین، یان یەکێ خۆی بە کرۆکە پیرۆزەکە دەزانێ و لەسەر خێر و لوتفەوە لایەکیش لەوانی دی دەکاتەوە و ئیجازەیان پێ دەدا کە شوێنکەوتووی بن! چ نەتەوەکانی ژێر ستەم و چ هەر گرووپێکی ستەملێکراوی دیکە ناتوانن و قبووڵ ناکەن کە شوێنکەوتوو بن، بەڵکوو ئامادەی هاوهەنگاوی و هاوکاری لە بەرزییەکی هاوئاستدان.

# ئێران شامی شەریفە






شەماڵ تەرغیبی

بەشی سێهەم

### پێشەکی

ڕێکەوتی ٢٦ی دێسامبری ١٩٩١ی زایینی بەرامبەر لەگەڵ ٥ی بەفرانباری ١٣٧٠ی هەتاوی و تەنیا ڕۆژێک پاش دەست لەکارکێشانەوەی میخاییل گۆرباچۆف سەرکۆماری شۆڕەوی پێشوو، شۆرای باڵای یەکیەتیی سۆڤییەت سەربەخۆیی ١٥ وڵاتی نوێی بە فەرمی ناسی و بەمشێوەیە کۆتایی بە تەمەنی ئەم یەکیەتییە هات و ئاڵای داس و چەکوش لە کۆشکی کرێملین هێنرایە خوار.

زۆر کەس لەو کاتەدا و تەنانەت ئێستەش پێیان وایە هۆکاری ڕووخانی ڕێژیمی سۆڤیەت پرۆسەی «پێرێسترۆیکا و گلاسنۆست» یان « ڕیفۆرمی ئابووری – پێکهاتەیی و کەشی کراوە و ئازادی دەربڕین» بووە کە ئەگەر ئەمەش وەک هۆکاری بناغەیی ببینین کۆمەڵێک هۆکاری دیکەش بونیان هەبووە کە ڕەنگە بێ‌مشتومڕ هۆکاری ئایدیۆلۆژی یەکێک لە سەرەکیترینیان بێت، بۆیە لەم کورتەوتارەدا هەوڵ دەدرێت بەشێوەیەکی بەراوردکارانە دۆخی ژیانی سیاسی – کۆمەڵایەتی – ئابووریی ئێستەی ئێران لەگەڵ ئەودەمی شۆڕەوی لە سۆنگەی «نەمانی ڕەوایی»یەوە هەڵبسەنگێنین.

### هۆکاری «نەمانی ڕەوایی»

لە سەردەمی شۆڕەوی پێشوودا و بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی زاڵ و لەڕاستای مانەوە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی داسەپاودا، بە خەڵک دەگوترا ڕۆژاواییەکان بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی کاپیتالیستی و سیستمی سەرمایەداری کەوتوونەتە تەنگەژەی سیاسی و ڕەوایی و کۆمەڵایەتییەوە؛ تەنگەژەیەک کە بووەتە مایەی هەژاری و چارەڕەشی خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتانە. ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندایە کە لە ڕێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بەگشتی ڕاگەیاندنی ئەودەم ئەنجام دەدرا وەهای کردبوو کە خەڵک لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا تا ڕادەیەک باوەڕ بهێنن کە خۆیان لە نێو وڵاتێک دەژین کە هیچ گرفتێک بوونی نییە و ئەمە ڕێگای

گەیشتن بە بەختەوەری و لوتکەی ژیانی مرۆڤە؛ بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینیدا بەرەبەرە کە خەڵک پێوەندییەکانیان زیاتر و نیزیکتر بوویەوە دەیاندیت کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای ڕۆژاوا ئاستی ژیان، ئاستی ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئاستی خۆشبژێوی، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی کرێملین، بەبەراورد لەگەڵ دۆخی ژیانی خۆیان باشترە.

ئیتر خەڵکانی شۆڕەوی چاویان کرابوویەوە و سانسۆڕکردنەکانی کاگێبێ و پارازیت خستنە سەر ڕادیۆی ڕۆژاواییەکان نەیدەتوانی تینوێتی ئەوان بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی مێشکیان بشکێنێ و لە هەموو قسە و باس و هەواڵێکی بڵاوکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بە گومان بوون. خەڵک ئیتر بۆیان ڕوون دەبوویەوە کە ئەو قارەمانە مێژوویی و فەرهەنگییە (مەبەست ئایدیۆلۆژی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا و ئامرازی جێبەجێکارەکەی واتە یەکیەتیی سۆڤیەتە) کە تەنیا خەباتکاری گۆڕەپانی نەهێشتنی ناشیرینی و خراپییەکانە بەڕاستی ڕزگاریدەری ژیانیان نییە.

ئەم بارودۆخە تا دەهات زیاتر پێگە و جێگەی دەسەڵاتدارانی دەخستە لەرزە

**پێکهاتەی سیاسیی ئێران بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە ڕەوایی خۆی گرێ بدات بە ئاسمانەوە واتە بە خەڵک بڵێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستە لە ئێراندا هەیە لە فیلتێرێکی ئاسمانییەوە دەرچووە و پێملنەبوون پێی بەواتای لاساریکردن لەگەڵ خودایە. لەم نێوانەشدا بیرکردنەوە و جیهانبینیی ئێمە پیرۆزە و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری ئەم دنیا و دنیای دواتریشە کە ڕوونە ئامرازی جێبەجێکردن و بەئاکامگەیاندنی «دین»ە**

و تا دەهات زیاتر خەڵک لە دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان و ئایدیۆلۆژییەکەی دەتەکانەوە تا وای لێهات کە لە ساڵانی کۆتایی تەمەنی شۆڕەویدا ئیتر هیچ بەردەنگێکی ئەوتۆ بۆ پەیامە ڕۆژانە و حەفتانەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامە نەدەما و ئەوەیکە ببووە برێند بۆ خەڵک و بەدواداچوونی بۆ دەکرا هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێک بوو کە لە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە خۆیان دەخزاندە نێو دنیای ڕەشی شۆڕەوی.

لێرەدا پێش لەوەیکە بپرژێینە سەر بەراوردی نێوان دۆخی ئەودەمی شۆڕەوی و کەشوهەوای سیاسی ئێستەی ئێران و لەباری ڕەواییەوە لێکیان بدەینەوە پێویستە بەکورتیش بووە باسێک لەسەر گرینگیی ڕەوایی بۆ دەسەڵاتێکی سیاسی بکەین؛ چەمکی «هێزی سیاسی» (political power) یەکێک لە گرینگترین چەمکە سیاسییەکانە کە زۆر جار وەک جەوهەری سیاسەتیش ناوی لێ دەبردرێ. هێزی سیاسی بریتییە لەو هێزەی کە تاکێک یان کۆمەڵەکەسێک لە نێو کۆمەڵگادا بۆ شوێندانەری و کۆنترۆڵکردنی ژیانی تاکەکانی تر یان گرووپە کۆمەڵایەتییەکانی دیکە خاوەندارێتی دەکەن. جا ئەم هێزە کاتێک خاوەنی «ڕەوایی کۆمەڵایەتی» بوو، دەبێتە باڵادەستی، دەسەڵاتداری، بەهێزبوون، گەورەیی و میرایەتی و ئەگەر لەم ڕەواییە بەتاڵ بوویەوە دەبێتە هێزێکی بێدەسەڵات کە تێیدا نە یاسا دەور دەبینێ نە ئایدیا و لۆژیک. کاتێک کە لۆژیک، بوونی نەما و یاساش خرایە پەراوێزەوە تاکوو ئامرازەکانی سەرکوت بتوانن دەسەڵات و دەسەڵاتداران بپارێزن، توندوتیژی، گرتن، لێدان، ئەشکەنجەکردن، ئێعدام و کۆی ئەو هەنگاوانەی کە دەرهاویشتەی پرسی توندوتیژین سەر هەڵدەدەن و «ڕەوایی کۆمەڵایەتی» نەتەنیا بوونی نامێنێ بەڵکوو جێگەی خۆی دەدات بە توندوتیژی کۆمەڵایەتی. هەرچەندە توندوتیژی زیاتر ببێ هەر بەو ڕێژەیەش قەیرانی نەمانی ڕەواییش زیاتر دەبێ کە لە ئاکامدا ناسەقامگیری حکومەت زیاتر دەبێ و دەبێتە هۆی توندوتیژی زیاتر؛ بە دیوێکی تریدا توندوتیژی و نەمانی ڕەوایی حکومەتی بەردەوام خۆی بەرهەم دێنێتەوە.

لێرەدا دەگەڕێینەوە سەر ئەسڵی بابەتەکەمان و هەوڵ بۆ شەنوکەوکردنی دۆخی سیاسیی ئێران دەدەین. پێکهاتەی سیاسیی ئێران بەدرێژایی مێژوو هەوڵی داوە ڕەوایی خۆی گرێ بدات بە ئاسمانەوە واتە بە خەڵک بڵێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستە لە ئێراندا هەیە لە فیلتێرێکی ئاسمانییەوە دەرچووە و پێملنەبوون پێی بەواتای لاساریکردن لەگەڵ خودایە. لەم نێوانەشدا بیرکردنەوە و جیهانبینیی ئێمە پیرۆزە و تەنیا ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری ئەم دنیا و دنیای دواتریشە کە ڕوونە ئامرازی جێبەجێکردن و بەئاکامگەیاندنی «دین»ە.

لێرەوە دەپرژێینە سەر بەراوردکاریمان بۆ هەر دوو ڕێژیمی ئێستەی ئێران و ئەودەمی شۆڕەوی؛ وەک باس کرا لە سەردەمی شۆڕەوی پێشوودا بە بەردەوامی لە چوارچێوەی ئایدیۆلۆژی زاڵ و لەڕاستای مانەوە و هێشتنەوەی دەسەڵاتی داسەپاودا بە خەڵک دەگوترا ڕۆژاواییەکان بەهۆی زاڵبوونی دەسەڵاتی کاپیتالیستی و سیستمی سەرمایەدارییان کەوتوونەتە تەنگەژەی سیاسی و ڕەوایی و کۆمەڵایەتییەوە؛ تەنگەژەیەک کە بووەتە مایەی هەژاری و چارەڕەشی خەڵکانی نیشتەجێ لەم وڵاتانە. لە ئێرانی ئێستەشدا و بە درێژایی ٤٣ ساڵی ڕابردوودا بانگەشەی لەم چەشنە کراوە و دەکرێت کە گوایە دنیای ڕۆژاوا و لەسەرووی هەموانەوە ئامریکا، کە ئەوان بە شەیتانی گەورە ناوی لێ دەبەن، لەوپەڕی دۆشداماوی درێژە بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی دەدەن و خەڵکەکەی نارازین لە دۆخی داسەپاو بەسەریاندا و کەم ڕۆژ هەیە لەژێر ڕێنوێنی جەماران سەدان کەس لە ڕۆژاواییەکان پەیوەست بە ئایینی ئیسلام لە چەشنی دوازدەئیمامی ویلایەتی نەبن! لەوێ گەندەڵی ماڵی و ئیداری تەنگی بە خەڵک هەڵچنیوە و گەندەڵی ئەخلاقی و بێڕەوشتی گرێچنی بنەماڵە و کۆمەڵگاکانی هەڵوەشاندۆتەوە و وەک دەگوترێ «ئاداری بەسەر پادارەوە نەماوە»!

لە شۆڕەویدا ئەم بانگەشە و پڕوپاگەندایە لە ڕێگەی ڕادیۆ و ڕۆژنامە و بەگشتی ڕاگەیاندنەکانەوە ئەنجام دەدرا کە وەهای کردبوو خەڵک لە یەکیەتیی سۆڤیەتدا تا ڕادەیەک باوەڕ بهێنن کە خۆیان لە نێو وڵاتێک دەژین کە هیچ گرفتێک بوونی نییە و ئەمە ڕێگای گەیشتن بە بەختەوەری و لوتکەی ژیانی مرۆڤە؛ بەڵام لە کۆتاییەکانی دەیەی ٨٠ی زایینیدا بەرەبەرە کە خەڵک پێوەندییەکانیان زیاتر و نیزیکتر بوویەوە دەیاندیت کە لە زۆربەی وڵاتانی دنیای ڕۆژاوا ئاستی ژیان، ئاستی ئازادییە تاکەکەسییەکان و ئاستی خۆشبژێوی، بەپێچەوانەی بانگەشەکانی کرێملین، بەبەراورد لەگەڵ دۆخی ژیانی خۆیان باشترە. لێرەشدا خاڵە هاوبەشەکان زیاتر دەردەکەون. لە سەرەتای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی خومەینی، لەڕێگەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە بە خەڵک قبوڵێندرابوو کە ئەوا خودا ئێمەی ناردووە تا لە چەپەڵییەکان ڕزگارتان بکەین بەڵام ڕۆژ لەدوای ڕۆژ و بە تێپەڕینی ساڵ و مانگەکان زیاتر و زیاتر خەڵک چاویان کرایەوە و بەهاتنی سەتەلایت و ئینتێرنێت و بەربڵاوتربوونی دەسەڵاتی چوارەم خەڵک زانیان کە بەپێچەوانەی ئیددیعا و بانگەشەکانی جەماران ئەوا ئەوانن کە کەوتوونەتە نێو باتڵاق و خەڵک لە دنیای قەبێحکراوی ڕۆژاوادا لانیکەم دۆخی ژیانیان لە هی دانیشتووانی ئێران باشترە! بۆیە چیدیکە سانسۆڕکردنەکانی ئیتلاعات و پارازیت خستنە سەر ڕادیۆ و تێلیویزیۆنی ڕۆژاواییەکان نەیتوانی تینوێتی ئەوان بۆ دۆزینەوەی وڵامی پرسیارە کەڵەکەبووەکانی مێشکیان بشکێنێ و ئێستە لە هەموو قسە و باس و هەواڵێکی بڵاوکراو لەلایەن دەسەڵاتەوە بە گومانن. خەڵک ئیتر بۆیان ڕوون بووەتەوە کە ئەو قارەمانە مێژوویی و فەرهەنگییە (مەبەست ئایدیۆلۆژی ویلایەتی فەقیە و ئامرازی جێبەجێکارەکەی واتە دەوڵەتە یەک لەدوای یەکەکانی زاڵ لە تاران) کە تەنیا خەباتکاری گۆڕەپانی نەهێشتنی ناشیرینی و خراپییەکانە بەڕاستی ڕزگاریدەری ژیانیان نییە.

ئەم بارودۆخە وای کردووە کە هەنووکە زیاتر لە هەر کاتێک پێگە و جێگەی دەسەڵاتدارانی تاران کەوتووەتە لەرزە و تا دێت زیاتر خەڵک لە دەسەڵاتە داسەپاوەکەیان و ئایدیۆلۆژییەکەی دەتەکێنەوە بەچەشنێک کە لە ئێستەدا ئیتر هیچ بەردەنگێکی ئەوتۆ بۆ پەیامە ڕۆژانە و حەفتانەکانی ڕادیۆ و تەلەفزیۆن و ڕۆژنامەکانی جەماران نەماوە و ئەوەیکە بووەتە برێند بۆ خەڵک و بەدواداچوونی بۆ دەکرێ هەواڵ و ڕاپۆرتگەلێکن کە لە وڵاتانی سەرمایەدارییەوە (یان وەک سەرانی ڕێژیم دەڵێن لە شەیتانی گەورەوە) خۆیان دەخزێننە نێو دنیای ڕەشی ئێران؛ کە کۆی ئەم فاکتەرانە دەری دەخەن کۆماری ئیسلامی خاوەنی

**کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!**

### کۆبەند:

بەم هۆکارانەی باس کران و ئەو بەراوردکارییەی کە لە سەرەوە کرا، هیچ بە دوور نابیندرێت کە داهاتووی ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئاخوندی هەمان سیناریۆ بێت کە شۆڕەوی پێشووی گرفتار کرد؛ کۆماری ئیسلامی تەنیا و تەنیا لە چوارچێوەی بیری ئایدیۆلۆژیکی ویلایەتی فەقیە و بۆ مانەوەی خۆی هاوشێوەی ئایدیۆلۆژی کۆمۆنیزمی سۆڤیەت هەوڵ دەدات و لەم نێوانەدا نە برسیەتی خەڵک، نە بێماڵی ئەوان، نە ویستی دنیای دەرەوە و نە هیچ پرسێکی تر گرینگی نییە بۆی کەواتە سروشتی دێتە بەرچاو کە دەبینین خەڵک لە برسان دەمرن و دەسەڵاتیش بە پانەوە درۆ دەکات و دەڵێ ئێران شامی شەریفە!

# دەرکەوتە و لێکەوتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی

شاهۆ حسەینی



**لەبری پێشەکی**

دواییـن لێدوانەکانی ڕەزا پاڵەوی لەسەر نارەزایەتییەکانی ئێران لێدوان و دژکردەوەی جیاوازی لێکەوتەوە، بێگومان ئێمە وەک کورد دەکرێ ڕوانگەیەکی تایبەتمان هەبێت لەسەر ئەو لێدوانە. بۆ تێگەیشتن لە ناوەڕۆکی ڕوانگە و ئەندێشەکانی ڕەزا پاڵەوی بێگومان پێویستە سەرچاوەی هزری و ئایدیۆلۆژیکی ئەو ڕوانگە و ئەندێشانە دەربخرێن، دەرکەوتنی سەرچاوەی هزری و ئایدیۆلۆژیکی هەر مرۆڤ و ڕێکخراوەیەک دەتوانێ ببێتە بنەمایەکی شیاو و جێگای متمانە بۆ پێشبینی دەرکەوتە و لێکەوتەکانی سیاسی لە داهاتوودا. ئەوەی لە مێژووی سیاسی هاوچەرخی ئێراندا دەبیندرێت سێ ئایدیۆلۆژی و ڕوانگەی جیاوازن وەک تەوەرە و ڕێکخەری بزاڤە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان. یەکەم نەتەوەخوازی ئێرانی (سەڵتەنەتخوازەکان، مەشرووتەخوازەکان و کۆماریخوازەکان)، دووهەم مارکسیزم (تودە، مائۆئیستەکان، حێکمەتیستەکان و هەندێ لە چریکەکانی فەدایی خەلق)، سێهەم ئیسلام ( کۆماری ئیسلامی بە هەر دوو باڵی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخواز، میللی-مەزهەبی). ئەم سێ ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ ئەوەدا لە ڕوانگە و ئامانجدا ڕەنگە جیاوازی زۆریان هەبێت، بەڵام وێکچوویەکی گرینگیان هەیە، ئەویش پاوانخوازێتی کلتووری، کۆمەڵایەتی و سیاسییە بە کەڵکوەرگرتن لە دیاردە کۆمەڵایەتی و کلتوورییەکانی نەتەوەی فارس، واتە هەموویان خاوەنی جەوهەری نەتەوەخوازی ئێرانین.

**ناسیۆنالیزمی ئێرانی:**

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە ڕواڵەتی وشەدا چەمکێکی دەسکردی داهێنراو و داتاشراوە بە مەبەستی نیشاندانی یەکگرتوویی هەموو ئەو نەتەوانەی لەناو ژێئۆپۆلیتیکی ئێراندا دەژین کە وەک قەوم پێناسە دەکرێن لە خزمەت بەرژەوەندی و پاراستنی هێژمۆنی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کلتووری نەتەوەی باڵادەستی فارس. لەڕاستیدا ئایدیۆلۆژی دەسەڵات، پاشایەتی و سەروەری فارسە بەسەر نەتەوەکانی تردا. ناسیۆنالیزمی ئێرانی سەرەتا ئایدیۆلۆژییەک بوو بۆ دژایەتی هەڕەشەکان و هێرشەکانی هێزە دەرکییەکانی وەک ڕووسیا و بەریتانیا بۆ سەر ئێران، بەڵام لەپاش دەرکەوتنی ڕەزاخان و دەسەڵاتی شێوەمۆدێڕن بوو بە ئایدیۆلۆژی سڕینەوەی ئەویتری غەیرەفارس لە نێو فارسدا. بەم شێوەیە پان ئێرانیزم وەک ئایدیۆلۆژی دەرکەوت. ئەم چەمکە یەکەم جار لەلایەن مەحموودی ئەفشاری یەزدی لە ساڵی ۱۹۲۰ بە لاسایکردنەوە لە پان عەرەبیزم و پان تورکیزم بە مەبەستی پاراستنی تەواوییەتی ئەرزی ئێران و بەربەرەکانی لەگەڵ هەڕەشەکان بۆ سەر دەسەڵات، پاوانخوازێتی و هێژمۆنی خودی فارس دەرکەوتووە. سەرنجێکی کورت بۆ سەر پان عەرەبیزم و پان تورکیزم دەریدەخات کە ئەم دوو ئایدیۆلۆژییە بۆ دژایەتی لەگەڵ نەتەوەخوازی کوردی، پێشگرتن بە سەربەخۆیی کوردستان، ملکەچکردن و تواندنەوەی کورد لەنێو نەتەوەکانی عەرەب و تورک لە عێراق، سووریا و تورکیا بەرهەم هاتووە. بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئێرانیش بەشێکی کوردستانی داگیر کردووە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمڕا بە تایبەتی بزاڤەگەلێکی نەتەوەخوازانە لەم پارچەیە لە کوردستان سەری هەڵداوە، پان ئێرانیزم دژکردەوەیەک بەدژی نەتەوەخوازی کوردی و نەتەوەخوازی کەمینەکانی‌تری نێو ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بووە بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و ئەوانی‌تر لەنێو شوناسێکی دەسکرد و جەعلیدا.

ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەخۆگری چەند کۆڵەکەی گرینگە کە لەڕێی ئەوانەوە هێژمۆنی فارس دەسەپێنێت و پەرەی پێ دەدات. یەکێک لەم کۆڵەکانە زمانە، واتە فارسی کە زمانی نەتەوەی فارسە وەک زمانی نەتەوەیی ئێرانی مسۆگەر دەکات و پێش دەگرێت بە پەرە و دەرکەوتنی هیچ زمانێکی‌تر. دیارە زمان نەتەنیا کەرەستەیەکی ڕواڵەتی بۆ پێوەندی گرتن نییە، بەڵکوو کارتێکەری هەیە لەسەر چلۆن بیرکردنەوەی مرۆڤ، واتە کاتێک مرۆڤ زمانی نەتەوەیی و دایکی فێر دەبێت، هاوکات لەگەڵ ئەوە، کردەوەگەلێکی هزری تایبەتیش کە زایەڵەی ژینگەی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی خۆیەتی فێری دەبێت، بەجۆرێک کە ئەو کردەوەگەلە هزرییە کارتێکەری گرینگ و قوڵیان هەیە لەسەر ئەزموونەکانی مرۆڤ لەمەڕ جیهانی دەورووبەر. کەواتە دەشێ بگوترێ کە زمان هەر لە منداڵییەوە کارتێکەری هەیە لە سەر هزر، ڕوانگە، هەست، ئەزموون و بیرەوەرییەکانی مرۆڤ. هەر بۆیەش پان ئێرانییەکان لەڕێی سڕینەوەی زمانی نەتەوەکانی‌تر و سەپاندنی زمانی فارسی بەر نەتەوەکانی‌تر هەوڵی پێشگرتن بە پەرەی هەستی نەتەوەیی و جیاوازبوون لەگەڵ فارسەکان دەدەن، بەهۆی ئەوەکە زمان کارتێکەری قوڵی هەیە لەسەر بەرهەمهاتن و دەرکەوتنی باوەڕ، بەها، نۆرمگەلێکی کۆمەڵایەتی و ئایدیۆلۆژی لەنێو مرۆڤدا.

یەکێکی‌تر لە کۆڵەکە گرینگەکان تەوەربوونی نەتەوەیی فارس و پەراوێزبوونی نەتەوەکانی ترە لەڕێی سەپاندنی زمانی فارسی، بەها، نۆرم و ئایدیۆلۆژی نەتەوەی فارس لەلایەک و لەلایەکی‌تر لەباری ئابوورییەوە پەراوێزخستنی نەتەوە غەیرەفارسەکان و هەوڵ بۆ پەرەئەستاندوویی پارێزگاکانی سەر بە فارسەکانە، بۆوێنە خوزستان لەگەڵ ئەوەدا خەزینەی ئابووری ئێرانە بەڵام عەرەبەکان لەوپەڕی هەژاردا دەژین، یان کوردستان و بەلووچستان لەگەڵ ئەوەدا پەرەنەستاندووترین پارێزگاکانی ئێرانن، بەڵام فارس، ئیسفەهان، تاران، مەشهەد و....هتد دەوڵەمەندترین پارێزگاکانی ئێرانن. یەکێکی‌تر لە کۆڵەکە گرینگەکان هێژمۆنی سیاسی و حاکمبوونی نەتەوەی فارسە، واتە دەسەڵاتی سیاسی بەردەوام بۆ نەتەوەی فارس مسۆگەر بووە.

**بنەما نەزەرییەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی:**

ئاخۆ دەشێ ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک قوتابخانەیەکی هزری یان فۆڕمێک لە ئەندێشەی فەلسەفی پێناسە بکرێت؟ بۆ تێگەیشتن لەم مەسەلەیە و بۆ گەیشتن بە وڵامێکی گونجاو بەم پرسیارە پێویستە ڕەچەڵەکی هزری سیاسەت لە ئێران دیاری بکرێت. لەڕاستیدا ڕووبەڕووبوونەوەی ئێرانییەکان لەگەڵ مۆدێرنیتە و جیهانی ئەندێشەی مۆدێرن ڕووبەڕووبوونەوەیەکی ڕواڵەتی و فۆرمالیتانەیە، واتە ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ڕواڵەت، فۆڕم و پێکهاتەی ڕواڵەتییە، بەبێ ئەوەیکە سرنجیان دابێتە ناوەڕۆک، فەلسەفە و ئەندێشەی بەرهەمهێنی ئەم فۆرم و ڕواڵەتانە. ناسیۆنالیزمی ئێرانی هەر بەو پێیە ڕەوانگەگەلێکی بەربڵاو و جیاواز لە دژەکەمینە نەتەوەییەکانی نێو ئێران، هەتا دژەبێگانە، دژەئایین و دژەدێموکراسی لەخۆدەگرێت کە وێکچوویی هەموویان هەوڵ بۆ بە دەسەڵات ڕاگەیشتن و پاوانکردنی دەسەڵاتە، لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەر لەوەکە لەخۆگری ڕوانگەیەکی هزری و بەرهەمهێنی زەینێک لەمەڕ مرۆڤ وەک خود، کۆمەڵگا وەک نەتەوە و ئەویتر وەک غەیرییەت بێت، دژایەتی و دوژمنایەتییەکە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە وەک مەترسییەک بۆ سەر هێژمۆنی و دەسەڵاتی «من» دەبیندرێن. هەر بۆیەش بە هۆی ئەو ئاڵۆزی و بشێوییەوە، دیاریکردن و دەستنیشانکردنی بنەمای نەزەری و تێئۆریکی بۆ ناسیۆنالیزمی ئێران هەتا ئێستاش نەگونجاوە. ڕەوەو دەسەڵات هەوڵدان و ڕوو لە دەسەڵات هەنگاونان وای کردووە کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیک بەخۆیەوە بگرێت. ئەم ئایدیۆلۆژییە لەگەڵ جیاوازی لە مانا و ڕوانگەدا بەڵام یەک تایبەتمەندی تەوەرەیی هەیە ئەویش گەوهەرخوازێتی، زاتباوەڕی ئەم ئایدیۆلۆژییەیە، بەجۆرێک کە ئەم ئایدیۆلۆژییە تایبەتمەندییەکانی مرۆیی و کۆمەڵایەتی نەک وەک دیاردەیەکی سترۆکتوراڵ کە وەک دیاردەگەلێک و تایبەتمەندیگەلێکی گەوهەری و زاتی تاک و نەتەوەی ئێرانی فەرز دەکات کە هەر لە کۆنەوە و لە مێژوودا ئەم زات و گەوهەرەی لەگەڵدا بووە، واتە ناسیۆنالیزمی ئێرانی دوو تایبەتمەندی گرینگی هەیە وەک ئایدیۆلۆژی بۆ مسۆگەرکردن، پاراستنی هێژمۆنی و بەردەوامی دەسەڵاتەکەی کە بریتین لە گەوهەرخوازی و ئاراکائیزم. لەڕاستیدا ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەڕێی گەوهەرخوازی هەوڵی سەپاندنی بەها، نۆرم و تایبەتمەندییەکانی فارس وەک بەها، نۆرم و تایبەمەندی نەتەوەیی هەموو بوونەکانی نێو ئێران دەدات بە مەبەستی یەکدەست و یەکپارچەکردنی هەمووان، دووهەم لەڕێی کۆنینەخوازی (ئارکائیزم) هەوڵی بە مێژوویی کردنی ئەم ڕەوتە دەدات بە مەبەستی دژایەتی، بەرپەرچدانەوە و سڕینەوەی هەرجۆرە دژکردەوەیەک لەگەڵ سەروەری، هێژمۆنی و دەسەڵاتی خودی فارسی.

**دەرکەوتەکان و لێکەوتەکانی ناسیۆنالیزمی ئێرانی:**

تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک نیزامێک لە باوەڕ، ئاگایی، نۆرم و ڕوانگەی بەرهەمهاتوو لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤی سووژە لەلایەن دەسەڵاتخوازەکان، دەسەڵاتەکان و ئیدئۆلۆگەکانی سەر بە دەسەڵات بەستێنێکی هزری و مەعریفی ڕەخساندووە بۆ دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی شێوەمۆدێرن لە ئێران کە لەخۆگری ئەو تایبەتمەندییانەیە: مۆنۆلۆگ، پاوانخواز، دژەپلۆرالیزم، دژەدێموکراسی و دژەمۆدێڕنیتە. ئەم ئایدیۆلۆژییە لە ئێران بەرهەمهێنی حکوومەتی سەرەڕۆ، دیکتاتۆر و پاوانخواز بوو، بە بەردەوامی هەوڵی سڕینەوەی جیاوازییەکان، فرەییەکان و ئەویتری داوە، بە مەبەستی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگا، کلتوور و نەتەوەیەکی یەکدەست لەڕێی دەسەڵاتێکی سانتراڵ و پاوانخواز. دەسەڵاتی پاڵەوی وەک سەرچاوە و پەرەپێدەری ئەم ئایدیۆلۆژییە لەماوەی حکوومەتی ڕەزاشا و حەمەڕەزاشا بە بەردەوامی لەگەڵ هەرجۆرە دەرکەوتنی شوناسێکی جیاواز لەگەڵ شوناسی بەرهەمهاتوو لەلایەن ئایدیۆلۆژی دەسەڵاتەوە بەربەرەکانێی دەکرد، سیاسەتەکانی ئەم بنەماڵەیە لە ماوەی حوکمڕاندا هەوڵ بۆ سەپاندنی زمانی فارسی وەک زمانی نەتەوەیی و لەناوبردنی زمان و بەو پێیەش ئەندێشە و هزرە جیاوازەکان، سەپاندنی شوناسێکی نەتەوەیی دەسکرد و هەوڵ بۆ سڕینەوە و لەناوبردنی شوناسە جیاوازەکان و بەرهەمهێنانی دەسەڵاتێکی سانترالیستی قەتیسکراو لەناو بازنەی نەتەوەی فارسدا بوو بەبێ شەرعییەتی دێموکراتیک لەڕێی هێزی نیزامی و جەبری سەرنێزە. ئەم کلتوورە لە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیشدا دووپات و بەردەوام بۆتەوە.

**کۆتاوتە:**

ڕەزا پاڵەوی لە وەهمی خۆی و سەڵتەنەتخوازەکاندا ئێستا خۆی بە میراتگری دەسەڵاتی پاڵەوی دەزانێت، ئەمڕۆکە وەک کەسایەتی بەرچاوی لایەنگرانی سەڵتەنەتخوازی و مەشرووتەخوازی لە دەلاقەی ئەم ئایدیۆلۆژییەوە واتە ناسیۆنالیزمی ئێرانی خوێندنەوە بۆ ڕووداوەکانی ناوخۆی ئێران، داهاتووی سیاسیی ئێران و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵایەتی و کلتووری ئێران دەکات.

ڕەزا پاڵەوەی لە دەلاقەی پانئێرانیزمدا هەوڵ دەدات کە دەسەڵاتی پاشایەتی لەڕێی خۆسەپاندن بەسەر نارەزایەتییەکانی ئێران و مووسادرەی ئەم نارەزایەتییانە زیندوو بکاتەوە، تا بەم شێوەیە لەڕێی حکوومەتێکی پاشایەتی پاوانخواز گەشەی ئابووری بە ئێران بدات، یەکپارچەیی سەرزەوینی ئێران بپارێزێت و بە خەیاڵی خۆی شکۆی مێژوویی و نەتەوەیی لەدەستچووی ئێران بگەڕێنێتەوە. ئەوەی بەراستی وەک مەترسییەک لە ئاسۆی سیاسیی ئێراندا دەبیندرێت ئەوەیە کە هیچ کام لە هێزە سیاسی و سەرانسەرییەکانی ئێران هیچ گوتار و ئایدیایەکیان بۆ دێمۆکراتیزەکردن و سەرخستنی ڕەوتی دێمۆکراتیزاسیۆن لە ئێران نییە، هەموویان بەگشتی بەبێ ئەوەیکە پەرە بە کەسایەتی و زەینی تاکێتی و مەدەنی لە ناو تاک و کۆمەڵگادا بدەن بەمەبەستی بەرتەسککردنەوەی بەستێنی سیاسی، دەرخستنی دەسەڵاتێکی وڵامدەر و دەروەست بە کۆمەڵگای مەدەنی، هەوڵ دەدەن دەسەڵاتی خۆیان مسۆگەر بکەن و پاوانی بکەن تا بتوانن لە غیابی تاکێکی سوبژە و ئاگا، کۆمەڵگایەکی مەدەنی پەرەئەستاندوو و بەهێز، هێزی بێسنووری خۆیان بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێنن، لەڕێی هێزی نیزامی و سەرنێزە لە داهاتوودا بەرەنگاری هەر جۆرە شوناسخوازییەک، مافخوازییەک و ئازادیخوازییەک ببنەوە. بە کورتی دەشێ بگوترێ کە ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەڕەوتی مێژوویی خۆیدا هەتا ئێستاش ئایدیۆلۆژی دەسەڵات بە مەبەستی پەرە، هێژمۆنی و بەردەوامی خۆی بووە و هیچ کات هیچ ڕوانگە، هەست و هەوڵێکی بۆ پەرەی فرەیی، ئازادی و دێموکراسی نەبووە، بۆیەش گرینگترین لێکەوتەی ئەم دەرکەوتەیە، کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو، قەڵشگەلێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ و بشێوییەکی بەرفراوان لەناو کۆمەڵگادا بووە.

> **بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە ئێرانیش بەشێکی کوردستانی داگیر کردووە و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمڕا بە تایبەتی بزاڤەگەلێکی نەتەوەخوازانە لەم پارچەیە لە کوردستان سەری هەڵداوە، پان ئێرانیزم دژکردەوەیەک بەدژی نەتەوەخوازی کوردی و نەتەوەخوازی کەمینەکانی‌تری نێو ژێئۆپۆلیتیکی ئێران بووە بە مەبەستی تواندنەوەی نەتەوەی کورد و ئەوانی‌تر لەنێو شوناسێکی دەسکرد و جەعلیدا**

> **ناسیۆنالیزمی ئێرانی بەر لەوەکە لەخۆگری ڕوانگەیەکی هزری و بەرهەمهێنی زەینێک لەمەڕ مرۆڤ وەک خود، کۆمەڵگا وەک نەتەوە و ئەویتر وەک غەیرییەت بێت، دژایەتی و دوژمنایەتییەکە لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە وەک مەترسییەک بۆ سەر هێژمۆنی و دەسەڵاتی «من» دەبیندرێن**

> **تایبەتمەندی ئایدیۆلۆژیکی ناسیۆنالیزمی ئێرانی وەک نیزامێک لە باوەڕ، ئاگایی، نۆرم و ڕوانگەی بەرهەمهاتوو لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤی سووژە لەلایەن دەسەڵاتخوازەکان، دەسەڵاتەکان و ئیدئۆلۆگەکانی سەر بە دەسەڵات بەستێنێکی هزری و مەعریفی ڕەخساندووە بۆ دەرکەوتنی دەسەڵاتێکی شێوەمۆدێرن لە ئێران کە لەخۆگری ئەو تایبەتمەندییانەیە: مۆنۆلۆگ، پاوانخواز، دژەپلۆرالیزم، دژەدێموکراسی و دژەمۆدێڕنیتە**

> **ناسیۆنالیزمی ئێرانی لەڕەوتی مێژوویی خۆیدا هەتا ئێستاش ئایدیۆلۆژی دەسەڵات بە مەبەستی پەرە، هێژمۆنی و بەردەوامی خۆی بووە و هیچکات هیچ ڕوانگە، هەست و هەوڵێکی بۆ پەرەی فرەیی، ئازادی و دێموکراسی نەبووە، بۆیەش گرینگترین لێکەوتەی ئەم دەرکەوتەیە، کۆمەڵگایەکی لێکدابڕاو، قەڵشگەلێکی کۆمەڵایەتی ئەکتیڤ و بشێوییەکی بەرفراوان لەناو کۆمەڵگادا بووە**

## دیار زاگرۆس

# من چە ئوێشم تەمووره چە ژەنێد



پژمان شەریعەتی

لەم سەردەمەدا مرۆڤایەتی بە ئاستێک لە زانیاری گەیشتووە و کەرەستەکانی بەردەستی ئەوەندە پێشکەوتوو بوونە کە ناتوانی لەگەڵ هیچ سەردەمێک لە مێژوودا هەڵسەنگاندنی بۆ بکەیت؛ پەیوەندییەکان ئاڵوگۆڕی قوڵ و زۆریان بەسەردا هاتووە و تاکەکان لەگەڵ کۆمەڵ و کۆمەڵ لەگەڵ تاک، هەروەها تاک لەگەڵ تاک لە پەیوەندییەکی بێ‌پسانەوەدان و تەنانەت پێشکەوتنی زەینی مرۆڤەکان لە ئاستێکدایە کە پەیوەندی دەروونیش وەکوو جاران نەماوە. ئەم دۆخە کە لە ئێستادا بوونی هەیە، بووەتە هۆکاری ئەوەیکە سەرەڕای پێشکەوتنی بەرچاوی زانست و تێکنۆلۆژی، ڕۆژ لەدوای ڕۆژیش دەستپێڕاگەیشتن بە کەرەستەکان ئاسانتر بووەتەوە و لەم نێوانەدا مرۆڤایەتی نەتەنیا ئۆغر ناگرێت و قەناعەت ناهێنێت بەڵکوو داخوازییەکانی زۆرتر دەبن. نیاز سەرەکیترین هۆکارە بۆ خوڵقاندن و پێکهێنانی ئەندێشە و کەرەستە و پیشە و ...هتد، هەتا دونیاش پێشکەوتنی زیاتر بە خۆیەوە دەبینێت نیازەکان زۆرتر دەبنەوە و گوشارەکان بۆ سیستەمەکان و دەسەڵات فۆرمی نوێ بە خۆیانەوە دەگرن.

بە لەبەرچاوگرتنی پرۆسەی پێکهێنانی هێز و دەستەبەسەرداگرتنی تێکنۆلۆژی و وزە لەلایەن هەندێک تاک و دەسەڵات بۆ کۆنترۆڵ و چاودێری بەسەر تاکەکان و جیهان، حکوومەتەکان بە دوو دەستە دابەش دەبن، ئەو سیستەمە دێمۆکراتیکانە کە هەوڵ دەدەن بۆ وڵامدانەوە و جێبەجێکردنی داخوازیی خەڵک و ئەو سیستەمە دیکتاتۆریانە کە نەتەنیا وڵامدەر نین بەڵکوو ڕێگرن و لە هەوڵدان تاکوو هەموو بەشەکانی ژیان لە ئیختیاری خۆیاندا بێت. ئێمەی کوردیش کە بە هۆی ئەندێشە و سیستمێکی کۆلۆنیالیستی خاون کیان و دەسەڵاتی خۆمان نین، لە سەدەی ڕابردوودا بەردەوام لە ژێر دەسەڵاتی سیستەمە دیکتاتۆرییەکان بووینە و هەین و وەکوو هەموو مرۆڤایەتی لە جیهاندا داخوازیمان هەیە، بەڵام لە وڵامدا هەمیشە لەگەڵ سەرکوت و کوشتن و بڕین بەرەوڕوو بووینەتەوە.

لێرەدایە کە پەیوەندی نێوان خەڵک و دەسەڵات تووشی گرفت دەبێت، هەروەک ئاماژەی پێکرا بۆ بەشەکانی پەیوەندیی، پەیوەندیی خەڵک لەگەڵ دەسەڵات بووەتە یەکێک لە بەربڵاوترین پەیوەندییەکان لە جیهان و هەتا دێ بە گۆڕینی سیستەمەکان هەوڵ دەدەرێ ئەو پەیوەندییە نزیکتر ببێتەوە، بەڵام ئێمەی کورد بەهۆی وڵامنەدانەوە و پەیوەندیی یەکلایەنە بە تەواوەتی لەگەڵ دەسەڵاتی زاڵ بەسەر وڵاتەکەماندا دوور کەوتووینەتەوە.

مێژووی سەدەی ڕابردوو بە باشی نیشانی دەدات کە کورد چەندە بە پرەنسیپ و بە ئەندێشەیەکی مرۆڤتەوەرانە و ئاشتی میحوەر، هەوڵی داوە پەیامەکان و داخوازییەکانی بە گوێی دەسەڵات بگەیەنێت، کە بەداخەوە بە ژینۆساید وڵامی دراوەتەوە و زۆربەی داخوازییەکانی بە تەواوەتی حاشای لێکراوە و کورد تووشی شەڕی نەخوازراو بووە.

هیچکام لە ڕێکارە فەلسەفی و ئەندێشەییەکانی پێشنیارکراوی کورد لە سەدەی ڕابردوو بۆ سەقامگیری و پێشکەوتن لە جوغرافیای ئێران ڕەچاو نەکراوەتەوە و جێگیر نەبوونە، ئەمەیش وایکردووە کە چیدیکە کورد باوەڕی بە هەر چەشنە دەسەڵاتێکی ناوەندگەرا نەمێنێت و بۆ دابەشبوونی دەسەڵات و هێز لە ئێراندا تێبکۆشێ کە لە ئێستادا تەنیا چارەسەرە.

ئەو ئێرانەی کە دەسەڵاتدارانی ناوەندگەرا بە عەقڵیەتێکی فاشیستی و سیستمێکی کۆلۆنیالیستییەوە باسی لێوە دەکەن، لەگەڵ ئەو ئێرانەی کە منی کورد ناوی دەبەم یەک نین و زۆر جیاوازن، ئێرانی ئەوان یەک نەتەوە و یەک زمانە و هەموو هێز و وزە، داهات و سەرچاوەکانی یەک خاونی هەیە و یان دەبێت نوێنەری خودا خاوندارییەتی لێ بکات یان وەک میراتی تەختی شاهی بدرێت بە بنەماڵەیەک.

ئێرانێک کە منی کورد ناوی دەبەم، جوغرافیایەکە کە سنوورێکی سیاسی بە هۆی داگیرکاری و شەڕ بۆ دیاری کراوە و پێکهاتووە لە چەند نەتەوە کە هەموویان مافی دیاریکردنی چارەنووسی خۆیانیان هەیە چ لە ڕێگای سەربەخۆیی بێت چ بە سیستیمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ بێت کە هەموو نەتەوەکان لە دەسەڵاتدا بەشدار بن.

لەڕاستیدا ئەو ئێرانەی کە ئێمە باسی دەکەین، بوونی نییە و وەکوو ڕێکارێک دەبیندرێت و هەوڵی بۆ دەدرێت و ڕەنگە بەهۆی هەلومەرج و گۆڕانی ستراتژییەکان و نەزمی نوێی جیهانی هیچکات پێک نەیەت.

لێرەدایە کە دەبێ بڵێین «من چە ئوێشم و تەمووره چە ژەنێد» بەو واتایە کە ئەوەی ئێمە باسی دەکەین و ئەوان باسی دەکەن زۆر جیاوازە و هیچ پەیوەندییەک و هیوایەک بۆ لە یەک تێگەشتنی عەقڵیەتی دێموکراتیکی کورد و عەقڵیەتی فاشیستی داگیرکەران بوونی نییە.

# شۆڕەکانی «زانستگا» و «قوتابخانەکان» و هەڵپەرتاوتنی باڵی «گەشە»



سندووس

زانستگا لە هەر وڵاتێکدا، مێشکی خوڵقێنەر و داهێنانی زانست و بێشکەی مانادار خاوەنبەهرە و بناخەی گەشەی هەمەلایەنەیە. لە زانستگادا جگە لە پتەوکردنی بنەما مەعریفییەکان، سەرمایە مرۆڤییەکانیش پەروەردە دەکرێن و ڕەوانەی بازاڕ و شوێنە جیاجیا و ناوەندەکانی بەرهەمهێنان دەکرێن و وەک ژێرخانی گەشەی ئابووری - زانستی دەتوانن کاریگەریتی لەسەر گەشەی فرەڕەهەندی هەر وڵاتێک دابنێن. دەمێکە لە زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتووی جیهاندا بەتێچووی پەروەردە و بارهێنان لە گشت قۆناغەکانی خوێندن دەوترێ سەرمایەگوزاری و هیچکات بە تێچووی ماددیی پێناسە ناکرێت.

پێوەر بۆ هەڵسەنگاندن و دیاریکردنی هەڵکەوتە لە هەر وڵاتێکدا، ڕادەی داهێنان و خاوەنبەهرەبوونی خۆی و زانستگاکانن؛ هەربۆیە هیچ بابەتێکی جیا لە زانست، ناکرێتە هەوێنمایە و ماکی هەڵسەنگاندن. دین، مەزهەب و بابەتە شەخسییەکان کاریگەرییان لەسەر بەرهەمهێنەرە فکری و هزرییەکان کەمڕەنگ و بەهیچ شێوەیەک ناکرێنە هۆکاریی دابڕینی هەڵکەوتەکان لە شوێنە زانستییەکان بەڵام لە ئێرانی ژێردەسەڵاتی ئاخوندیدا، خاڵی هەرەگرینگ بۆ بژاردەکردنی خوێندکار، ڕادەی بەستراوەیی بە دەسەڵات و قۆچکی نیزام واتە «وەلی فەقیە»ـە، «وەلی فەقیە»ێک کە لەگەڵ بابەتە زانستییەکان نامۆیە و زانست، لەگەڵ پاشخانی فکریی ئەودا ناهاوتەریبە.

لێرە تەواوی بابەتە زانستییەکان بە پێوەری ئایدیۆلۆژییە دەمارگرژ و پاشڤەخوازەکان لە مەحەک دەدرێن، هەر بۆیە لەم وڵاتەدا جێی هەڵکەوتە و زانایانی بوارە جیاجیاکان نابێتەوە، یان لەگەڵ ئایدیۆلۆژی دەسەڵات دەکەونە بەریەک و دەخرێنە کونجی بەندیخانەوە، یان ڕێگەی تاراوگە دەگرنەبەر و لە وڵاتێکدا کە بەها مرۆییەکان بەرز دەنرخێندرێن، دەگیرسێنەوە. لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا ٦ هەزار پزیشک و پەرەستار لە ئێران بەرەو ئامریکا و ئورووپا کۆچیان کردووە. هەروەها لە ٨٦ هەڵکەوتەی بیرکاریی ٨٢یان هەڵاتوون و لە هەندەران گیرساونەتەوە و ٢ کەسیان لە زینداندان و تەنیا ٢ کەس لە نێوخۆدا ماونەتەوە! ئەوە لە کاتێکدایە خامنەیی وەکوو ڕێبەری نیزامی ئاخوندیی بەپێی عادەتی چەندین ساڵەی، ناوی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی ناوە ساڵی «بەرهەمهێنانی زانستتەوەر»! چەمکی ئابووری و بەرهەمهێنانی زانستتەوەر بۆ یەکەمجار لە لایەن «پیتێر دراکێر»ەوە کەڵکی لێوەرگیراوە. لەم بۆچوونەدا بەرهەمهێنان و کارکردی زانست، بە سەرچاوەی سەرەکی پشکووتنی سامان دێنەئەژمار. کارایی ئەم شێوە ڕوانینە بۆ بەرهەمهێنان و گەشەی ئابووری پێویستی بە ڕوانینێکی «پاشانە» هەیە کە «زێدەبایی» هەڵکێشێت و زانست و بەرهەمهێنان زانستە. ڕوانینی دوژمنانە سەبارەت بە شوێنە زانستییەکان کارێک دەکات کە ئاستی زانستیی قوتابخانە و زانستگاکان بەشێوەیەکی زۆر دابەزێت و نەتوانن کێبڕکێیەکی لۆژیکی لەگەڵ زانستگا و شوێنە زانستییەکانی دەرودراوسێ و وڵاتانی‌تر بکەن. دۆخی زانستگا، قوتابخانە و تەواویی بنکە فکرییەکان لە ئێرانی ئاخوندیدا ڕۆژبەڕۆژ خراپتر و بەرەو قەیرانی هەمەلایەنەی زیاتر دەڕوات، مامۆستایانی قوتابخانە لە هەر وڵاتێکدا حورمەتی تایبەتی خۆیان هەیە و ناهێڵن بکەونە بەر تەوژمی سووکایەتی، برسییەتی و بێ‌یاساییەوە، کەچی دوای ئەو هەموو سووکایەتییەی لە لایەن سیستمی داپڵۆسێنەرەوە پێیان دەکرێ، کاتێک بە نیشانەی نارەزایەتی هێمنانە دڕژێنە سەر شەقامەکان، لێک گرێ بدات، نەک تێفکرینی «پێشانە»ی ئایدیۆلۆژیکتەوەر کە سەرچاوەی هەڵهێنجانی تەواوی چەمکە فکرییەکان دەخاتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە و بڕستیان لێ‌دەبڕێت! ئەوەی لە سەر دروشمەکانی خامنەیی دەمێنێتەوە تەنیا تێچووی بەنێر و ڕێگەخۆشکردن بۆ دووڕوویی، دزی و گەندەڵی زیاتر بۆ خۆی و تاقمە کۆنەپەرستەکەیەتی و زیاتر بارگرانی دەخاتە سەر ژیانی کۆمەڵانی خەڵک. کاتێ باوکی مەعنەویی ئەم تاقمە گەمژەیە، واتە خومەینی، ئابووری بۆ ئاژەڵان و مەترسی زانستگای لە مەترسی بۆمبی هێشوویی بەگەورەتر دەزانێ! چۆن مرید و شوێنکەوتەکانی دەتوانن ئابووری و بەرهەمهێنان، لەگەڵ زانستی ڕۆژ تێکەڵ و بە مەبەستی بووژاندنەوەی وڵات کەڵکی زانستی لێوەربگرن؟ ئەم باندە دڵخۆش بە دروشمی بریقەدار و هەڵخەڵەتێنەرن و بۆ کردنەوەی دەرووی دزی و گەندەڵی زیاتر ئەم وشە مانادار و زانستییانە بێ‌بایەخ دەکەن و ڕووهەڵماڵاوانە کەڵکیان لێوەردەگرن.

وەکوو بەڵگە و بۆ سەلماندنی دژایەتی ئەم باندە لەگەڵ مەعریفە و زانست، پێویستە ئاوڕێکی خێرا وەسەر بۆچوون و ڕوانگەی دوژمنکارانەیان سەبارەت بە قوتابخانە، زانستگا و بنکە فەرهەنگییەکان بدەینەوە. هەر لە شۆڕشە بەناو فەرهەنگییەکەیانەوە بگرە تا دەرکردن، گرتن و زیندانیکردنی مامۆستای زانکۆ و قوتابخانەکان و ئازارگەیاندنی هەمەجۆرە بە خوێندکاران و بەپادگانیکردنی زانستگاکان، دەردەکەوێ کە ئەم تاقمە گەورەترین دوژمنی خۆیان پێ دەکەونە بەر شاڵاوی هەڕەشە، بێ‌حورمەتی و ڕەپێچەکدان بۆ زیندانەکان و بە دەیان و بگرە سەدان کەسیان لێ‌دەسبەسەر دەکرێ. ئەنجومەنی سێنفیی مامۆستایان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە، پێداگرییان لەسەر مافە ڕەوا سێنفییەکانی فەرهەنگییان کردووەتەوە، بەڵام ئەم سیستەمە گەندەڵ و دژەزانستە، تەنانەت ئیزن بە مامۆستایان نادات تا کێشە سێنفیی و مافە ڕەواکانی خۆیان داوا بکەن؛ مافێک کە لە گشت جیهاندا بەفەرمی ناسراوە.

داواکاریی مامۆستایانی سەرانسەری ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتی ئەوەندە ڕەوا و بەرحەقە کە هیچ سیستەمێکی سیاسی ناتوانێ نکۆڵی لێ‌بکات و پشتگوێی بخات، کەچی کۆماری ئاخوندی داپڵۆسێنەرانە بەگژیدا چووەتەوە و ماهییەتی دژەزانست و نادادپەروەرانەی خۆی بەجوانترین شێوە دەرخستووە.

### کۆی داواکانی مامۆستایان ئاوا دەتوانین کورت بکەینەوە:

١- ئاوڕدانەوە لە دۆخی نالەباری مامۆستایان،
٢- بەڕێوەبردنی گەڵاڵەی پلەبەندی،
٣- ڕاگرتنی باڵانسی مامۆستایانی خانەنشینکراو،
٤- ئازادی مامۆستایانی بەندکراو.

کۆمەڵە کێشەیەکی تەژی لە زوڵم و چەوسانەوە لە ماوەی تەمەنی ٤٣ ساڵەی کۆماری ئاخوندیدا، ڕوانگەیەکی تەواو ئایدیۆلۆژیک سەبارەت بە پەروەردە، دژایەتی خەستی «حەوزەکانی ئاخوندیی» لەگەڵ تەواوی لقەکانی زانست و زانستگا، بەکاولکردنی بەشی هەرەزۆری شوێن و بنکە زانستییەکان و برسی‌ڕاگرتنی مامۆستایان و دەرپەڕاندن و زیندانیکردنی تەواوی ئەو کەسانەی بواریی زانستییان لە سەرێیە، کارێکی کردووە زانست یان هەر نەمێنێ، یان بەتەواوی پێملی حەوزە و ئەو شوێنانە بێت کە ئایدیۆلۆژی ئاخوندی دەیدەڵێنێ. ئەوەیە زانست ماڵاوایی لە کۆمەڵگای ئێران کردووە و بەپێی ئامارەکانی ماڵپەڕی QS ئێران پلەیەکی ئەوتۆی لە جیهاندا وەدەست نەهێناوە، بگرە لە نێو ١٧ وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناڤینیشدا نەتیوانیوە پلەی ١٠ بەدەست بهێنێت.

### پلەی یەک تا دەی زانستگاکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤین بەم شێوەیەیە:

١- زانستگای مەلەک عەبدولعەزیز، لە عەرەبستان،
٢- زانستگای نەوت و کانگای ژێرزەوی مەلەک فەهد، لە عەرەبستان،
٣- زانستگای خەلیفە، لە ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی،
٤- زانستگای قەتەر، لە قەتەر،
٥- زانستگای عیبری ئورشەلیم، لە ئیسرائیل،
٦- زانستگای مەلەک سعوود، لە عەرەبستان،
٧- زانستگای ئامریکایی بەیرووت، لە لوبنان،
٨- زانستگای تلئاڤیف، لە ئیسرائیل،
٩- زانستگای ئەماراتی یەکگرتووی عەرەبی، لە ئەمارات،
١٠- زانستگای نەتەوەیی زانست و تێکنۆلۆژی، لە پاکستان.

کۆماری ئاخوندی لە ماوەی تەمەنی پڕ لە شوورەیی خۆیدا، گشت بەها مرۆییەکانی لەناو بردووە، ڕەوشتی وێران و باڵی زانستی بە تەواوی هەڵپەرتاوتووە، ژیانی کردووە بە قاقڕستانێکی کاکی‌بەکاکی و ئابووری وڵاتی ویشکاندووە و بەڵایەکی بەسەر ئەم وڵاتە ساماندارە هێناوە، کورد وتەنی: «با بە دەواری شەڕی نەکردبێ،» ئەوەی لێشیان دەبیستین تەنیا درۆ و هاتوهاوارە و هیچی‌تر!! دۆخی خراپی ئابووری و ئەم هەموو کێشانەی بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووە ئاکامی بێ‌بایەخبوونی زانست و هەڵتۆقینی ئایدیۆلۆژییەکی وەهمییە کە بەپێی داتا و ڕوومالی نیهادی «هێریتیج»، ئێران لە نێو ١٧٧ وڵاتی جیهاندا، پێگەی ١٧٠ی بەرکەوتووە، یانی دوای کۆریای باکوور، وێنێزۆئیلا، کووبا، سوودان، زیمبابوە، بۆڕۆنێدی و ئێریترە خراپترین دۆخی ئابووری هەیە!

> **دۆخی خراپی ئابووری و ئەم هەموو کێشانەی بەرۆکی گەلانی ئێرانی گرتووە ئاکامی بێ‌بایەخبوونی زانست و هەڵتۆقینی ئایدیۆلۆژییەکی وەهمییە کە بەپێی داتا و ڕووماڵی نیهادی «هێریتیج»، ئێران لە نێو ١٧٧ وڵاتی جیهاندا، پێگەی ١٧٠ی بەرکەوتووە، یانی دوای کۆریای باکوور، وێنێزۆئیلا، کووبا، سوودان، زیمبابوە، بۆڕۆنێدی و ئێریترە خراپترین دۆخی ئابووری هەیە!**

ئەرێ گەلۆ!

ڕەوایە وڵاتێکی ساماندارى وەکوو ئێران، ژیانی خەڵکەکەی لەژێر خشتەی هەژارترین وڵاتانی جیهاندا بێ؟ لە بیرمان نەچێ گەلانی ئێران لە ژێر سێبەری دەسەڵاتی ئاخوندیدا لە گشت بوارێکەوە هەژار کراون، بەرچاوترینیان هەژاری زانست و مەعریفەیە، کە بە سەرچاوەی هەموو هەژاریی و بەڵا و نەهامەتییەک دێتە ئەژمار، ئەم بەڵایەی وەکوو زێروو بەربووەتە شادەماریی گەلانی ئێران و بەردەوام خوێنی هەڵدەمژێ. لێرە دەتوانین دڵنیاتان بکەینەوە تا ئەم سیستمە لەسەر کار بمێنێ، هیچکام لە جومگە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا نۆڕماڵ ناکرێتەوە و ژیانی ئاسایی بۆ بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم وڵاتە هەناسەسارده ناگەڕێتەوە.

# کۆماری ئیسلامی لە لێواری ڕووخاندایە



**دارا ناتق**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی سیاسی ئێستادا و بە هۆی بەردەوامبوونی لە سەر ڕەفتار و سیاسەتی دژەمرۆڤی و تێکدەرانەکانی لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا زیاتر لە هەر کاتێک لە تەنگەژەدایە و قووڵبوونەوەی قەیرانە نێوخۆییەکان و بەتایبەت قەیرانی ئابووری و گرانبونی ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتری شتومەک و پێداویستی ڕۆژانەی ژیانی خەڵک و بێنرخبوونی زیاتری بەهای دراوی ئێرانی و سەرکوت و زەبروزەنگ، کەلێنی نێوان خەڵک و ڕێژیمی ئاخوندی ڕۆژ لە ڕۆژ زیاتر کردووە. قەیرانی هەژاری و بێکاری لە وڵاتێکی خاوەن کانگای دەوڵەمەندی ژێرزەوی و هێزی پسپۆر و خاوەن ئەزموونی مرۆیی وەک ئێران گەیشتۆتە ئاستێک کە باندۆری لە سەر نۆرم و بەهاکانی کۆمەڵگە داناوە و خەڵکی بە تەواوی بێزار و ماندوو کردووە، بە جۆرێک کە ئاماری دزی و تاوان و ئالوودەبوون بە مادده هۆشبەرەکان و هەڵوەشانەوەی بنەماڵە گەیشتوونەتە ئاستێکی مەترسیدار و باڵانسی کۆمەڵگەیان تێک داوە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان ئاستی هیوا بە ژیان و داهاتی تاک لە ئێران لە خوارەوەی تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی هەژارنشینی ئەفریقایە و تەنانەت سەتڵە زبڵەکان بوونەتە سفرەی بەشێک لە هاووڵاتیانی ئێران.

دەسەڵاتدارانی ڕێژیم بە بەردەوامی و لە ترسی سەرهەڵدانی خەڵک و بۆ شاردنەوەی شکستەکانیان لە دنیای سیاسەتدا، بە بیانووی جۆراوجۆر دەستبەسەرکردنی خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێرانیان کردووەتە پیشەی ڕۆژانە و بە دانی حوکمی بێبنەما بەشی زۆریان ئەشکەنجە و ئێعدام و زیندانی دەکات. بە دوای ڕووداوی مێترۆپۆلی عەبادان و کوژران و برینداربوونی دەیان هاووڵاتی ئەو شارە و خۆپیشاندانی بەرینی خەڵک و وتنەوەی دروشمی مەرگ و نەمان بۆ خامنەیی و بڕووخێ ڕێژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی ئێران و هتد ...، لە لایەن خەڵکەوە، هێزە ئەمنییەکانی ڕێژیم وێڕای سەرکوتی خۆپیشاندەران، شەپۆلێکی بەرینی دەستبەسەرکردن و زیندانیکردنی چالاکڤانانی مەدەنی و ڕۆژنامەڤان و ڕەخنەگرانی لە ئاستی ئێران بەگشتی و کوردستان بەتایبەتیدا دەست پێکردووە و بە دەیان ڕۆژنامەڤان و چالاکی مەدەنی و فەرهەنگی و ژینگەپارێزی و مامۆستا و خەڵکی ناڕازییان زیندانی کردووە کە هەنوکە لە ژێر ئەشکەنجە و حوکمی قورسدان.

ڕەوتی بێبەزەییانەی سەرکوت لە ئێراندا جارێکی دیکە بۆتە هۆی نیگەرانی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و بە چەشنێک کە کارناسانی مافی مرۆڤی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی چوارشەممە ٢٥ی جۆزەردان، نیگەرانی جیدیی خۆیان لە بەرامبەر سەرکوتکردنی توندوتیژانەی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ئێران، یەک لەوانەش ئەندامانی یەکیەتیی پیشەیی کرێکاران و مامۆستایان، دەربڕی و ڕایانگەیاند کە «ئێمە لە بەربڵاوبوونی دەسبەسەرکردنە سەرەڕۆییەکانی مامۆستایان، چالاکانی کرێکاری و ڕێبەرانی یەکیەتییەکان، پارێزەران، چالاکانی مافی مرۆڤ و چالاکانی دیکەی مەدەنی نیگەرانین».

زیاتر لە چل ساڵ ئەزموونی کۆماری ئیسلامی ئەگەرچی بۆتە هۆی بێ مافی و چارەڕەشی گەلانی ئێران بەتایبەت نەتەوە بندەستەکانی وەک کورد، عەرەب و بەلووچ و تورکمەن، بەڵام ڕۆحی شۆڕشگێڕی و ناڕەزایەتی خەڵک هەروا زیندوویە و هاواری ئازادیخوازی خەڵک ڕۆژ لە دوای ڕۆژ زیاتر بەرز دەبێتەوە. ئەمڕۆکە ڕێژیمی ئاخوندی و دیکتاتۆری تاران کەمترین شەرعییەتی سیاسیی لە جڤاتگەی ئێراندا هەیە و کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز و مافخوازی ئێران سەرەڕای سەرکوتی هۆڤانە و بێبەزەییانەی هێزە ئەمنییەکان، بە بەردەوامبوونیان لە سەر خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییەکانیان، جارێکی دیکەش شەقام و کۆڵانەکانیان کردۆتە سەنگەری مافخوازی و ئازادیخوازی و کۆشکی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئاخوندیان وەلەرزە خستووە. خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی گەلانی ئێران و بەردەوامبوونیان سەرەڕای سەرکووتی بێڕەحمانە، ڕێژیمی ئاخوندیان تا لێواری دارمان بردووە.

کاربەدەستانی ڕێژیم لە جیاتی چارەسەرکردنی قەیرانی ئابووریی وڵات و کێشەی هەژاری و بێکاری و بژێوی ژیانی خەڵک و وەڵامدانەوە بە داخوازە ڕەواکانی خەڵکی ناڕازی و وەزاڵەهاتووی ئەو وڵاتە بە زمانی هەڕەشە و سەرکوت و زەبروزەنگ لە هەوڵی بێدەنگکردنی خەڵکدان و بە ملیاردها دۆلار لە لایەن ناوەندە سەربازی و ئایدیۆلۆژیکەکانی ڕێژیم خەرجی پڕۆژەی ناوکی و مووشەکی و پشتیوانی لە گرووپە تیرۆریستییەکان و کردەوەی تیرۆریستی و دەستوەردان لە کاروباری وڵاتانی ناوچەکە و جیهان بە گشتی دەکرێ.

ئەو ڕێژیمە بوونی خۆی لە بوونی «دوژمنی دەرەکی»دا دەبینێ و لەسەر حیسابی چارەڕەشی گەلانی ئێران دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا بە گشتی دەکا؛ لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا دەبینین گوشارە لەڕادەبەرەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا و لەم دواییانەشدا تەحریمەکانی وڵاتانی ناوچە وەک عەرەبستان، ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتەیان بە تەواوی لەگەڵ قەیرانێکی قووڵدا بەرەوڕوو کردووە و پێناچێ بەو زووانە دەروویەکی ڕوون بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیدا بکرێتەوە و دەتوانین بڵێین کە سەرەتای دارمان و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەستی پێکردووە. خەڵکی ئێران زیاتر لە چوار دەیەیە کە باجی سیاسەتە دوژمنکارانەکانی ڕێژیم لەگەڵ یاسا و پرەنسیپە نێودەوڵەتییەکان و بەتایبەتی دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ئیسرائیل دەدەن، لە کاتێکدا بەرپرسانی پلە یەکی ڕێژیم منداڵەکانیان بۆ درێژەدان بە خوێندن دەنێرنە باشترین زانکۆکانی ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپایی و بە دزی و بەتاڵانبردنی سەرمایەی وڵات بەهەشتێکی خەیاڵیان بۆ خۆیان و منداڵەکانیان لە وڵاتانی ڕۆژاواییی دروست کردووە. دامەزراوەکانی وەک سپای پاسداران و دەزگا ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم بە تەواوی ئابووری وڵاتیان قۆرخ کردووە و دەستیان ناوەتە بینەقاقای خەڵک و ڕۆژبەڕۆژ زیاتر خەڵک هەژارتر و برسیتر دەکەن.

لەلایەکی دیکەوە بە بونبەست گەیشتنی وتووێژەکانی ڕۆژاوا لەگەڵ ئێران سەبارەت بە پرسی بەرجام و بەرنامە ئەتۆمی و مووشەکییەکانی کۆماری ئیسلامی و سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی ڕێژیم و هەروەها هاوکاری نەکردنی ئێران لەگەڵ ئاژانسی نێونەتەوەیی وزەی ناوکیی بۆ دۆزینەوەی وڵام، سەبارەت بە سەرچاوەی ئەو ئۆرانیۆمە کە لە سێ دامەزراوەی ناوکیی ئەو وڵاتە دۆزراوەتەوە و کوژاندنەوەی کامێراکانی چاوەدێری لە ناوەندە ناوکییەکانی، وڵاتی ئێران بەرەو تەحریم و گۆشەگیری زیاتر دەبات و پێدەچێت کە جارێکی دیکە پەروەندەی لادان و سەرپێچییەکانی ئێران بدرێتە شورای ئەمنییەتی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕێژیم ئەوندەی دیکەش لە قەیرانە کەڵەکەبووە نێوخۆیی و دەرەکییەکاندا ڕۆ دەچێ و پڕۆسەی بووژاندنەوەی بەرجام سەرەڕای ئاکامە جیاوازەکانی ئەوە نابێ کە کۆماری ئیسلامی پێشبینیی کردبوو.


ڕەوتی مانگرتن و کۆبوونەوەی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکانی خەڵک لە ئاستی سەرتاسەری وڵاتدا گشتگیرتر و بەرفراوانتر دەبن. هەر بۆیە پێویستە کە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بە لەبەرچاوگرتنی دۆخی نێوخۆیی ئێران و پەرەسەندنی بزووتنەوەی ناڕەزایەتی و جەماوەریی کۆمەڵانی خەڵکی ئازادیخواز و مافخواز لەو وڵاتە، یارمەتیدەری ئەم بزاڤە مافخوازە بن بۆ ڕووخانی ڕێژیمی ئاخوندی و دێموکراتیزەکردنی ئێرانی داهاتوو لە سەر بنەمای سیستمێکی دێموکراتیک و فیدراڵ کە تێیدا مافی گشت پێکهاتەکانی ئەو وڵاتە وەک یەک لە بەرچاو بگیرێت.

وەک ڕوون و ئاشکرایە دەسەڵاتێک کە هیچ پردێکی پێوەندی لە نێوان ئەوان و خەڵکدا نەمابێت، ناتوانێ هیچ ڕێکارێک بگرێتە پێش بۆ چارەسەری قەیرانەکانی وڵات و تەنانەت توانای چارەسەرکردنی ئەو کێشانەیان نییە ئیتر خەڵک متمانەیان پێ ناکات. خەڵک لێبڕاوانەتر لە جاران هاتوونەتە مەیدانی ڕووبەڕووبوونەوە لە بەرامبەر ئەم ڕێژیمە سەدەنێوەڕاستییە و خوازیاری ڕووخان و نەمانی ئەو ڕێژیمەن. ئەوەی ئێستا گرینگە بەردەوامی خەڵک و پشتیوانی هەمەلایەنە لەم بزاڤە جەماوەرییەیە کە ئەرکی قورسیش دەخاتە سەر شانی ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی و چالاکانی نێوخۆ.

**ئەو ڕێژیمە بوونی خۆی لە بوونی «دوژمنی دەرەکی»دا دەبینێ و لەسەر حیسابی چارەڕەشی گەلانی ئێران دژایەتی لەگەڵ ئەمریکا و ڕۆژاوا بە گشتی دەکا؛ لە ئاستی سیاسەتی دەرەوەشدا دەبینین گوشارە لەڕادەبەرەکانی ئەمریکا و وڵاتانی ڕۆژاوا و لەم دواییانەشدا تەحریمەکانی وڵاتانی ناوچە وەک عەرەبستان، ژێرخانی ئابووری ئەو وڵاتەیان بە تەواوی لەگەڵ قەیرانێکی قووڵدا بەرەوڕوو کردووە و پێناچێ بەو زووانە دەروویەکی ڕوون بەرەوڕووی کۆماری ئیسلامیدا بکرێتەوە و دەتوانین بڵێین کە سەرەتای دارمان و ڕووخانی ئەو ڕێژیمە دەستی پێکردووە**

## وێستگە

# یاساکان دەبێ ببنە قەڵغان بۆ پاراستن یان مێکانیزمێک بۆ دەستدرێژیی زیاتر؟!




**نووسین: هێمۆ**

٤ ساڵ پێش ئێستا لە وڵاتی ئیسپانیا، ٥ کەس، دەستدرێژییان کردە سەر ژنێکی ١٨ ساڵ و پاش ماوەیەک هەر ٥ کەسەکەیان لە سزای پێویست بۆ دەستدرێژی کردن بێبەری بوون و تەنیا حوکمی کەمکراوی «ئازاری ڕەگەزی»یان بە سەردا سەپا. هۆکارەکەشی تەنیا ئەوە بوو کە یاساکانی ئەم وڵاتە بەنیسبەت ئەم پرسە کۆمەڵێک ناڕوونیی تێدا بوو.

لە ماوەی ڕابردوودا و پاش بەدواداچوونەکان، وڵاتی ئیسپانیا بەمەبەستی پاراستنی زیاتری مافی ژنان، کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە یاسای بنەڕەتی خۆیدا درووست کرد کە زۆر زوو ئەم گۆڕانە بوو بە جێگای ڕەخنەی دژبەرانی ئەم بابەتە!

کۆنگرەی ئیسپانیا وەکوو بەشێک لە گۆڕانکارییە یاساییەکان و بە فوکوس خستنە سەر دۆخی ژنان، بە ڕاشکاوی لاتاولێدان لە ژنانی لە شەقامەکاندا قەدەغە ڕاگەیاند و گرینگتر لەوەش یاساکانی پێوەندیدار بە دەستدرێژیی سێکسیشی گۆڕی و بە هەندێک تێبینییەوە ئەم کردەوەیەی وەکوو تاوان ناساند کە بێگومان سزای دیاریکراویشی دەبێت.

هەر بە سەرنجدان بەم بابەتە، پێویستە ئاوڕێک لەم مژارە لە چوارچێوەی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیدا بدەینەوە بەڵام پێش لەوە ئەبێ ئاماژە بەم ڕاستییە بکرێت کە ئەم تاوانە ئێستا لە کۆمەڵگای ئێراندا وەکوو دیاردەیەک دەبێ چاوی لێ بکرێت، زۆرجار خودی دەسەڵاتدارانی ڕێژیم و بەتایبەتیش مۆرە گرینگەکانی ئەم دەسەڵاتە بە کەڵکوەرگرتن لە پێگە و دەسەڵاتی خۆیان تاوانی لەم چەشنە ئەنجام دەدەن کە لە کۆتاییشدا بەهۆی پشتگیری یاساکان لە تاوانباران و بە دەیان تێبینیی نالۆژیکی، قوربانییەکە بە تاوانبار دەناسرێت و زۆرجاریش لەڕووی ناچارییەوە و بەهۆی دۆخی نالەباری دەروونی پەنا بۆ خۆکوژی دەبات.

لە کەس شاراوە نییە کە ڕێژیمی ئێران ڕێژیمێکی پڕ لە گەندەڵییە و سەرچاوەی ئەم گەندەڵییەش خودی دەسەڵاتدارانن. لە شوێنێک بەناوی مەجلیسدا بە خواستی خۆیان و بە تێبینییەکانی خۆیانەوە یاسا دادەڕێژن، دەنگی زۆرینەی ئەرێنی بۆ وەردەگرن و لە ڕێگەی ناوەندەکانی دیکەشەوە ئەم یاسایانە جێبەجێ دەکەن و دەیسەپێنن بە سەر کۆمەڵانی خەڵکدا، کە لەم نێوانەدا جیا لە هەموو یاساکان کە دژ بە ئێتنیک و نەتەوە جیاوازەکانی کۆمەڵگایە، توێژی ژنان زیاترین نادادپەروەرییان بەر دەکەوێ!

بەپێی یاساکانی ڕێژیمی ئێران، لە ئەگەری ڕوودانی هەر جۆرە دەستدرێژییەکدا، چەند خاڵی گرینگ هەیە کە دەبێ ڕەچاو بکرێن تاکوو بۆ لایەنی یاسا بسەلمێت کە دەستدرێژییەک ڕووی داوە، ئەم خاڵانە بریتین لەمانەی خوارەوە:

- کەسی دەستدرێژیکەر دەبێ دانی پێدا بنێ کە کردەوەکەی ئەنجام داوە، کە بێگومان زۆر بە دەگمەن دەبینرێت کە تاوانبار بەم شێوازە دان بە کردەوەکەی خۆیدا بنێت!
- بەپێی یاساکانی ١٩٩ و ٢٠٠ی یاسای سزای ئیسلامی، ٤ کەس وەکوو شایەتحاڵ بۆ سەلماندنی کردەوەکە پێویستن. ئەمە لەحاڵێکدایە کە هیچ تاوانبارێک بۆ ئەنجامدانی تاوانی لەم چەشنە شوێنێکی گشتی هەڵنابژێرێت تاکوو قوربانی بتوانێ ٤ شایەتحاڵ بە دادگا بناسێنێت!
- بەپێی ماددەی ٢١١ی یاسای سزای ئیسلامی، ئەوە دادوەرە کە بە سەرنجدانی هەندێ بابەت وەکوو ڕای کارناسان، لێکۆڵینەوە، وتەی کەسانی ئاگادار و کۆمەڵێک بابەتی دیکە، بەنیسبەت ئەم تاوانە سزا دیاری دەکات کە بێگومان لە سیستمی دادوەریی ڕێژیمی ئێراندا زۆر جار وا ڕوو دەدات کە قوربانی بەهۆی ترس و حاڵەتی دەروونی داسەپاو بە سەریدا ئامادە نابێ بە زووترین کات سکاڵا تۆمار بکات و زۆرجاریش سکاڵاکە بێ ئاکام دەمێنێتەوە و بەپێی عورفی داسەپاو بە سەر کۆمەڵگادا خودی تاوانبارەکە تووشی دوورکەوتنەوە لە کۆمەڵ دەبێت و ئاکامەکەشی ئەنێتە کۆمەڵێک دیاردەی دیکە لە چەشنی خەمۆکی و خۆکوژی! بەڵام بابەتی گرینگ سزای دیاریکراو لە یاساکانە کە بۆ ئەم جۆرە تاوانە دیاری کراوە.

بەپێی ماددەکانی ٢٢٤ و ٢٣٤ی یاسای سزای ئیسلامی، سزای تاوانبارەکە لەسێدارەدانە، بەڵام ئایا جێبەجێ دەکرێت؟ یا ئایا خودی ئەم سزایە ئەتوانێ ببێتە مێکانیزمێک بۆ پێشگرتن لە تاوانی لەم چەشنە؟

زۆرجار بینراوە کە لەم حاڵەتانەدا قوربانی لە ترسی داوەریکردنی خەڵک و کۆمەڵگا بە نیسبەت خۆی، لە هەر جۆرە باس کردنێک خۆی بواردووە، زۆر جار لە ئەگەری سکاڵا تۆمارکردنیشدا ئەوە یاسا دژەژنەکان، خودی قوربانییەکەیان بە تاوانبار ناسیوە بەم لۆژیکەوە کە ئەگەر زیاتر ئاگای لە حیجابی خۆی هەبوایە تووشی کێشەی لەو چەشنە نەدەبوو! زۆرجاریش چونکە بکەرانی سەرەکیی تاوانەکە لە مۆرەکانی خودی ڕێژیم، بە دەیان ماددە و تەبسەرە دێنە مەیدانەوە بۆ ئەوەی کە تاوانبار بە بێ تاوان بناسرێ و هیچ سزایەک نەبینێ.

لێرەدایە کە جیاوازیی دوو وڵات و دوو سیستمی دادوەری بەڕوونی دەردەکەوێ، لە وڵاتێکدا یاسا دەبێتە قەڵغانێکی بەهێز بۆ پاراستنی ژنان و لە وڵاتێکی دیکەدا هەر ئەو یاسایە دەبێتە مێکانیزمی دەستدرێژیی زیاتر بۆسەر مافەکانی ژن!

بەپێی چییەتیی کۆماری ئیسلامی ئەمە بابەتێکی جێگای سەرسووڕمان نییە و بێگومان تاکوو ئەم دەسەڵاتە دژەژنە هەبێت، یاساکان هیچکات پاڵپشتی نەک تەنیا لە ژنان کە لە هیچ تاکێکی کۆمەڵ ناکەن، بۆیە جیا لە فەرهەنگسازی بۆ هەندێ بابەتی هەستیاری کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی، گرینگترین ئەرک، هەوڵدان بۆ نەهێشتنی ئەم دەسەڵاتەیە کە بێگومان ژنان وەک قوربانیانی سەرەکیی دەستی ئەم دەسەڵاتە دەبێت ڕۆڵی پێشەنگایەتی بگێڕن.

# پرسی کورد لە ئێرانی پاش کۆماری ئیسلامیدا



عەبدوڵلا حیجاب

لەم دواییانەدا ئالنگارییە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و نێونەتەوەییەکان وایان کردووە کە پتر لە هەموو کاتێك گەرووی کۆماری ئیسلامی دەگوشن و زیاتر لە جاران دەسەڵاتدارانی تاران شپرزە دەکەن. هیوای خامنەیی بۆ یەکدەستکردنەوەی سیستمی سیاسی و تێپەڕبوون لە قەیرانی بەڕێوەبەری، بە دانانی ڕەئیسی لە سەر کورسیی سەرکۆماری وەدی نەهات و بگرەوبەردەی نێو دەسەڵات پاش دەرفەتێکی کورت دووبارە سەری هەڵدایەوە.

هاوتەریب لەگەڵ ئەو گرفتە درێژخایەن و بنچینەییانە، ماوەیەکە ڕێژیم تەنانەت ناتوانێ ئاسایشی مۆرە سەرەکییەکانی و بەرنامە ستراتێژیکییەکانیشی بپارێزێ. لاوازیی دەسەڵات لە چارەسەرکردنی گرفتە سەرەکییەکانی کۆمەڵگا، گرانی لە سنوور بەدەر، تێکچوونی سیستمی دابینکردن و دابەشکردنی خۆراك بەتایبەت نان، بێهیوابوونی کەسانی پێکهێنەری نزیکترین ئاڵقەی دەسەڵات لە داهاتووی خۆیان و ڕێژیمەکەیان و پێکهەڵپڕژانی مۆرە سەرەکییەکانی ڕێژیم دەستیان داوەتە دەستی یەکتر و ترسی ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامییان لە داهاتووی خۆیان گەیاندۆتە لووتکە.

خۆشبینییەکی هەڵخەڵەتێنەرە ئەگەر پێمان وابێ کە تەنیا ئەو کۆمەڵە قەیرانانە لە داهاتوویەکی نزیکدا پشتی ڕێژیم لە عەرزێ دەدەن و کۆتایی بە تەمەنی پڕ لە جینایەتی دێنن بەڵام هەڵەیەکی قەرەبوونەکراوەشە ئەگەر بزووتنەوەی کوردستان لە ئێستاوە بۆ هەموو ئەگەرەکان و لەوانەش داهاتوویەك بە بێ کۆماری ئیسلامی خۆی ئامادە نەکا. ئەو داهاتووە نزیك بێ یا دوور، لە ئاکامی لەدەستدانی یەکجاریی مەشرووعییەتی سیستم و ڕوو وەرسووڕاندنی بەشێکی دەسەڵات لە بەشەکەی دیکە بێ، لە ئەنجامی زیاتربوونی ڕاپەڕینەکان و بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بێ یا بەهۆی دەستتێوەردانی دەرەکی و شکستی ڕێژیم لە هێرشێکی ئیحتیمالی لەلایەن ئەم و ئەوەوە ئەسڵی ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە.

بۆ نەتەوەی کورد وەك باقی نەتەوەکانی دوور لە بازنەی دەسەڵات لە ئێراندا، بێگومان تێکچوونی کۆماری ئیسلامی دەسکەوتێکی گرینگ و جێگای دڵخۆشی دەبێ بەڵام ئەو دڵخۆشییە کاتی و گوزەرایە و زۆر زوو جێگا بۆ کۆمەڵێك کێشە و گرفتی پێشبینیکراو و پێشبینینەکراو چۆڵ دەکا کە ئەگەر لە ئێستاوە بەرنامەمان بۆی نەبێ و هەنگاوی بەکردەوەمان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەیان هەڵنەگرتبێ، دوور نییە تووشی ڕەوشێکمان بکا کە نەتوانین وەڵامدەری بین و بەرگەی بگرین. لانیکەم ئەزموونی گۆڕانی ڕێژیم لە ساڵی ١٣٥٧ (١٩٧٩) دا پێمان دەڵێ کە مەرج نییە ئەو شێوە گۆڕانانە ئەنجامی دڵخوازیان لێ بکەوێتەوە.

بەتایبەت بە لەبەرچاوگرتنی زێهنیەتی زاڵ بە سەر دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنی ناوەندپارێزدا دەبێ زیاتر ئامادەی بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئالنگارییەکانی داهاتوومان بێ.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا تێڕوانینی دەسەڵات لە سەر چەمکەکانی ماف، نەتەوە، ناسنامەی نەتەوەیی و سەروەریی نەتەوەیی هیچ گۆڕانێکیان بە سەردا نەهاتووە.

ماف هەمیشە بە مڵکی بێئەملاوئەولای دەسەڵاتدارن داندراوە و لە دەستی دەسەڵاتداراندا ڕاگیراوە، نەتەوە بەو کۆمەڵگایە گوتراوە کە خاوەنی دەوڵەتە، ناسنامەی نەتەوەیی تەنیا بۆ زمان، کولتوور، مێژوو و داب و نەریتی نەتەوەی فارس بەکار هاتووە و سەروەریی نەتەوەییش بەو زەخت و توندوتیژییە گوتراوە کە دەسەڵاتداران لەدژی نەتەوەی کورد و باقی نەتەوەکانی وڵات بە کاری دێنن.

ئەو تێڕوانینە کە لە ڕێژیمی شاڕا بۆ کۆماری ئیسلامی بە میرات ماوە، ئێستا خەریکە لە کۆماری ئیسلامییەوە بۆ ئۆپۆزیسیۆن دەگوازرێتەوە و دەکرێ بە فەرهەنگێکی نەگۆڕ لە ئێراندا.

کەم تا کورتێك هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆن، بە کۆنەکاربەدەستانی ڕێژیمیشەوە کە ئێستا جێگای خۆیان لە چوارچێوەی تەسکی کۆماری ئیسلامیدا نابینن لە سەر ئەو تێڕوانینە پڕ لە چەواشەیە هاودەنگ و هاوبیرن. تەنیا جیاوازیی بەشێکی ئوپۆزیسیۆن لەگەڵ ڕێژیم لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی مەزەبی شیعە بە بەشێکی جیانەکراوە لە ناسنامەی ئێران دەزانێ، بەڵام ئوپۆزیسیۆن چەمکی «کولتووری ئێرانی» کە هاوواتای کولتووری فارسە وك جێگرەوەی مەزهەبی شیعە بە کار دێنێ بۆیە بۆ ئێمەی کورد و باقی نەتەوەکانی دوور لە بازنەی دەسەڵات، مەوداگرتن لەگەڵ چەمکەکانی «نەتەوەی ئێران و ناسنامەی ئێرانی»، بەربەرەکانێکردن لەگەڵ ئەو زێهنیەتە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی ئەو چەمکانەی کە پێوەندییان بە چارەنووس و ناسنامەی ئێمەوە هەیە، ئەرکێکی بنەڕەتییە.

واتە دەبێ ئێمە لەبەرامبەر ئەو تێڕوانینەدا پرۆژەی تایبەت بە خۆمان بۆ دەسەڵاتی داهاتووی هاوبەش لە ئێراندا هەبێ و پرۆژەیەکی ئاڵتەرناتیڤ بەرز بکەینەوە کە چوارچێوەی ماف و ئەرکی دوو یا چەندلایەنە بە مافی یەکسانەوە بۆ هەموو پێکهاتەکان دەستەبەر بکا و یەکیەتییەك لە سەر بنەمای بەرژەوەندیی هاوبەش مسۆگەر بکا.

ئێران، مێژوویەکی کۆنی دەسەڵاتداریی هەیە، بەڵام بۆ دێموکراسی، کرانەوەی سیاسی، پاراستن و دانپێدانان بە مافەکانی پێکهاتەکان و بەگشتی سەبارەت بە دەسەڵاتی دامەزراو لە سەر بنەمای پێوانە ئەوڕۆیی و مرۆڤییەکان کۆڵەوارە. دەسەڵاتی ناوەندی هەمیشە داخراو و لە دەست تاقمێکی بچووکی دەوڵەتساز و مۆرەکانی سەر بە ئەواندایە بە بێ ئەوەیکە دەرەتانێکیان بۆ بەشداریی بەرینتر، فرەچەشنتر و جیابیر بڕەخسێنن. لەو خاڵە لاوازانەدا دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن هاوبیر، هاوشێوە و هاوبەشن. بۆ بەرەنگاربوونەوە لەگەڵ ئەو زێهنییەتە و بۆ داهاتوویەکی باشتر لە ئێستا و ڕابردوو، تەنیا فاکتۆری جێگای متمانە کە نەتەوەی کورد بتوانێ پشتی پێ ببەستێ پارسەنگی هێزە.

بۆ بەهێزبوونیش پێویستە لە ئێستاوە هەموو ئەو ئالنگارییانەی کە دەتوانێ لە ئێستا و داهاتوودا هێز و وزەمان بە خۆیانەوە خەریك بکەن دەستنیشان بکرێن و بە کردەوە بۆ نەهێشتنیان هەنگاو هەڵبگیرێ.

بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەم چەند ساڵەی دواییدا هێندێك هەنگاوی بەجێ و پێویستی لەپێناو یەکخستنەوەی وزە و تواناییەکانی هەڵگرتووە کە کاریگەرییان لە سەر داهاتوو دەبێ.

یەکێك لەو هەنگاوانە دامەزراندنی ناوەندی هاوکاری بوو کە زەمینەی بۆ پێکەوەکارکردنی چەند لایەنێکی سیاسی خۆشتر کردووە.

ڕەوتی یەکگرتنەوەی ڕیزەکانی دوو ئەکتەری سەرەکیی نێو بزووتنەوە، دووبەشی حیزبی دێمۆکرات و دوو لایەنی کۆمەڵەش خەریکە بە ئاکامێکی دڵخۆشکەر دەگا بەڵام هەر دووی ئەو هەنگاوە بەجێ و دروستانە تەنیا سەرەتان و دەبێ وێڕای بەکردەییکردنیان، گەشەیان پێ بدرێ و بکرێن بە بنەما بۆ قەڵەمبازێکی مێژوویی کە گۆڕانی کولتووری سیاسیش لەگەڵ خۆی بێنێ.

ناوەندی هاوکاری پێویستی بە بەرنامەیەکی سیاسی دارێژراو بۆ کاری هاوبەش، دیپلۆماسیی هاوبەش و سوپای هاوبەش هەیە تا لە چوارچێوەی حەز و ویستی کاتی بێتە دەر و ببێ بە پلاتفۆرمێکی جێگای متمانە بۆ داهاتوو. لەوە زیاتر، پێویستە ناوەند فرەگرتر و بەرینتر بکرێ و جێگا بۆ هەموو ئەو لایەن و هێزە سیاسییانەش بکاتەوە کە ئێستا لە دەرەوەی بازنەی ناوەندان.

هاوتەریب لەگەڵ ئەوە پێویستە ناوەند دەرگای دیالۆگ و کاری هاوبەش بۆ هەموو ئەو هێز و لایەنانەش بکاتەوە کە لە پرسی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا خۆیان بە خاوەن قسە دەزانن و یا بە کردەوە لە گۆڕەپاندا هەن یا لە داهاتوودا زەمینەی هەبوونیان ئامادەیە.

بەو کارە ناوەند دەتوانێ خۆی لە ئالنگارییەکی جیددی بپارێزێ و تەنانەت ئەو ئالنگارییە بکا بە دەرفەتێکی باش بۆ هەستانەوەیەکی سیاسی.

هەنگاوێکی دیکەی زۆر پێویست و هەنوکەیی بۆ بزووتنەوەی کوردستان لە ڕۆژهەڵات ئامادەکردنی نەخشەڕێگایەکی چارەسەریی پرسی کورد و بەگشتی پرسی نەتەوەیی لە ئێرانی داهاتوودایە. پێشکەشکردنی وەها نەخشەڕێگایەك بە واتای دیاریکردنی سیستمی سیاسیی داهاتووی ئێران یا لەبەرچاونەگرتنی بیروڕای خەڵك لە پێشەڕۆژدا نییە؛ ڕاست بەپێچەوانەوە دەتوانێ ببێ بە بەرچاوڕوونییەك هەم بۆ خەڵك و هەمیش بۆ ئەکتەرە سەرەکییەکان لە پێشەڕۆژی ئێراندا واتە کورد بە بەرنامەی خۆی و بە پلانی سیاسی خۆیەوە ئامادە دەبێ تا بە پێشوازی داهاتوویەکی باشترەوە بچێ.

نەتەوەکانی ئێران هاوچارەنووسن. ئەو هاوچارەنووسییە هەم دەرفەتی نوێ دەخوڵقێنێ و هەمیش دەتوانێ ببێ بە سەرچاوەی کۆمەڵە ئالنگارییەکی نوێ کە لە ساڵەکانی پاش ئاڵوگۆڕی دەسەڵات لە ئێران لە ساڵی ١٣٥٧دا شاهیدی نەبووین.

ئێستا تێکچوونی دەسەڵات لە ئێراندا دەتوانێ زۆر زوو شەپۆلێکی بەرینی دژبەرییە نەتەوەییەکان وەڕێ بخا. نیشانەکانی ئەو دژبەرییانە لە ئێستاوە خۆیان دەنوێنن و لە زۆر شوێن و بۆنەدا سەر هەڵدەدەن بۆیە بزووتنەوەی نەتەوەیی لە کوردستاندا پێویستی بە هاوبەندییەکی سیاسی لەگەڵ نوێنەرانی باقی نەتەوەکانی ئێران هەیە. کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدیراڵ کە بزووتنەوەی کوردستان خۆی پێوە ماندوو دەکا، هەر چەند بە شێوەی سەمبولیك هەیە و باشیشە، بەڵام نوێنەرایەتی ئەو نەتەوانە ناکا.

بزووتنەوەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان پێویستییەکی بەپەلە و هەنوکەیی بە دامەزراندنی ڕایەڵکەی پێوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای ناوەندی لە ئێران هەیە، هەم ئەوانەی لە نێوخۆن و هەمیش ئەوانەی لە دەرەوەدان و خۆیان بە بەشێك لە ئۆپۆزیسیۆن لە قەڵەم دەدەن.

پێوەندی لەگەڵ ناوەندە زانستی و حزرییەکان، پێوەندی لەگەڵ ناوەندە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان، پێوەندی لەگەڵ سازی و دەزگا سەربەخۆکانی کۆمەڵگای مەدەنی تەنانەت ئەگەر بڕوایشی بە هەبوون و سەربەخۆبوونی ئەو چەشنە سازی و دەزگایانە نەبێ.

لە هەمووی گرینگتر پێوەندیگرتن و ڕاگەیاندنی ڕوانگەکانی خۆی بۆ هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆن بە بێ جیاوازی. بێگومان لە داهاتووی بە بێ کۆماری ئیسلامیدا بەشێکی ئەوانە دەمێنن و دەتوانن دەوریش بگێڕن.

ڕێزگرتن لە جیاوازییەکان، زەمینەخۆشکردن بۆ بەشداریی ژنان لە بڕیاردان و بەڕێوەبەریدا، تێپەڕبوون لە زێهنیەتی ساڵەکانی ٨٠ی سەدەی بیستەم کە بۆ بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان زۆر کارەساتی خوڵقاند، ڕێزگرتن لە پڕڕەنگی، فرەدەنگی، ژێرناسنامەکان و خۆڕزگارکردن لەو زێهنییەتەی کە پێی وایە ئەوەی لەگەڵی نەبێ دوژمنیەتی بەشێکی دیکەی کارە گرینگەکانی بزووتنەوەی کوردستانن بۆ ئامادەبوون بۆ داهاتوویەکی بە بێ کۆماری ئیسلامی.

**ئەو داهاتووە نزیک بێ یا دوور، لە ئاکامی لەدەستدانی یەکجاریی مەشرووعییەتی سیستم و ڕوو وەرسووڕاندنی بەشێکی دەسەڵات لە بەشەکەی دیکە بێ، لە ئەنجامی زیاتربوونی ڕاپەڕینەکان و بەچۆکداهێنانی ڕێژیم بێ یا بەهۆی دەستتێوەردانی دەرەکی و شکستی ڕێژیم لە هێرشێکی ئیحتیمالی لەلایەن ئەم و ئەوەوە ئەسڵی ئەو ڕاستییە ناگۆڕێ کە کۆماری ئیسلامی مەحکووم بە نەمانە**

**تەنیا جیاوازیی بەشێکی ئوپۆزیسیۆن لەگەڵ ڕێژیم لەوەدایە کە کۆماری ئیسلامی مەزەبی شیعە بە بەشێکی جیانەکراوە لە ناسنامەی ئێران دەزانێ، بەڵام ئوپۆزیسیۆن چەمکی «کولتووری ئێرانی» کە هاوواتای کولتووری فارسە وک جێگرەوەی مەزهەبی شیعە بە کار دێنێ بۆیە بۆ ئێمەی کورد و باقی نەتەوەکانی دوور لە بازنەی دەسەڵات، مەوداگرتن لەگەڵ چەمکەکانی «نەتەوەی ئێران و ناسنامەی ئێرانی»، بەربەرەکانێکردن لەگەڵ ئەو زێهنیەتە و دارشتنەوەی سەرلەنوێی ئەو چەمکانەی کە پێوەندییان بە چارەنووس و ناسنامەی ئێمەوە هەیە، ئەرکێکی بنەڕەتییە**

# بزن نەگبەتیی هات، نانی شوان دەخوات

چەکۆ ئەحمەدی

پاش شەڕی یەکەم و دووهەمی جیهانی، لانیکەم مرۆڤە ئاسایی و هەستناسەکان پێیانوابوو چیدیکە مرۆڤ هێندە ئەزموونی وەرگرتووە کە بزانێ شەڕ هەمماڵوێرانکەرە و هەم ئاکامی دڵخوازی بەدواوە نییە و لە ئاکامدا هەر دەبێ چاو لە چاوی یەکدی بکەن و بەدوای ڕێگاچارەدا بگەڕێن. لە قۆناغێکیشدا دەسەڵاتدارانی دەوڵەتان و وڵاتان پێیان وابوو دەتوانن پێش لەوەی دڕندەیەکی وەک هیتلێر هێز بگرێت و ببێتە مەترسی و پەیامهێنەری وەیشوومە، پێشی پێ بگرن و دەرفەتی هێزگرتنی نەدەنێ بەڵام باش وایە بگوترێ بەداخەوە هەرچی بیری لێکرابوویەوە لەوبارەوە، بەفیڕۆ چوو و نەک وەڕاست نەگەڕا، بگرە بەشی هەرەزۆری دەسەڵاتدارانی زلهێز لە قۆناغی جۆراوجۆردا یارمەتیدەری سەرهەڵدان و هێزگرتنی تاک و ئایدیۆلۆژیی تۆندئاژۆیی و دیکتاتۆری و تیرۆریزم و تووتالیتێری بوون. وەک نموونەش دەکرێ لە ستالینەوە دەست پێبکەین تا دەگاتە پاڵەوییەکان و ئەلقاعیدە و تالیبان و سەدام و دەسەڵاتی نگریسی کۆماری ئیسلامیی ئێران کە هەرکامەو بە هۆکارێک ڕۆژاواییەکان یارمەتیدەری هێزگرتنیان بوون.

لە یەکەم ساتدا کاتێ بیر لە وڵاتانی زلهێز دەکرێتەوە، وا وێنا دەکرێ کە هەموو هەنگاوەکان و کردەوەکانیان لەڕووی پلانی تۆکمە و بێهەڵە دادەڕێژرێ، لەکاتێکدا مخابن هەر ئەو وڵاتانە هەزاران هەڵەیان کردووە تاکوو دۆخی گۆی زەوی گەیشتۆتە ئەمڕۆیەک کە هیچ تاکێکی خاوەن بیرکردنەوە ناتوانێ بێخەم لە ئەگەرەکان ژیان بکات.

مرۆڤایەتی و دەوڵەتەکان بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بۆ هەڵبژاردنی ژیانی ئارام لەپێناو یەکدی و بۆ یەکدی، یا بەرژەوەندیی بەشێکی بچووک و سەرکوت و ئاژاوە لە وڵاتی زۆرینە، قەرزدارە. ئێستا بێ یا سەدەیەکی دیکە، مرۆڤ ناچارە ئەو بڕیارە بدات کە ناکرێ بەشی هەرەزۆری مرۆڤایەتی لە نێو شەڕ و ئاژاوە و نەداری و برسیەتیدا بژین و کەمینەیەک چاو لە پەراسووی منداڵی برسی و جەستەی سووتاوی نێو شەڕ بکات. کەواتە، دەبێ بەربەست بۆ مرۆڤ و ئایدیۆلۆژیی مەترسیدار دابنرێ.

پێش لەوەی خومەینی لە ئێراندا دەسەڵات بگرێتە دەست، نزیک بە هەموو دەسەڵاتدارانی زلهێزی دنیا، نە لەبەر خۆشەویستی، بەڵکوو لە ڕق، واتا بۆ دژایەتیی یەکیەتی سۆڤیەتی سووسیالیستی، بواریان بۆ دەسەڵاتگرتنی قوتابخانەیەکی ئایدیۆلۆژی خۆش کرد کە ئێستاشی لەگەڵ بێ نە توانای بەرەنگارییان بووە لەگەڵی نە ئیرادە. لێرەدا توانا تەنیا توانای دەسەڵاتی ئابووری و سەربازیی نییە، بەڵکوو لانیکەم تا ئێستا توانای تێگەیشتن لە مەترسییەکانی هێزگرتنی ویلایەتی فەقێیان نەبووە و نەیانزانیوە فەلسەفەی بوار خۆشکردن بۆ هاتنی مەهدی یا تەقییە چ واتایەکی هەیە.

سەدەی ٢١ بە شەڕ و ماڵوێرانی لە زۆر وڵاتدا دەستی پێکرد. لە ئێستاشدا یەکێک لە ترسناکترین شەڕەکان لەڕاستیدا لەنێوان جەمسەرە پێشووەکانی سەردەمی شەڕی سارد لەگۆڕێدایە. دەکرێ بگوترێ ئێستاشی لەگەڵ بێ، مرۆڤایەتی هێشتا هەر لە بازنەی ئاوزی سەد ساڵ پێشدا دەسوورێتەوە.

بەڵام لەم نێوەدا، ئاکامی هەڵەکانی دوو دەیەی ڕابردووی وڵاتانی زلهێز بۆ چارەسەری مەترسییەکان لە هەموو بوارەکانەوە (تەناهی، ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتی) ڕەنگدانەوەی هەیە و دەکرێ بگوترێ ئێستا لە هەستیارترین قۆناغەکانی پەنجا ساڵی ڕابردووە.

نزیک بە سی ساڵە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێرانی، ڕاستەوخۆ هەنگاو بەرەو گەیشتن بە چەکی گەرەنتیدەری مانەوەیان، واتە چەکی ناوکی دەنێ. نزیک بە بیست ساڵە وڵاتانی زلهێز و عەرەبی و بەشێک لە دراوسێکانی ئێران لە ڕواڵەتدا هەوڵ بۆ ڕازیکردنی ڕێژیم دەدەن تاکوو بەرەو چەکی ناوکی نەڕوات، بەڵام بەکردەوە تا ئێستا هەموو هەوڵەکانیان نەک سەرکەوتنی بەدەست نەهێناوە، بەڵکوو دەکرێ بە ئاشکرا بڵێین تەنانەت هەڵسوکەوتی ڕۆژاواییەکان یارمەتیدەری سیاسەتەکانی ڕێژیمی ئێران بووە.

هەڵسوکەوتی ئەو وڵاتانە هێندە تەڕ بووە وەک بڵێی ئەم ڕێژیمەی ئێران یەکەم دیکتاتۆر و یەکەم تیرۆریستی دەوڵەتییە و نەناسراوە. واتە ئێستاشی لەگەڵ بێ چاوەڕوانیی ئەوەیان هەیە لە دڵی ئەو سیستمە فاشیستە ئایدیۆلۆگەدا تاقمێکی ئازادیخواز سەرهەڵبێنێ کە بتوانێ گۆڕانێکی هێندە بنەڕەتی لەو دەسەڵاتەدا پێک بێنێ کە ببێتە بەشێک لە پرۆژەی ئازادی و دێموکراسی لە ناوچە و جیهاندا. ئەمە لەکاتێکدایە کە هەرگیز لە مێژووی ئەو نەتەوە سەردەستەی ئێراندا قۆناغێکی تەنانەت کورتیش نابینرێ کە هزری بەڕێوەبەرانیان لە بازنەی بیری ئازاددا بسووڕێ بەڵکوو تەنانەت سەرەڕای هەموو ساختەکارییەکی مێژووییش، ئەوان و ڕابردوویان پڕاوپڕە لەگەڵ ڕشتنی خوێن و وێرانی و تیرۆر و تۆقاندن. بەڵام، هەروەک ئاماژەی پێدرا، ئێستا ئیدی قۆناغەکە زۆر هەستیارترە لە ڕابردوو و پێدەچێ وڵاتانی بەرامبەری ئێرانیش تا ڕادەیەک هەستیان بەم مەترسییە کردبێت.

بە دوو هۆکاری سەرەکی ئێستا ئیتر دەبێ بڕیارێکی زۆر جیددیتر لە ڕابردوو لەسەر ڕێژیمی ئێران بدرێ و یەکلایی بکرێتەوە.

ئا: شەڕێکی بەربڵاو و بەرین لەگۆڕێدایە کە هۆکاری ئەوەی جیهان ناتوانێ ڕاستەوخۆ دژی فراوانخوازیی ڕووسیا تێکەڵ بەو شەڕە ببێ، هەبوونی چەکی ناوکییە لەدەست پووتین و ڕێژیمەکەی.

ب: بەپێی زانیاریی دەزگا سیخوڕییەکان و بەتایبەت ئیسراییل، ئێستا ئیدی دەستڕاگەیشتنی ڕێژیمی تاران بە ڕێژەی پێویستی یۆرانیۆم بۆ بۆمبێکی ناوکی، لە ئاستی حەوتوودایە و مەترسییەکان بۆ ئەو ئەگەرە زۆر چڕتر بووەتەوە.

واتای ئەم دوو خاڵە ئەوەیە کە سەرەڕای هەبوونی مەترسیی فراوانخوازیی دەسەڵاتدارانی ڕووسیا، جیهان توانای ئەوەی نییە وڵاتێکی دیکەی هاوپەیمانی ڕووسیا لەخۆبگرێ کە خاوەن چەکێکی لەوچەشنە بێ.

لە حاڵێکدا ئەم وڵاتە و دەسەڵاتدارانی، بە درێژایی مێژوویان بەردەوام لە هەوڵی فراوانخوازی و خۆسەپاندندا بوون و هاوکات، لانیکەم لە مێژووی چل ساڵی ڕابردوویاندا لە هیچ جۆرە کردەوەیەکی دژەمرۆیی وەک تەقاندنەوە، تیرۆر، ژینۆساید، شەڕی ڕاستەوخۆ و مووشەکباران و سازکردنی دەستە و ڕێکخراوی تیرۆریستی لە وڵاتانی دیکەدا درێغی نەکردووە و ئاکامەکەشی کە هێشتا دەستی بە چەکی ناوکی نەگەیشتووە، لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و وڵاتانی جیهان بە ڕوونی بەرچاو و بەرهەستە. هەموو نیشانەکانی هەوڵی چڕی ڕێژیمی ئێران بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی بەرچاوە. هاوکات لەڕوانگەی ئایدیۆلۆژیشەوە، ئەوەی ناسیاویی لەگەڵ فەلسەفەی ئەواندا هەبێ، دەزانێ کە چەکی ناوکی جۆرێکە لە ستراتیژیی درێژخایەنی ئەوان کەواتە هەموو ئەو ئەگەرانەی تا ئێستا لەسەر هەوڵی ڕێژیم بۆ بەدەستهێنانی چەکی ناوکی لەلایەن وڵاتان و دەزگا سیخوڕییەکانەوە بڵاو بووەتەوە، ڕاستە و هیچ گومانی تێدا نییە. هەر ئەو بێگومانییەش وای کردووە زلهێزانی ڕۆژاوا و ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی بگەیەنێتە هاودەنگییەکی تا ڕادەیەک تۆکمە بۆ بەرنگاربوونەوەی ڕێژیم و ملهۆڕییەکانی بەڵام دیسانیش تا ئێستایشی لەگەڵ بێ، ئەوانەی لەم بوارەدا چالاکن، کردەوەکانیان هاواهەنگیی تەواوی پێوە دیار نییە هەرچەند هەوڵەکان زۆر چڕتر لە ڕابردووە بۆ پێکهێنانی هاوپەیمانیی ناوچەیی و جیهانی. لە چەند ساڵی ڕابردوودا بەردەوام گورزلێدان لە کاربەدەست و بنکەکانی ڕێژیم پاتەوپات دەبێتەوە کە هەواڵدەریی هەموو وڵاتان و بەتایبەت ڕاگەیاندنە فارسی زمانەکان بەردەوام ئەم گورزلێدانە دەخەنە ئەستۆی ئیسراییل و ئیسراییلیش خۆی لێ نەبان کردووە. بەڵام لە چەند ساڵی ڕابردوودا، ئیسراییل زۆر بەڕوونی و بە ئاشکرا هێزە تیرۆریستییەکانی ڕێژیمی لە سووریا کردۆتە ئامانج و ماوە بە ماوە لاشەی فەرماندەر و تاقمی سەر بە ئێران بەرەو تاران باوەخۆن دەکرێنەوە و ئێرانیش بەپێچەوانەی کوژراوانی دیکەی، بێدەنگییان لێدەکات.

دوایین جار ئیسراییل هێرشێکی چڕی کردە سەر فڕۆکەخانەی دیمەشق کە ببووە تێرمیناڵی ڕاگواستنی چەکی ئێران بۆ تیرۆریستانی لوبنان و فەلەستین، هەروەها گواستنەوەی تیرۆریستانی ئێرانی و پەروەردەکراوی دەستی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران. بە بۆردمانی ئەم فڕۆکەخانە، ئیسراییل توانیویە بەشێوەی کاتی مەترسی لەسەر خۆی دوور بخاتەوە، بەڵام ئیسراییلیش و هەموو وڵاتانی دیکەش دەزانن کە ئەمجۆرە کردەوانە تەنیا مەترسییەکان بەشێوەی کورتماوە وەپاش دەخات و چارەسەر نییە. ڕوونە کە تەناهیی وڵاتانی عەرەبی و ئیسراییل و ڕۆژاوایی لە هەموو ڕوویەکەوە بە هۆی بوونی دەسەڵاتێکی ئاوا لە ئێراندا، لەمەترسیدایە و تەنانەت بۆ هێندێ وڵاتیش مەترسیی مان و نەمانیان لەگۆڕێدایە. بەکورتی، ڕێژیمی ئێران تەنانەت گەر ناچار بێ باجی زۆر مەزنیش بدات، هەوڵی خۆی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی ڕاناگرێ. وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی، دەزانن کە کات بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕێژیمە نزیک لە کۆتاییە. بەرجام و هەرجۆرە وتووێژێک لەسەر ئەو بابەتە سەرکەوتوو نابێ لە ڕازیکردنی ڕێژیم بۆ نۆرماڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی.

**ڕێژیمی ئێران تەنانەت گەر ناچار بێ باجی زۆر مەزنیش بدات، هەوڵی خۆی بۆ گەیشتن بە چەکی ناوکی ڕاناگرێ. وڵاتانی ناوچەکە بەتایبەت ئیسراییل و وڵاتانی عەرەبی، دەزانن کە کات بۆ ڕاگرتنی ئەو ڕێژیمە نزیک لە کۆتاییە. بەرجام و هەرجۆرە وتووێژێک لەسەر ئەو بابەتە سەرکەوتوو نابێ لە ڕازیکردنی ڕێژیم بۆ نۆرماڵ کردنەوەی سیاسەتەکانی.**
**وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئامریکا دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و بکوژە، کەواتە نابێ چاوەڕێی ئەوە بن ئەگەر پشتگیریی بزووتنەوەکانی ناوخۆ نەکەن، خەڵکی ناوخۆ بتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ، چونکوو ڕێژیم نە کوشتنی مرۆڤەکانی بۆ گرنگە و نە وێرانیی وڵاتێک و پاکتاوی ئەو نەتەوانەی کە بە ئەویدی خۆی دەزانێ. ڕێژیم ئێستا دیکە بە ئاشکرا خەریکە پەلاماری هەموو بەها مرۆییەکان دەدا و بەجۆرێک ڕاستەوخۆ نانی شوانی برسی دەخوات**

وڵاتانی جیهان و بەتایبەت ئامریکا دەبێ لەوە تێبگەن کە ئەو ڕێژیمە دیکتاتۆر و بکوژە، کەواتە نابێ چاوەڕێی ئەوە بن ئەگەر پشتگیریی بزووتنەوەکانی ناوخۆ نەکەن، خەڵکی ناوخۆ بتوانێ ئەو ڕێژیمە بڕووخێنێ، چونکوو ڕێژیم نە کوشتنی مرۆڤەکانی بۆ گرنگە و نە وێرانیی وڵاتێک و پاکتاوی ئەو نەتەوانەی کە بە ئەویدی خۆی دەزانێ.

ڕێژیم ئێستا دیکە بە ئاشکرا خەریکە پەلاماری هەموو بەها مرۆییەکان دەدا و بەجۆرێک ڕاستەوخۆ نانی شوانی برسی دەخوات. دەبێ چ هێزەکانی دژبەری ڕێژیم و چ وڵاتانی بەر هەڕەشەی، ئەگەری مانەوەی ئەم دەسەڵاتە و چ ئەو وڵاتانەی باوەڕیان بە فەلسەفەی ئازادی هەیە، یەکانگیر بن و بگەن بەو قەناعەتە تا ڕۆژێک زیاتر پەل بهاوێژێ، وێرانییەکانی گۆی زەوی قووڵتر و بەرینتر دەبێتەوە.



# تەڵقین یان پیرۆزی؟

ئاسۆ مینا

باوەڕ و عەقیدە بە خورافات و شتی بێبنەما لە دەسکەوتەکانی بیری کۆن و ناسەردەمیانەی فکرە چەقبەستووەکانە کە ڕابردووی دوورودرێژی هەیە و دیاردەیەکی نوێ و ئەمڕۆیی نییە. کۆمەڵێک مرۆڤ کە ڕێژەیان کەمیش نییە بۆ کاروباری ژیان ئەولەوییەت بە تەڵقین دەدەن و ژیانیان لەسەر باوەڕی تەواو بە شتە نالۆژیکییەکان دەبەنە پێش نەک زاڵکردنی هێژمۆنی عەقڵ و مەعریفە.

بە درێژایی مێژوو هەر شێوە باوەڕ و بیرکردنەوەیەک، کەسانی تایبەت بە خۆی هەبووە کە بۆ بڵاوکردنەوە و پەیداکردنی لایەنگر بانگەشەیان بۆ کردووە. هەندێک بیروباوەڕ سەرچاوەیان زەوینی و زۆرێک وەکوو سەرچاوەی ئاسمانی بە خەڵک ناسێندراون. هەندێک هەڵگری بەرنامەی دروست و ئوسوولی و زۆرێک زەبریان لە ژیان و گوزەرانی بەشەرییەت داوە. هەندێک ئامانجیان خزمەت بە مرۆڤایەتی و زۆرێک بە ئامانجی بەلاڕێدابردن و ڕەشکردنی چارەنووسی مرۆڤەکان و زۆرجار بە ئامانجی کۆکردنەوەی قازانج و بواری مادی کراوە.

لە سەردەمی ئێستاشدا سەرەڕای گۆڕانی قووڵ و پێشکەوتنی زۆر بەڵام بیروباوەڕە خورافییەکان هێشتا کڕیاری خۆیان هەر ماوە و برەوی خۆیان هەر هەیە.

لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان گرتە ویدیۆیەک بڵاو بوویەوە کە لەودا سەرلەشکر «ڕەحیم سەفەوی» فەرماندەی پێشووی سپای تێرۆریستی پاسداران و ڕاوێژکاری نیزامیی «خامنەیی» لە کۆبوونەوەیەکی خوێندکارانی فێرگەی «دافووس»ـی سەر بە ئەرتەش باس لە چاکبوونەوەی «نەوە»کەی دەکات کە تووشی نەخۆشی زەردوویی بووە و «خامنەیی» قەنداغێکی بۆ گرتووەتەوە و دوعای لەسەر خوێندووە و فووی تێکردووە و بەو دوعایە ئەو منداڵە چاک بووەتەوە و «سەرلەشکر» بەوە دەیهەوێ پیرۆزی و تەقەدوس بە خامنەیی ببەخشێت و بۆ کارەکەشی نموونە دەهێنێتەوە.

ڕەنگە «سەرلەشکر» یا زۆر زیرەک بێ یا لەوانەیە زۆر گێل و کۆیلە. لە سەرەتادا کۆمەڵێکی گوێلەمست و گوێڕایەڵی بەناو خوێندکاری وەگیر کەوتووە کە ئەو جەماعەتە کوشتە ومووردەی ڕێبەرین و هەرچی پێیان بڵێی وەکوو خۆی وەری دەگرن و بیرکردنەوە و پرسیارکردن و گومان لەو بارانەوە لای ئەوان حوکمی «کوفر»ی هەیە. دووهەم ئەوەی کە نەک سەرلەشکر بەڵکوو زۆربەی بەرپرسانی ڕێژیم لە قسەکردنی خۆیان و بێدەنگی جەماعەت و بەردەنگەکانیان چێژ وەردەگرن و هەرچی بەسەر زمانیاندا بێ دەیڵێن.

کە دۆخەکە بەو شێوەیە بوو، خورافات لەلایەن خوراڤاتچی وەکوو وانە دەگوترێتەوە و وەرگیرانەکەشی لەلایەن گوێلەمست و خورافەپەرستەکانەوە وەکوو فەرز چاوی لێ دەکرێت و چونکە ئەو خورافاتە ئاوێتەی دەسەڵاتی «سیاسی»ـیە، چاکتر و باشتر جێی خۆی دەگرێت.

دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان بە مەبەستی گوێڕایەڵی و بە کۆیلەکردنی خەڵک، پیرۆزیی بە کەسێک دەبەخشن. ئەوە کاتێکە کە کەسەکە دەسەڵاتی بەدەست بێت ئەگینا ئەو پیرۆزییە دروست نابێت. «خامنەیی» لە سەردەمی ڕێژیمی شاهەنشاهیدا خۆی وەکوو کەسێکی خەڵکیی نیشان دەدا و سەردانی کەسانی ئەدەبدۆست و خاوەن بیروڕای دەکرد و بۆخۆی دەچووە بەر دەرگای ماڵی کەسانی گەورە و خاوەنناو و تەنانەت دوای ئەوەی ڕێژیمی ئیسلامی لە ئێراندا بە زۆر خۆی سەپاند و دوای مردنی «خومەینی» و پێشنیارکردنی «خامنەیی» وەکوو ڕێبەری ڕێژیم، ئەو قەبووڵی نەدەکرد و دەیگوت کە من بۆ ئەوە شیاو نیم و لیاقەتی ئەو کارەم نییە بەڵام بە دوای هاتنەسەرکاری ئیتر دەزانێت کە گوێڕایەڵی زۆرە و هەرچی بیڵێ دەوروبەرییەکانی جێبەجێی دەکەن، پیرۆزیی بە خۆی دەبەخشێت و خۆی دەکاتە نوێنەری خودا لەسەر زەوی و ئەمڕۆکە وای لێهاتووە کە ڕۆحی مەسیحانەفەسی پەیدا کردووە و بە فوویەک ژیان دەبەخشێتەوە یا نەخۆش چاک دەکاتەوە.

دوور لە عەقڵە باوەڕ بەوە بکرێت کە کەسێک بۆخۆی لە ترسی مەرگ لە هیچ کوێ جێگای نەبێتەوە بەڵام چاوەڕوانی ئەوەی لێ بکرێت ژیان ببەخشێتەوە یا نەخۆشییەکان چارە بکات. دەڵێن «کەچەڵ ئەگەر تیمارکەر بێ تیماری سەری خۆی دەکا»، «خامنەیی»ـش چۆن دەتوانێ بە «فوو»یەک چارەسەریی نەخۆشی بکات، لە کاتێکدا کە خۆی هەموو ڕۆژێ لە ژێر ڕەحمەتی دەستی پزیشک و دوکتورە تایبەتەکانیدا چارەسەر وەردەگرێت و بە پچکڕپچکڕ خۆی لە مردن دەشارێتەوە و ژیان بەڕێ دەکات.

«سەرلەشکر» بەو کارەی یەکەم ئەوەی کە دەیهەوێ ماستاوچێتی بۆ سەرۆکەکەی بکات و جێگەوپێگەی لەلای ئەو بەهێزتر بکات و لەلایەکی دیکەوە پیرۆزیی بۆ بگێڕێتەوە، ئەوە لە حاڵێکدایە کە لە ئێستادا خەڵک بەو جۆرە چیرۆکانە تەنیا پێکەنینیان دێ و دەبینین کە زۆربەی بەنێرەکانی «خامنەیی» لە ناوەندی شارەکان دەسووتێندرێ، ئەوە نیشان دەدا کە خامنەیی و ڕێژیمەکەی کاریان لەکار ترازاوە. بە دڵنیایی «سەرلەشکر» لێی تێک چووە و ئەوە فووی «خامنەیی» و پیرۆزیی ئەو زاتە موبارەکە نەبووە کە «نەوە»کەی بۆ چاک کردووەتەوە بەڵکوو تەنیا «تەڵقینـ»ـێک بووە کە «سەرلەشکر» بۆ چاکبوونەوەی ئەو منداڵە بەخۆی کردووە و هیچی تر و مانای «تەڵقین» و «پیرۆزیی» لێ تێک چووە.

# ژیار مەهاباد:

## ئۆپۆزیسیۆنی فارس هێشتا نەیتوانیوە لە گریمانە کۆنە سیاسییەکانی، خۆ دەرباز بکات بۆیە لە زۆربەی لێدوانەکانیاندا خۆ لە قەرەی پرۆژەی سیاسی و حوکمڕانی داهاتووی ئێران نادەن؛ واتە بە جۆرێک خۆیان لە قبووڵکردنی ئەو پرسە دەدزنەوە

وتووێژ: ڕەحمان سەلیمی

کۆماری ئیسلامی کە لە ئێستادا هیچ ڕەواییەکی نەماوە و ڕۆژانە لەگەڵ شەپۆلی بەربڵاوی نارەزایەتی چین و توێژەکانی کۆمەڵگای ئێران بەرەوڕوو دەبێتەوە؛ بۆ دەربازبوون لەو ڕێژیمە خەڵکانی ئێران چ ئەرکێکیان لە ئەستۆیە؟ تا چەندە یەکگرتوون و هاوکات ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی چەندە لێک نیزیکن کە لە ئێرانی دوای کۆماری ئیسلامی بتوانن بە بەرنامەیەکی شیاو حوکمڕانی بکەن کە ویستی هەموو گەلانی ئێران لەخۆ بگرێت؟ ئەرکی هێزە کوردییەکان چییە و دەبێ چی بکەن؟

لەو وتووێژەدا لەگەڵ بەڕێز «ژیار مەهاباد»، مامۆستای زانکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەپرژێینە سەر ئەو بابەتە کە سەرنجتانی بۆ خوێندنەوەی ڕادەکێشین.

**ـ تاکتیکەکانی دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران بۆ ترساندنی خەڵکی ئێران بەنیسبەت ڕووخانی ئەو ڕێژیمە چییە و چەندە وڵامدەرە؟**

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەک ڕێژیمێکی دیکتاتۆر و سەرەڕۆ کە خۆی بە ئایدیۆلۆژییەکی توندئاژۆی مەزهەبییەوە گرێ داوە بنەمایەکی فکری بۆ خۆی هەم لەباری میکانیزمی حوکمڕانی هەم لەباری چۆنیەتی حوکمڕانی وەسەریەک ناوە. لە چوارچێوەی ئەو بنەما فکرییەدا کۆماری ئیسلامی خۆی بە بەرپرسیاری پاراستن و دابینکەری مافەکانی خەڵک نابینێ. ئەو ئایدیۆلۆژییە ئیزن بە سەرکردەکانی کۆماری ئیسلامی دەدا خەڵک و کۆمەڵگای ئێران وەک ئامرازێک بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجە ئایدیۆلۆژیکەکانی پێناسە بکەن. لەو سۆنگەوە، ئەگەر هەر دەستە و تاقمێک بیانهەوێ داوای مافی سروشتی و ژیانی سرووشتی خۆیان بکەن وەک تاوانبار سەیر دەکرێن کە خەریکن خەیانەت لە ئارمان و ئامانجە پیرۆزەکانی ئەو ئایدیۆلۆژییە دەکەن. لە قاموس و فەرهەنگی سیاسی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی لەکارکردنی ئەوپەڕی سەرکوت باشترین چارەسەرە؛ واتە دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی بەپێی ئەوە سەیری سیاسەت و حووکمرانی دەکەن و ڕەواییشیان لە خەڵک و ڕازیبوونی کۆمەڵانی خەڵک وەرناگرن بۆیە لای ئەوان خەڵکی باش ئەو خەڵکەیە پێملی سیاسەتی ئەوانە؛ هەر خەڵکێک وانەبوو خائین بە دین و خودا و گەلە و دەبێ توندترین سزای بەنەسیب بێت.

کۆماری ئیسلامی بۆ جێبەجێکردنی ئەو سیاسەتە، هەوڵی داوە، لە سپاردنی ئەرک و بەرپرسیارەتییەکانی گرینگ زۆر بەپارێز بێت، تەنیا کەسانی گوێڕایەڵی خۆی کردووەتە بەرپرس تا بتوانێ بە تەواوی سیاسەتی ترساندن بەئەنجام بگەیەنێت. بابەتێکی دیکە کە وەک میکانیزم بۆ سەرکوت کەڵکی لێوەردەگرێ، ئەمنیەتیکردنی هەموو ژیانی ئاسایی خەڵک و کۆمەڵگایە. کۆماری ئیسلامی، هەوڵی تەواوی داوە خەڵکی ئێران وا هەست بکەن لە هەموو کاتوساتێکدا چاودێرییەکی قوورسیان لەسەرە؛ ئەو میکانیزمە، کۆمەڵێک دیاردەی بەدواوە بووە لەوانە: خەڵکی تووشی دڵەڕاوکێ کردووە، پەرەی بە بێمتمانەیی کۆمەڵایەتی و سیاسی داوە، دوورەپەرێزبوونی خەڵک لە کاری هاوبەش لە پێناو بەرژەوەندی گشتی، دروستنەبوونی گوتارێکی ئێعترازی هاوبەشی کرداری و سەرتاسەری.

بابەتێکی دیکە کە کۆماری ئیسلامی بۆ کۆنترۆڵکردنی کۆمەڵانی نارازی خەڵک کەڵکی لێوەرگرتووە بریتین لە شانتاژ و پڕوپاگاندای ناڕاست و چەواشەکارانە، دروستکردنی فیلم و دێکیۆمێنتاری ناڕاست بۆ بێبایەخکردن و ڕەشکردنی دژبەرەکانی خۆی، دروستکردنی هێزی دەستکردی سەر بە دامودەزگا ئەمنییەکانی. ئەو هێزە دەستکردانە، لە سیمای جۆربەجۆری خێرخوازی، ڕۆژنامەوانی، ژینگەپارێزی، وەرزێری و ...دا ڕێک دەخرێن و دەبنە پاساوی کۆمەڵایەتی بۆ ڕێژیم. ئەو هێزە دەستکردانە، بەپێی هەر ناوچەیەکی ئێران جیاوازە بۆ وێنە لە کوردستان لە ڕێکخستنەکانی ئیسلامی ئیخوانی، عەشایری چەکدار و ڕۆژنامەوانانی سێبەر کەڵک وەرگیراوە.

**ـ تاک و کۆمەڵگای پێکهێنەری ئێران بۆ ڕزگاری لەو دۆخە چ بەرپرسیاریەتییەکان لەسەر شانە؟**

کۆمەڵگای ئێران و تاکەکانی نیشتەجێ لە ئێران لەلایەن حاکمانی ئەمنی ئێرانەوە چوارچێوەیەکی تەواو تەسکیان بۆ سازکراوە. هەوڵی سەرەکی دەسەڵات ئەوەیە تاک و کۆمەڵگای ئێران توشی پاشەکشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی بکات. پرۆژەکانیان بۆ تێکشاندنی ئیرادەی خەڵک تەواو دەکار دێنن بەڵام تاکی ئێرانی، خاوەن ئەزموونی سیاسی گەورەیە، تاکی ئێرانی لە سەد ساڵی رابردوودا کردەی سیاسی گەورەی ئەنجام داوە. ئەو تاکە قاتوقووری شەڕی جیهانی ئەزموون کردووە، کودتای ساڵی ٣٢ بەسەردا هاتووە، زەخت و زۆری ساواکی تێکشکاندووە، شۆڕشی ساڵی ١٣٥٧ی لە ئەنگوستەچاوی ئیستبدادی پەهلەوی ئەنجام داوە، هەر ئەو کۆمەڵگایە شۆڕشێکی مەدەنی و کۆمەڵایەتی گەورەی پاش تەواوبوونی شەڕی ئێران و عێراق وەڕێ خست کە بەداخەوە ئیسلاحتەڵەبانی دەوڵەتی و نەهادە ئەمنییەکان بە پرۆژەی تێرۆر ئەو شۆڕشە کۆمەڵایەتییەیان لەبار برد. هەر ئەو کۆمەڵگایە، لە ساڵی ٨٨ چەخماخەی بزووتنەوەیەکی بڵاوی کۆمەڵایەتی نوێ دەست پێدەکاتەوە، چەند ساڵ دواتر، دیسان شۆڕشێکی بەرفراوانی کۆمەڵایەتی سەرهەڵدەداتەوە کە ئەوجار شۆڕشەکە چەند جیاوازی نوێ لەخۆدەگرێت. بۆوێنە دروشمەکانی کۆمەڵانی خەڵک ڕادیکاڵتر دەبن، واتە جەوهەری سەرهەڵدانی دەیەی نەود تەواو تەعبیر لە گۆڕانێکی قووڵ دەکەن. پانتایی نارەزایەتییەکان هەم لە ڕووی ویست هەم لە ڕووی بەشداری چین و توێژەکان بەرفراوان و ڕادیکاڵترە. ئەو پێشخانە لە سەرهەڵدان، پێمان دەڵێ کە تاک و کۆمەڵگای ئێرانی، سەرەڕای ئەوەیکە سەرکوتی گەورەی نەرم و سەختی لەسەرە بەڵام، لە جووڵە نەکەوتووە تازە جار لەگەڵ جار ئاستی ویستەکانی توندتر و ڕادیکاڵتریش بووە. ئەوە نیشان لە زیندووبوونێکی کۆمەڵایەتییە کە ئەو کۆمەڵگایە هەیەتی. خاڵێکی دیکە کە پێویستە ئاماژەی پێ بکرێ، کۆمەڵگای ئێران ویستە دێموکراتیکەکانی پەرەی ئەستاندووە. خەڵکی ئێران، وەک ڕابردوو پێبەندی هیچ ئایدیۆلۆژییەک لە ڕاست و چەپ یان ئیسلامی و دینی نین. ئەوە یەکجار گرینگە. خەڵکی ئێران باشتر دەتوانن لە دەوری ویستە دێموکراتیکەکان خۆیان ڕێک بخەن و ئیرادەیەکی یەکگرتوو ساز کەن و لە ئاکامیشدا گوتارێکی سیاسی نوێ وەک ئاڵتێرناتیڤی بزووتنەوەکەیان دروست بکەن.

**ـ دەسەرنجدان بە خۆپیشاندانەکان دژی ڕێژیمی ئێران چ میکانیزمێکی هاوکاری دەتوانێت حیزب و لایەنە سیاسییەکان لە دەوری یەکتر کۆ بکاتەوە؟**

وەک باسمان کرد کۆمەڵگای ئێران لەباری فکری و شعووری سیاسییەوە بەرەو گۆڕانی گەورە ڕۆیشتووە. گوتارە ئایدیۆلۆژیکەکان چیتر بۆ کۆمەڵگای ئێران وەک ڕابردوو خاوەن بایەخ نین. خەڵکی ئێران، لە چەند دەیەی ڕابردوو، چەندین جاری شۆڕشی ئێعترازی وەڕێ خستووە هەرجارەی کە نیشتووەتەوە پاش ماوەیەکی دیکە دیسان ئەو شۆڕشانە بە ویستی ڕادیکاڵتر و بە ڕێژەیەکی کۆمەڵایەتی بەرینتر دیسان خۆی دارشتووەتەوە. بەو پێیە، پێویستە بزانین کۆمەڵگای ئێران بەرەو پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتی جووڵەی کردووە. بۆیە هێزە سیاسییەکان پێویستە ئەو گۆڕانکارییە فکرییە لەبەرچاو بگرن. پێویستە، دەستووری کارێکی سیاسی نوێیان بۆ ئێستا و داهاتووی ئێران هەبێ واتە چیتر ناکرێ بە پرۆژەکانی سیاسی دەیەکانی ڕابردوو بیر لە ستراتێژی گۆڕان و دارشتنەوەی ئێران بکرێت.

ئەگەر بڕیار بێ بیر لە پرۆژەی هاوکاری بکرێت بەپێی ئەو گۆڕانکارییە فکری و کۆمەڵایەتییە کە لەنێو کۆمەڵانی خەڵک دروست بووە، پێویستە دوو بابەتی ستراتژیک فکری لێ بکرێتەوە، یەکەم، بەها دێموکراتیکەکان زیاتر برەوی پێبدرێ، واتە هەوڵ بدرێ خەڵک و ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگا لە دەوری ئەو بەهایانە تۆکمەتر بکرێت. ئەزموونی سیاسی گۆڕانکارییەکانی وڵاتان بۆمان دەردەخا ئەگەر پانتایی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵگا لە دەوری بەها دێموکراتیکەکان تۆکمەتر بێت گوتاری سیاسی دێموکراتێک هەم بۆ قۆناغی گۆڕان و هەم بۆ قۆناغی دارشتنەوەی سیاسی دروست دەبێت. بابەتی دووهەم کە وەک خاڵێک پاڵنەر و ستراتژیک دەکرێ باسی بکەین، دروستکردنی بەرەیەکی گەورەی هێزە سیاسییەکانە. لە ڕووی ڕۆحی و ڕەوانی بوونی بەرەیەکی یەکگرتوو بە پلاتفۆرمێکی دیاریکراو بۆ داهاتووی سیاسی دەتوانێ ڕاستەوخۆ، هەم گوتاری سیاسی دێموکراتێک و هەم یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی بۆ وەڕێخستنی ئێعتراز زیاتر و پتەو بکا.

**ـ ئایا حیزب و لایەنە سیاسییە جیاوازەکانی ئێران دەتوانن لە ڕاستای تێپەڕین بەسەر دۆخەکەدا مەیدانێکی هاوبەش بۆ هاوکاری دامەزرێنن؟**

چەند بابەتی گرینگ هەیە پێویستە هێزە سیاسییەکان بەتایبەت هێزە سەرتاسەرییەکان بۆ قۆناغی ئێستا و داهاتووی سیاسیی ئێران سرنجی بدەنێ. یەکەم، گەلانی ئێران پلۆرالیزمی سیاسی و کۆمەڵایەتییان وەک بەهایەکی دێموکراتیک قبووڵ کردووە واتە هیچ هێزێکی سەرتاسەری نابێ، لە دەرەوەی قبووڵکردنی پلۆرالیزمی سیاسی چاو لە ئێرانی داهاتوو بکات. دووهەم، کۆمەڵگای ئێران چیدیکە وەک ڕابردوو، قبووڵ ناکات، پلۆرالیزمی سیاسی و بەها دێموکراتیکەکان بە ناوی پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران، یەکێتی نەتەوەیی بە ناوەندی ئیتنیکێک بخاتە ژێرپێ، بۆیە هەموو هێزە سیاسییەکان پێویستە قبووڵ بکەن چیدیکە سەرمایەگوزاری لەسەر ئەو بەها دژە دێموکراتیکانە نەکەن. چوون ئەو فکرە هیچ خزمەتێک بە ئێستا و داهاتووی سیاسی ئێران ناکات و بگرە ئیزن دەدا ئیستبداد زیاتریش بمێنێتەوە. سێ، پێویستە دارشتنی پرۆژەی سیاسی حوکمڕانی ئێران هەر لە ئێستاڕا لەسەری ساخ ببنەوە، هیچ شتێک بۆ داهاتوو پووشبەسەر نەکرێت. ئەگەر پلاتفۆرمی سیاسی چۆنیەتی حوکمڕانی داهاتوو دیاری بکرێ کۆمەڵانی خەڵک هەم ئاستی یەکگرتنیان زیاتر دەبێ، هەم توانای کردەی سیاسی گشتی و سەرتاسەری لە نێویاندا زۆرتر دەبێت بۆیە لە کۆتاییدا دەکرێ بڵێین هێزە سیاسییەکان پێویستە دوو کاری گرینگ و ستراتژیک بە زووترین کات بە ئەنجام بگەیەنن:

یەکەم، دروستکردنی بەرەیەکی یەکگرتووی سیاسی لە دەوری بەها دێموکراتیکەکان، دووهەم، دارشتن و پلاتفۆرمێکی ڕوون بۆ چۆنیەتی حوکمڕانی سیاسی لە داهاتوو.

**ـ خەڵکی ئێران بەگشتی هیچ متمانەیەکیان بە ڕێژیمی ئیسلامی نەماوە و خوازیاری نەمانی ئەو ڕێژیمەن، وەک ئاڵتەرناتیوێک داوای چ شێوە حوکمڕانییەک دەکەن؟**

زیاتر لە چوار دەیە تەمەنی سیاسی کۆماری ئیسلامی وەک ڕێژیمێکی ئایدیۆلۆژیک کارنامەیەکی وای دروست کردووە کە خەڵک نەک بە کاربەدەستانی ئەو دەسەڵاتە بروایان نەماوە، بگرە بەو ئایدیۆلۆژییەی کە سیستمی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە سەر دامەزراوە هیچ باوەڕێکیان نەماوە واتە، کۆماری ئیسلامی ئێران نەک وەک کاربەدەستانی بەڵکوو وەک فکری سیاسی لەنێو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران تووشی شکست هاتوون. وەک باسمان کرد، خەڵکی ئێران بۆ دارشتنەوەی نیزامیی سیاسی داهاتوویان پشت بەهیچ ئایدیۆلۆژییەکی ڕاست یان چەپ نابەستن. خەڵکی ئێران بۆ داهاتووی سیاسی خۆیان زۆرترین گرینگی بە بەها دێموکراتیکەکان دەدەن. خەڵکی ئێران لە شۆڕشی مەشرووتە تا ئێرە، چەند پرۆژەی سیاسیان تاقی کردووەتەوە کە بە کورتی دەکرێ بە چەند نمونە ئاماژە بکەین؛ پرۆژەی یەکەم، دروستکردنی سیستمی سیاسی ناوەندگەرا لە سەر بنەمای شۆوینیزمی فارسی بوو کە لە دەورەی دوو پاشای پەهلەوی ئەو سیستمە هاتە ئاراوە. ئەو سیستمە سیاسییە، نەیتوانی ئێران و کۆمەڵگای ئێران لە گرفتە مێژووییەکانی نەجات بدات. دەکرێ بڵێین، سیستمی سیاسی دەوڵەتی ناوەندگەرای پەهلەوی چەند دیاردەی لە ئێرانی نوێ لەگەڵ خۆی هێنا؛ یەکەم، شۆوێنیزم کە لەنێو گەلانی ئێران باو نەبوو بەڵکوو شێوەلامەرکەزییەک لە ئێراندا باو بوو کە بەداخەوە هێنایە نێو کۆمەڵگای ئێران و تۆوی چەشنێک لە توندئاژۆیی لە ئێران و کۆمەڵگای ئێراندا چاند. دووهەم، پلۆرالیزمی سیاسی و فەرهەنگی کە پێشووتر لە ئێران باو بوو لەژێر دەسەڵاتی ئەوان ئەو پلۆرالیزمە تەواو تێک دەشکێندرێ و فەرهەنگێکی سیاسی دێتە ئاراوە کە هەر ئەتنیک، ئایین و نەریتێک کە لە دەرەوەی ئەتنیک و ئایین و نەریتی فارس بێ دەبێ ئاسمیلە بکرێ. دێموکراسی وەک بەهایەکی دژی ئەمنیەت و یەکگرتووی ئێران پێناسەی بۆ دەکرێ و بە جێگای ئەوەی شێوە تۆتالیتاریزمێک دێتە ئاراوە. ئەو ئەزموونە نادێموکراتیکە، بە هەموو توندوتیژییەکەیەوە بەدەستی گەلانی ئێران تێکڕووخان. ئەزموونی دووهەم، دەسەڵاتداری ئیسلامی سیاسییە کە پاش شۆڕشی گەلانی ئێران هاتە سەرکار. ئەو دەسەڵاتە لەباری چۆنیەتی حوکمڕانی و دژایەتی لەگەڵ پلۆرالیزمی سیاسی جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئەزموونەکەی پێش خۆی نییە. لەو سیستمە ئایدیۆلۆژیکەشدا، دێموکراسییەت دیاردەیەکی قبووڵنەکراوە. لەو سیستمەشدا، خەڵک هیچ پێگەیەکی سیاسی دێموکراتیکیان نییە. لەو سیستمەشدا ئێرانی باش ئێرانێکە کە خەڵکەکەی هەموو خزمەتکاری ئایدیۆلۆژی وەلی فەقی دەبن. لەو سیستمەشدا، ئەتنیک، ژن، ئایینە جیاوازەکان لە مەزهەبی فەرمی هەموویان یان دەبێ کۆیلەیەکی ئایدیۆلۆژی خاوەن دەسەڵات بن یان دەبێ توندترین سزایان بۆ دیاری بکرێ. لەو سیستمەشدا ناوەندگەرایی سیاسی باشترین شێوازی حوکمڕانی بەئەژمار دێ. لەو سیستمەشدا تۆتالیتاریزمی مەزهەبی هەموو جەمسەرەکانی سیاسەتی مۆنۆپۆل کردووە؛ بۆیە، ئەو دوو ئەزموونە تاڵ و پڕخەسارە وای کردووە، خەڵکی ئێران بروایان بە هیچ سیستمێکی ئایدیۆلۆژیک نەبێ. ئێستا وەک باس کرا، فکری سیاسی کۆمەڵگای ئێران بە جێگای ئایدیۆلۆژیکی سیاسی دیاریکراو، خوازیاری بەها دێموکراتیکەکانە بۆ دروستکردنی داهاتووی سیاسی خۆی بۆیە حوکمڕانی دێموکراتیک کە ناوەندگەرا و تۆتالیتێر نەبێ، لەسەر بنەمای هیچ ئایین و ئەتنیکێک دانەمەزرێ، سێکولار بێ، یاسا سەرچاوەی هێز بێ، هیچ کەس و لایەنێک لە دەرەوەی یاسای نەبێ ئێستا پاش ئەو دوو ئەزموونە تاڵە ویستی خەڵکە بۆیە بە کورتی دەکرێ بڵێین ئێرانی داهاتوو ئێرانێکی پلۆراڵ، یاساتەوەر، لامەرکەزی و فدراتیو دەبێ.

**ـ حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران مۆدێلی ئێرانێکی دێموکراتیک و فێدراڵ وەک باشترین شێوەی حوکمڕانی بۆ داهاتووی ئێران بە سەرنجدان بە واقعییەتەکانی ئەو کۆمەڵگایە کە وڵامدەری ویست و داخوازی هەموو نەتەوەکانی ئێرانە هەڵبژاردووە، ئۆپۆزیسۆنی فارس چۆن چاو لە مۆدێلە حوکمڕانییە دەکات ؟**

مێژووی سیاسی گەلانی جۆراوجۆر بۆمان دەسەلمێنێ، لە هەموو ئەو کۆمەڵگایانەی کە ئیستبداد تێیاندا جێگیرە هەوڵی سەرەکی بۆ دێموکراتیزەکردنی سیاسەت و حوکمڕانی لەلایەک هێزە زوڵملێکراوەکان دەکرێ. ئەو بابەتە، ڕێک لەگەڵ واقعی مێژووی سیاسی ئێران دەگونجێت. ئەگەر چاوێک بە مێژووی بزووتنەوەی سیاسی بۆ دەستەبەرکردنی دێموکراسی بکەین دەبینین کە ئەو هێزانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن بەردەوام هەوڵی دێموکراتیزەکردنی ئێرانیان لە ئەستۆ بووە. لەو هێزانەی لەو سەد ساڵە بەردەوام تێکۆشاوە ئێران لە بەندی ئیستبداد ڕزگار بکا بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان بووە. هەتا ئێستا لە کوردستان سێ پرۆژەی سیاسی بۆ دێموکراتیزەکردنی ئێران هاتووەتە ئاراوە. پرۆژەی یەکەم، لەلایەن حیزبی دێموکرات لە دەورانی کۆماری کوردستان هاتووەتە ئارا. ڕێبەرانی کۆمار لە سەرووی هەموومان، نەک بۆ ئیدارەکردنی کوردستانی ئازاد و دێموکرات، بگرە بۆ ئیدارەکردنی ئێرانی ئازاد و دێموکرات پرۆژەیان هەبووە. لەو دەورانە ڕێبەرانی کۆماری کوردستان بەتایبەت پێشەوا قازی محەممەد، هەموو هەوڵی خۆی دا تا ئێرانی پاش شەڕی دووهەمی جیهانی، ئێرانێکی دێموکراتێک بێت. ئێرانێک کە دەسەڵات لە ڕووی ئەتنیک دابەش کرابێت. مودێلی ئەوان بۆ ئێران، مودێلی ئێرانێک بوو کە لە چاوچێوەیی سیستمی بەڕێوەبەری خۆجێیی دادەمەزرا. هەر ناوچەیەک قەوارەی ئەتنیکی خۆی هەبێ، واتە هەموویان لە بەڕێوەبەری ئێراندا بەشدارییەکی ڕاستەقینەیان هەبێت. پاش شۆڕشی گەلانی ئێران، پرۆژی دووهەم دێتە ئاراوە، ئەویش پرۆژەی خودموختارییە. ئەو پرۆژەیەش تەعبیر لە دروستکردنی ئێرانی دێموکراتیکە. تازە تێئۆریسیەنەکانی ئەو پرۆژەیە، بڕوایان وابوو بۆ ئەویکە ئێرانی داهاتوو گرفتەکانی چارەسەر بکرێ و بەڕێوەبەری خودموختار بتوانێ دەوامی هەبێ پێویستە دێموکراتیزاسیۆن لە ئێران وەک پرۆژەی ژێرخان و هاوبەش دیاری بکرێت. ئەو پرۆژەیەش وەک پرۆژەی یەکەم بەو ڕێژەیە خەمی گەلی کوردی لەبەرە، بەو ڕێژەیەش خەمی پاراستی ئێرانی لە سەر بنەمای دێموکراسی و خودموختاری لەبەرە واتە دژی هەر چەشنە ناوەندچیەتی و تۆتالیتاریزمێکە. لە هەناوی هەردوو پرۆژەدا پلۆرالیزمی سیاسی بایەخی ئەوتۆی پێدەدرێت. پرۆژەی سێهەم، پاش گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین دێتە ئاراوە. گۆڕانکارییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوین، ئەزموونێکی نوێی ناوچەیی و جیهانی لێکەوتەوە کە پێویست بوو گەلی کوردیش ئەو پێویستە لەبەرچاو بگرێت. ئەویش سەرلەنوێ پێداچوونەوە بە پرۆژەی سیاسی چۆنیەتی حوکمڕانی داهاتوو بوو. لەسەر ئەو پێشهاتە نوێیانە و بەلەبەرچاوگرتنی دیاردە نوێیەکان پرۆژەی فێدرالیزم دێتە ئاراوە. ئەو پرۆژەیە، مودێلێکە بۆ حوکمڕانی دێموکراتیک لە ئێران. ئەو پرۆژەیە دەتوانێ لەلایەک پلۆرالیزمی سیاسی لە ئێران وەک بەهایەکی دێموکراتیک و پێشکەوتووخواز دەستەبەر بکا و لەلایەکی دیکەوە دەتوانێ، یەکگرتوویی ئێران کە لە سەد ساڵی ڕابردوو وەک بیانویەک بۆ پێشێلکردنی مافە دێموکراتیکەکان کەڵکی لێوەرگیراوە بپارێزێت. بە نیسبەت ئەو پرۆژانە، کە گەلی کورد و بزووتنەوەکەی بۆ حوکمڕانی دێموکراتیک لە ئێران هێناویتە گۆڕێ، دوو هەڵوێست هەمیشە هەبووە، دەستەیەک هەمیشە وەک مەترسی چاویان لێکردووە، دەستەیەکیش وەک دەرفەتی دەستەبەربوون و جێگیربوونی دێموکراسی چاویان لێکردووە.

بەنیسبەت کۆمەڵگای ئێران، ئێستا خەڵکی ئێران وەک باسمان کرد، خوازیاری پلۆرالیزمی سیاسین و هیچ ئایدیۆلۆژییەک ناتوانێ ئەوان پاشگەز بکاتەوە، بەڵام ئۆپۆزیسیونی فارس بە ڕێژەی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران خوازیاری پلۆرالیزمی سیاسی نین. هێشتا ئەوان نەیانتوانیوە لە گریمانەکانی سیاسی کۆنی خۆیان، خۆ دەرباز بکەن بۆیە لە زۆربەی لێدوانەکانیاندا خۆ لە قەرەی پرۆژەی سیاسی و حوکمڕانی داهاتووی ئێران نادەن واتە بە جۆرێک خۆیان لە قبووڵکردنی ئەو پرسە دەدزنەوە. جا بۆیە پێویستە هێزە کوردییەکان زۆر ڕاشکاو و چاونەترس ئەو مۆدێلە بێننە ئاراوە چوونکە لەگەڵ ویستی نوێی گەلانی ئێران تەواو گونجاوە.

**-لە قۆناغی ئێستادا هێزە کوردییەکان بۆ ئەویکە بتوانن داواکارییەکانی گەلی کورد وەدیبێنت هەم لەنێو خۆیان و هەم لەبەرامبەر لایەنە سیاسییەکانی غەیرەکورد، وەک زەرورەتێک دەبێ چۆن بجوڵێنەوە؟**

بەنیسبەت سیاسەتی هێزە کوردییەکان بۆ ئەوەی بتوانن ویستەکانی ڕەوای گەلی کورد دەستەبەر بکەن پێویستە چەند بابەتی ستراتژیک لەبەرچاو بگیرێ.

١- یەکگرتوویی سیاسی، هێزە کوردییەکان دەبێ لەو پرشی و بڵاوییە کە لەو دوو دەیە تووشی هاتوون خۆیان دەرباز بکەن.

٢- پرۆژەی سیاسی خۆیان بۆ ئێران و کوردستانی داهاتوو بەهاوبەشی پێشکەشی هەموو ناوەندەکانی کاریگەری جیهانی بکەن.

٣-پێویستە کورد لۆبییەکی بەهێز دروست بکات.

٤-پێویستە ناوەندی هاوکاری هێزە کوردییەکان بەهێز بکرێت.

٥-پێویستە هێزە کۆمەڵایەتییەکان لە ناوخۆی کوردستان بەهێز بکرێن.

# د. عەزیز گەردی، مامۆستای پێنووس و کۆڵەکەی هەرمانی زمانی کوردی

«نەبووە بە عادەت لە چیاکان، کە سوار لە سەر کۆسپەیی ماڵێ سواری ئەسپ ببێ، بەڵکوو تا لە ئاوایی دەردەچێ جڵەوی ئەسپەکەی ڕادەکێشێ و وردە وردە دەڕوا. بۆیەش وادەکا تا لەو ماوەیەدا دەرفەتی بۆ بڕەخسێ بیر لەو شتانە بکاتەوە کە بە جێیان دێڵێ و ئەو شتانەش کە دەشێ بێنە ڕێی، ئیشەکەی هەرچەندە بە تاڵۆکەش بێ گوێی لێ نییە، بەکاوەخۆ، بەدەم بیرکردنەوەوە تا پەڕگەی ئاوایی ئەسپەکەی جڵەوکێش دەکا، جا لەوێ بە ئەسپایی پێداوێتە سەر ڕکێف و خۆی هەڵدەداتە سەر زین و کووڕ دەبێتەوە سەر قەڵپۆز و ئاوزەنگی لێدەدا و لە ناو تەپ و تۆزدا بزر دەبێ.»

قومیچکەیەک لە پێشەکی کتێبی داغستانی من، لە نووسینی ڕەسووڵ حەمزەتۆف و وەرگێڕانی زانا و بلیمەتی زمانی کوردی، عەزیز گەردی.

نووسەر و وەرگێڕی گەورەی کورد و دۆستی نزیکی شەهید د. «قاسملوو»، عەزیز ئەحمەد عەبدوڵڵا ناسراو بە «عەزیز گەردی» لە ساڵی ١٩٤٧ (١٣٢٦ی هەتاوی) لە بەحرکەی سەر بە پارێزگای هەولێر لەدایک بووە. قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی و ئامادەیی هەر لە بەحرکە تەواو کردووە. هەر لە منداڵییەوە خولیای خوێندنەوە دەبێت و لە هەرزەکاریدا دەست بە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی کوردی و بیانی دەکات، کتێبی زانستەکانی ڕەوانبێژی و عەرووز دەخوێنێتەوە و لای خۆیشی هێدی هێدی یادداشتیان دەکات، وەکوو خۆی گوتوویەتی: «لەگەڵ خوێندنەوەی هەر کتێبێکدا، تێبینی و سەرقەڵەمی تایبەتیم دەنووسییەوە، تا وای لێهات چەند دەفتەرێکم پڕ کردەوە».

ئەو بڕوانامانەی کە لە ژیانیدا بەدەستیهێناون بریتین لە: بەکالۆریۆس لە بەشی زمانی فەڕەنسی زانکۆی مووسڵ، ماستەر لە ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٩٤ و دوکتورا لە ئەدەبی کوردی لە ساڵی ١٩٩٩. بڕوانامەی دوکتورای دووهەمی لە کۆلێژی زمان لە زانکۆی کۆیە لە ساڵی ٢٠٠٩ بەدەستهێناوە.

د. عەزیز گەردی زۆر شاکاری جیهانی بۆ سەر زمانی کوردی ناوەندی وەرگێڕاوە. گەردی دەرچووی بەشی زمانی فەڕەنسی بوو لە زانکۆی بەغدا، دواتر لە ساڵانی ١٩٩٤ و ١٩٩٩ بڕوانامەکانی ماستەر و دوکتورای بەدەست هێنا.

د. عەزیز گەردی جگە لە فەڕەنسی زمانەکانی ئینگلیزی، عەرەبی، فارسی لەگەڵ دیالێکتە جیاوازەکانی کوردی زانیوە. ئەو کۆمەڵێک شاکاری ئەدەبیی جیهانی وەرگێڕاوە لەوانە داغستانی من، کۆمێدیای یەزدانی، بەرهەمەکانی تۆلستۆی و ئۆریانا فالاچی.

کارنامەی ڕۆشنبیریی و ئەکادیمی

لە ساڵی ١٩٧٠وە ئەندامی یەکێتیی نووسەرانی کوردە.

لە ساڵی ١٩٧٦ ئەندامی ڕۆژنامەنووسانی عێراق بووە.

لە ساڵی ١٩٨٤ ئەندامی کۆمەڵەی وەرگێڕان بووە.

لە کۆلیژی ئادابی زانکۆی سەلاحەدین مامۆستا بووە.

سەرپەرشتی و ئەندامی هەڵسەنگاندنی چەندان نامەی ماستەر و تێزی دوکتورای کردووە.

پلەی زانستی پرۆفیسۆرە.

بەرهەمەکان

ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا، ئەدەب و ڕەخنە، ئەدەبی بێگانان، جووتیارێکی زیرەک، پیاوێک، سەروا، کێشی شێعری کلاسیکیی کوردی، ڕەوانبێژی (ڕوونبێژی، جوانکاری، واتاناسی)، ڕابەری کێشی شێعری کلاسیکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبی، گەردەلولی مەرگ، کێشناسیی کوردی، سێ دەرمان: هەقایەتی کوردەواری، کۆکردنەوەی عەزیز گەردی وێڕای دەیان بەرهەمی وەرگێڕدراو کە بەشێکیان ئەمانەن:

چیرۆکی بەر ئاگردان، چیرۆکەکانی ئیزۆپ یان لەناو گیاندارانداو، نووسینی ئیزۆپ، لۆرکا: سێ تراژیدی، (چرا)یەک لەسەر مادیان کۆ، نووسینی مەنسوور یاقووتی، بیرەوەرییەکانی مامۆستایەک، نووسینی مەنسوور یاقووتی، لاوەچ، نووسینی مەنسوور یاقووتی، ئێمە ئەم شیعرەمان نوسیوە، ئەفسانەی ئەرمەنی، نووسینی چارلز دونیتگ، ئەفسانەی ئەفریقی، ئەفسانەی سلاڤی، ئەفسانەی کوردی، نووسینی م ب ڕودێنکۆ، ئەفسانەی هورکیایی، بەرکوتێکی ژیانم، نووسینی یەڤجینی یەڤتوشینکۆ، ئافرەت ڕەگەزی بێکەڵک، نووسینی ئۆریانا فالاچی.

تۆفیق کەریم، نووسەر و وەرگێڕ و بەرپرسی ناوەندی هزری و ڕۆشنبیری خاڵ لەبارەی بەرهەمەکانی عەزیز گەردییەوە دەڵێ: «لە حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە و لە سەردەمی مێرمنداڵیمەوە کتێبەکانیم خوێندووەتەوە، بەتایبەتی ئەو کتێبانەی لەبارەی ئەدەبیاتی بیانی چاپی کردوون، هەرگیز هەستم نەکردووە وەرگێڕانەکانی وەرگێڕان بووبن، چونکە ئەوەندە بە جوانی دایڕشتوون و تێکەڵاوی دەستەواژە و پەندی کوردی کردوون، هەستم دەکرد کە کورد نووسیبێتی».



تۆفیق کەریم دەشڵێت: «پێشتر نووسەر و وەرگێڕی وەکو عەزیز هەبوون، بەڵام ئێستا دەگمەنە، ئەو یەکێکە لە نووسەر و وەرگێڕە هەرە گەورەکانی کورد، بە بڕوای من لە ئاستی شوکر مستەفا، هەژاری موکریانی، عیزەدین مستەفا و حەمەی مەلا کەریمە».

نووسەر و وەرگێڕ تۆفیق کەریم دەڵێت: «عەزیز گەردی دوو جیاوازی لەگەڵ نووسەرانی دیکە هەیە، یەکەم؛ هەرگیز باسی خۆی نەکردووە و بەبێدەنگی خەریکی نووسین و وەرگێڕان بووە. دووهەم؛ پیاوێکی گشتگیر بووە و لە زۆر بواردا نووسیویەتی، ئەمەش وایکردووە بە ‹موسوعە› وەسف بکرێت».

وەک نیزیکانیشی دەڵێن: «ئەو پیاوێکی زۆر سادە و بێ فیز و خاکەڕا بوو؛ هەر کەس بچوایەتە لای خۆی دەبووە خانەخوێ و د.عەزیز دەبووە میوانی ئەو. «

ڕۆژی ١٦ی جۆزەردانی ١٤٠١ی هەتاوی د.عەزیز گەردی لە شاری هەولێر بەهۆی سستبوونی گورچیلەوە کۆچی دوایی کرد.

# خوێندنەوەیەکی د.حەمە مەنتک لەسەر د.عەزیز گەردی*

بەپێی تێزە بوونگەرایییەکەی هایدیگەر، مرۆڤ فڕێ دراوەتە ئێرە، واتە مرۆڤ بە ویست و ئارەزووی خۆی نەهاتۆتە دنیا. کەواتە مرۆڤ کە دێتە دنیا، هێشتا بوونی خۆی کامڵ نەکردووە. بێگومان مرۆڤ دەکەوێتە بەر کارتێکەری کەسانی دەوروبەری، ئەوان بەها و ئاکار و دابونەریت و کۆی بیرکردنەوەکانی خۆیان بەسەر ئێمەدا دەسەپێنن، دەیانەوێ خودی ئێمە داگیر بکەن. لێرەوە هایدیگەر دوو فۆرمی بوونمان بۆ شرۆڤە دەکات. یەکیان بوونی ڕەسەنە، ئەوی دیکەیان بوونی ناڕەسەنە. لە سادەترین پێناسەدا بوونی ڕەسەن بوونێکە خاوەن بیرکردنەوە و تێڕوانین و پڕۆژەی خۆیەتی بۆ ژیان. هەرچی بوونی ناڕەسەنە کەسێکە بەردەوام لەژێر کاریگەری دەوروبەریەتی، بەردەوام لە ڕێی ئەوانی دیکەوە بیر دەکاتەوە، خاوەنی هیچ پڕۆژەیەک نییە. وەکوو د.محەمەد کەمال لە کتێبی ئۆنتۆلۆجی بنەڕەتی و بوونی مرۆڤدا باسی دەکات: بوونی ناڕەسەن بوونێکی زۆربلێیە، ئەوەی دەشێلێت کرچوکاڵ و بێتامە کەواتە بوونی ناڕەسەن بوونێکە تەنێ دەنگەدەنگ بەرهەم دەهێنێت.

لەناو کایەی ڕۆشنبیریی کوردیدا دەیان کەسمان هەن، هێندێکیان تەنێ دەنگەدەنگ بەرهەم دەهێنن، پڕۆژەیەکیان بۆ کامڵکردنی بوونی خۆیان پێ نییە. خواجەی زمانی کورد، عەزیز گەردی، یەک لەو بوونانەیە، بەردەوام خەریکی بە ڕەسەنکردن و کامڵکردنی بوونی خۆیەتی. ئەو بەردەوام خۆیەتی، خاوەن پڕۆژەی خۆیەتی. لە ڕێی ئەوەوە کەسانی دیکەیش هەوڵی کامڵکردنی بوونی خۆیان دەدەن، یان دەیانەوێ ببن بە بوونی ڕەسەن. هایدیگەر چەند پێشمەرجێک بۆ بوونی مرۆڤ دادەنێت، واتە مرۆڤ لە ڕێی ئەم چەند پێشمەرجەوە دەتوانێت بوونی خۆی بسەلمێنیت، ئەوانیش پێشمەرجی جیهان و بوونی ئەوانی دەوروبەرمان و پێشمەرجی داهێنانن. ئەوەی بە کەڵکی باسەکەی ئێمە دێت، پێشەرجی داهێنانە. هەمان شێوە د.محەمەد کەمال لە کتێبی بوون داهێنان دەڵێت: داهێنان پرۆسەیەکی بەردەوامە لە نەبوونەوە بەرەو بوون لە پێناوی خۆتەواوکردنی ئەم بوونەدا دەکەوێتە گەڕ کەواتە مرۆڤ بەبێ داهێنان و پڕۆژە بوونێکی ناتەواوە. خواجەی زمانی کوردی، بوونێکە لە ڕێی داهێنانەوە بوونی خۆی تەواو کردووە. خواجەکەمان لە ڕێی پڕۆژەوە ئیش دەکات. ئەو زانستەکانی سەروا، کێشی عەرووز و ڕەوانبێژی بە تەواوی بڕاندۆتەوە.

کاتێک خواجەی زمانی کوردی، لە سەرەتای ساڵانی حەفتای سەدەی ڕابردوو زانستی ڕەوانبێژی بە سێ بەرگ لە ئەدەبی کوردیدا بڵاو دەکاتەوە. لە ڕێی ئەم سێ بەرگەوە چ لە ڕووی تیۆری و چ لە ڕووی پراکتیکییەوە بناغەیەک بۆ ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا دادەنێت. بە بڕوای من ئەم سێ بەرگەی خواجەکەمان زانستی ڕەوانبێژی لە ئەدەبی کوردیدا بڕاندەوە. ئیدی ئەوەی دوای ئەو هاتووە و باسی ڕەوانبێژی کردووە، تەنێ جوینەوەی بیرکردنەوە و پێناسەکانی خواجەی ئێمە بووە.

دوای دەردیسەرییەکی زۆر، دواجار لە ساڵی ١٩٩٤دا لە خوێندنی باڵا (ماستەر) وەردەگیرێت. لە نووسینی نامەی ماستەرەکەیدا فۆرمێکی جیاواز لە ئیشکردن، تەنانەت نامەیەکی تایبەت و جیاواز دەنووسێت، کە کۆتایی بە بابەتی کێشی عەرووز دەهێنێت. ئەگەر تەماشای نامەی ماستەر و دوکتوراکانی ئەو سەردەم لە زانکۆکانی کوردستان بکەین، هەست بە هەژاری و هەرزانی ناوەڕۆکی نامەکان دەکەین. زۆربەی نامەکان خۆخەریککردن بوون بە کۆکردنەوەی ژیان و شێعری شاعیران. خواجەی زمانی کوردی دێت خۆی لە قەرەی زانستێک بە ناوی کێشی عەرووز دەدات. نامەکەی بە ناوی (کێشی شێعری کلاسیکیی کوردی و بەراوردکردنی لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و کێشی شێعری فارسی) دەنووسێت. هەر لە ناونیشانەکەوە مرۆ تووشی سەرسوڕمان دەبێت. زانستی عەرووز لەگەڵ عەرووزی عەرەبی و فارسی بەراورد بکرێت! دیارە بۆ ئەم هەوڵەی ئیش لەبارەی کۆی دیوانی شێعری شاعیرە کلاسیکییە کوردییەکان دەکات. هەر بەوەندە ناوەستێت، دێت ئەو کێشە عەرووزیانەی تایبەتن بە شێعری کلاسیکیی کوردی لە کتێبێک بە ناوی کێشناسیی کوردی بڵاو دەکاتەوە، هاوکات کتێبێکیش تایبەت دەکات بە زاراوەی کێشناسی و بە ناوی فەرهەنگی کێشناسی بڵاو دەکاتەوە. دەبینین داهێنانی خواجەی ئێمە لەوەدایە یەخەی ئەم زانستەی گرت و تاکوو دوادێڕ هەمووی باس کردووە. هیچ شتێکی بۆ دوای خۆی نەهێشتۆتەوە. هەرچی دیوانی شێعری شاعیرانی کلاسیکە شرۆڤە و شەنوکەوی کردوون.

دوای پڕکردنەوەی کەلێنی توێژینەوەی کێشناسانەی شێعری کلاسیک، کار لەبارەی تەکنیکێکی دیکەی شێعری کلاسیک دەکات، ئەویش سەروایە. سەروا یەکێک لە لایەنە هونەرییەکانی شێعری کلاسیکە، کە ڕەهەندی ئێستێتیکی و مۆسیقایی بە شێعر دەبەخشێت. لە گۆران و شێخنووری و ڕەشیدنەجیب و پیرەمێردەوە دژایەتییەکەی تەواوی کێش و سەروای شێعری کلاسیکیی کوردی دەکرا. بەردەوام تا ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو، کێش و سەروای شێعری کلاسیک، تەنانەت کێش و سەروا لە شێعردا بە دوو خەوش و ڕووی ناشیرینی شێعر دەژمێردران. کاتێك نامەی دوکتوراکەی خواجەی زمانی کوردی دەخوێنینەوە، جادوو و هەوری ڕەشی هەموو ئەو بۆچوونانەی پێشتر سەبارەت بە سەروا وەکوو لایەنی کێماسی و خەوشی شێعر هەبوون، بەتاڵ دەکاتەوە. ئاخر کاتێک تۆ دێی ئەم نامەیە دەخوێنییەوە تێدەگەی سەروا چ هونەرێک و مۆسیقایەک بە شێعر دەبەخشێت. ئینجا تێدەگەین بەشێکی ئێستێتیکای شێعری کلاسیک لە سەروادایە. لە ڕێی ئەم تێزی دوکتورایەی خواجەکەمانەوە تێدەگەین سەروا چەند فراوانە، چەند قووڵە و چ کاریگەرییەکی لە بنیاتی شێعر بەگشتی و شێعری کلاسیک بەتایبەتی هەیە. هیچ کەلێن و قوژبنێکی سەرواش نامێنێت خواجەی زمانی کوردی شیکردنەوە و شرۆڤەی بۆ نەکردبێت. ئەو، توێژینەوە لەم زانستەیش لە ئەدەبی کوردی تەواو دەکات و ئیدی بوار بۆ هیچ کەسێکی تر ناهێڵێتەوە قسەی دیکەی لەبارەوە بکات. ئەگەر تەماشای لیستی سەرچاوەکانی تێزی دوکتوراکەی لەبارەی سەرواوە بکەین، بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، فارسی، ئینگلیسی، فەرەنسی، ئیسپانی و ئیتاڵی سەرچاوەی بەکارهێناوە. لێرەشدا کەم دیوانی شاعیرانی کلاسیکیی کوردی هەیە کاری لەبارەوە نەکردبێتەوە و سەروای شێعرەکانی لێکنەدابێتەوە.

لە ئەدەبی کوردیدا خواجە عەزیز، هێندەی بە وەرگێڕ تاریف دەکرێ، ئەوەندە بە نووسەر تاریف نادرێ. بە بڕوای من داهێنانی ئەو لە وەرگێڕان چەندە، لە نووسین و پڕۆژەی نووسینیشدا هێندەیە. دەبینین ساڵانی هەشتای سەدەی ڕابردوو چەند کتێبێکی پرۆگرام بۆ قوتابیانی بەشی زمانی کوردی دادەنێت، سەرەڕای ئەوەی چەندین کەس لە یەکێتیی سۆڤیەتی ئەوکات بە بڕوانامەی بەرزەوە هاتبوونەوە بەڵام خواجەی ئێمە کتێبی (ئەدەب و ڕەخنە) لە ساڵی ١٩٧٤دا دەنووسێت. هاوکات لە بواری پەروەردەدا ڕۆڵێکی باڵای هەبووە، چەندین ساڵی بە خزمەتکردنی وانەگوتنەوە وەکوو مامۆستا لە قوتابخانەی ئامادەیی ڕزگاری و قوتابخانەکانی دیکەی شاری هەولێر بەڕێ کردووە.

ئەوەی جەختی لەبارەوە دەکرێتەوە، هەوڵەکانی خواجە عەزیزە لەبارەی وەرگێڕانەوە. لە وەرگێڕانیشدا پتر بە لای ئەدەبی کۆن و ئەفسانەدا ڕۆیشتووە. بیرمە کاتێك قوتابی ئەو بووم لە کۆلێژی زمان، زوو زوو لە ماڵەوە دەچوومە خزمەتی. جارێک لێم پرسی: کاک دوکتور بۆ کتێبی فەلسەفی و ڕەخنەیی وەرناگێڕیت، ئەوەندە خەریکی هەقایەت و چیرۆکی ئەفسانەیت؟ لە وەڵامدا گوتی: «ئەتوو هێشتا منداری، کورد هێشتا قیمەتی ئەفسانە نازانێ، لە داهاتوودا قیمەتی ئەفسانە بەدەر دەکەوێت.» ئەم قسەیەی خواجە لە مێشکمدا مایەوە و دەمێنێتەوە. کاتێك لە خوێندنی باڵا/دوکتورا وەرگیرام، بیرم لەوە کردەوە کەرەسەی توێژینەوەکەم هەقایەتی ئەفسانەی کوردی بێت، بۆ ئەمەیش تیۆری سیمیۆلۆژیای گێڕانەوەم هەڵبژارد. لە ئەنجامدا بۆم دەرکەوت، ڕۆمان و چیرۆکی نوێ وەکوو بەرهەمی شار، چەند سوودیان لە بنەما و ڕەگەزەکانی گێڕانەوە وەرگرتووە. ئاخر ئەوەی گابریێل گارسیا مارکیزی دروست کرد، ئەو هەقایەتە ئەفسانەییانە بوون، کە داپیرەی بۆی گێڕابۆوە. کاتێک ئەو هەقایەت و دەقە ئەفسانەییانەی خواجەی زمانی کوردی بە کوردییان دەکا دەخوێنمەوە، بۆم دەردەکەوێت هەموو نەتەوەکانی دنیا پێوەندییان پێکەوە هەیە. کاتێك ئەفسانەی ئێرانی، ئەرمەنی، سلاڤی، تورکیایی، ئەفریقی، کوردی و ئازەربێجانی دەخوێنمەوە، ئینجا دەزانم مرۆڤ لە کۆندا چۆن پەنای بۆ ئەفسانە بردووە، بۆ ئەوەی دەوروبەری خۆی بناسێت. بۆیەش دەبینین تیۆریزانێکی وەکوو کلۆد لیڤی شتراوس لەڕووی ئەنترۆپۆلۆجییەوە دێت لە ئەفسانەی میللەتان دەکۆڵێتەوە و ئەوەیش دەسەلمێنێت، کە ئەفسانەی کۆی میللەتان لێکدیەوە نزیکن. مێتۆدەکەی شتراوس ناونرا «مرۆڤناسیی بنیادی» بۆیەیش لەبارەی ئەفسانەوە دەڵێت: «ئەفسانە زمانە بە شێوەیەکی تایبەتی لە ئاستێکی بەرزی گەشەکردن وەستاوە، بەڵام واتاکانی، کە بە شێوەیەک لە شێوەکان ڕەهەندێکی زمانییان هەیە، هەمیشە لە جوڵەدایە و بەردەوامە». بۆیەیش کاتێك لە ڕووی مرۆڤناسییەوە لە ئەفسانە دەکۆڵینەوە، دەتوانین پێوەندی نێوان ئەفسانە و مێژوو، ئەفسانە و زانست، ئەفسانە و ئایین بدۆزینەوە. ئێستا تێدەگەم، دەڵێم خواجەی من سەدەقت، ئێمە هێشتا لە ئەفسانە تێنەگەیشتووین. میللەتانی دیکە بە وردی خەریکی هەڵکۆڵین و بنکۆڵکردنی دەقە ئەفسانەییەکانی خۆیانن.

وەرگێڕان یەکێکە لە بوارەکانی مەعریفە. هەموو نەتەوەیەک دەتوانێت ئەدەبی خۆی لە ڕێیەوە پێش بخات. خواجەی ئێمە بە بڕوای من لە وەرگێڕاندا دوو تایبەتمەندی هەیە. یەکیان ئەوەیە زمانی وەرگێڕانی خواجە دیارە، بەو زمانە وەردەگێڕێ، کە قسەی پێ دەکات، ڕستەکانی بێ گرێوگۆڵن، بەرانبەر هیچ شتێک دانامێنێ. خوێنەر بەبێ ساتمە دەتوانێت بخوێنێتەوە. تایبەتمەندییەکی دیکە ئەوەیە خواجەکەمان وەکوو پڕۆژە و پسپۆڕی کاری وەرگێڕان دەکات. دەمەوێ بڵێم ڕاستە وەرگێڕانەکانی هەمەجۆرن، بەڵام لە ئەفسانەدا پسپۆڕی وەرگرتووە. کارەکانی دیکەیشی لە هەمان فەزاوە نێزیکن؛ بۆ نموونە بەرهەمەکانی عەلی ئەشرەفی دەروێشیان، کە دوای وەرگێڕانی ساڵانی هەورین، ڕەحمەتی دەروێشیان گوتی: «ئێستا کوڕێکم بە کوردی قسان دەکات». هاوکات بەرهەمەکانی مەنسوور یاقوتی. ئەوەی لە هەموو سەرنجڕاکێشترە ئەو خۆڕەپێشکەر نییە، خاکەڕا و بێدەنگ خەریکی پڕۆژەکانیەتی.

کاتێک وەرگێڕانەکانی خواجەی زمانی کوردی دەخوێنیتەوە، دەزانیت، کتێبناسە. ئەوەی جێی سرنجە زۆربەی وەرگێڕە کوردەکان تەماشای بازاڕ دەکەن. چ کتێبێک ڕەواجی هەبێت، یان چ ڕۆماننووسێک خەڵاتی نۆبێلی وەرگرتبێت، دێن ئەوە بە کوردی دەکەن. تەماشاکەن، هەموو وەرگێڕە کوردەکان ڕۆمانە ناودارەکانی تۆڵستۆی دەکەنە کوردی، ئەو دێت پێچەوانەی ئەوان کتێبێکی تۆڵستۆی بە ناوی بەرنامەی خوێندن دەکاتە کوردی، خەمی ئەدەب و پەروەردە لە هەڵبژاردنی کتێبدا بۆ وەرگێڕان چەند جوانە. خواجەی ئێمە چونکە کتێبناسە، کتێبی دانسقە و دەگمەن بە کوردی دەکات. کاتێک ئەو هونەری شێعری ئەریستۆ دەکات بە کوردی، هەموو توێژینەوە و نامە و ماستەرەکانی زانکۆ لە ڕێی دەستی دوو و سێ بۆچوونەکانی ئەریستۆیان لەبارەی شانۆ، ئەدەب، شێعر و داستان دەهێنایەوە. ئەو پەراوێزانەی خواجە بۆ کوردییەکەی هونەری شێعر دایناوە، خۆی بارتەقای توێژینەوەیەکی سەربەخۆیە. کاتێك کۆمیدیا خواوەندیی دانتێ بە کوردی دەکات، هەمووومان تەنێ لە دوورەوە ناویمان بیستبوو، مەگەر ئەوەی زمانێکی دیکەی زانیبێ، ئینجا خوێندبێتییەوە. کە کۆمیدیای خواوەندی دەخوێنیتەوە، لە دڵی خۆت دەڵێی: پەکوو لەو کوردییە ڕەوانە. بۆ هەموو وشەیەک دیسان خواجە لەم وەرگێڕانەیشدا ماتڵت ناکات و لێناگەڕێت بە دیار وشەکان دامێنی و خەم لە واتا و پێناسەیان بخۆیت، بارت سووک دەکات و بارتەقای دوو- سێ کتێبان پەراوێزت بۆ دەنووسێت. ئەو کاتێک کتێبێک دەکاتە کوردی، بە شێوازی وەرگێڕان و کوردییەکەی ئەو کتێبە لە زەین و یادگەی خوێنەردا دەهێڵێتەوە. ئاخر کێ هەیە لە نەوەی ساڵانی حەفتا و هەشتای سەدەی ڕابردوو داغستانی منی حەمزەتۆفی بیر نەبێت. ئەوەی یەک جار ئەم ڕۆمانەی خوێندبێتەوە، بیرکردنەوە و هزری داگیر دەکات. ئەوەی وەرگێڕانەکانی خواجە بخوێنێتەوە، هەموو وەرگێڕانێک ناخوێنێتەوە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی هەڵبژاردنی کتێب بۆ وەرگێڕان لە کن خواجەی زمانی کوردی، ئەو کتێبانەن لەبارەی کولتوور و ئەدەب و دابونەریتی کوردەوارییە. لە ساڵی ١٩٨٣دا کتێبی ژیانی ئافرەتی کورد لە نووسینی هێنی هارۆڵد هانسن دەکاتە کوردی. ئەم کتێبە توێژینەوەیەکی مەیدانییە لەبارەی ژیانی ژنی کورد. تێدەگەین، ژنی کورد چۆن ژیاوە. هاوکات توێژینەوەیەکی مەیدانی و سۆسیۆلۆژییە بۆ ئەوەی بزانین ژنی کورد لە کۆندا چۆن ژیاوە. ئەگەر باسی پڕۆژە و کتێبە بژاردەکانی خواجە بکەین، پێویستی بە توێژینەوەی ورد هەیە. خواجەی زمانی کوردی لە وەرگێڕان و نووسیندا هێند ئەمانەتدارە، دەتوانین تیۆرییەکی تایبەتی لەبارەی تێز و بیرکردنەوەی ئەو بۆ وەرگێڕان دابڕێژین.

*وەرگیراو لە ئینتێرنێت

KURDISTAN
Published by Democratic Party of Iranian Kurdistan · No :825 · 21 June 2022
ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:
www.kurdistanmedia.com
info@kurdistanmedia.com
http://www.pdki.org
pdkiran@club-internet.fr
telegram.me/PDKImedia

**«ڕۆژنامەی کوردستان» بە مەبەستی هەرچی زیاتر ئاشکراکردنی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ لە ناوچەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، هەر دوو حەوتوو جارێک ڕاپۆرتێک لە سەر دوایین بارودۆخی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستانی ڕۆژهەڵات بڵاو و دەیخاتە بەردیدی خوێنەران ڕۆژنامەی کوردستان.**

**ئەم ڕاپۆرت و ئامارانە باس لە حاڵەتەکانی پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ماوەی دوو حەوتووی کۆتایی مانگی جۆزەردانی ساڵی ١٤٠١ی هەتاوی، لە شار و ناوچە کوردنشینەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات دەکات کە بریتین لە حاڵەتەکانی دەستبەسەرکردن، بانگهێشت، ئێعدام، کوژران و بریندابوونی کۆڵبەران، کرێکاران، خۆکوشتن، زیندانیان و مەحکوومکردنی هاووڵاتییان لە کوردستانی ئێران .**

## ئەم ڕاپۆرتە لە ناوەندی ئاماری ئاژانسی هەواڵدەریی کوردپا، تۆمار کراوە.

### دەسبەسەرکردنی هاووڵاتییان:

١٧ی جۆزەردان: «جەبار دوستی» لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

١٧ی جۆزەردان: «ڕێبوار مەحمودی» چالاکی ژینگەیی خەڵکی شاری مەریوان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

١٧ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «واحید حەمزە» کوڕی حەسەن خەڵکی «سارۆقامیش»ی شاری بۆکان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

١٧ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «شاپوور مورادی» خەڵکی گوندی «تەنگیسەر» سەر بە شاری سنە لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

٢١ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خالید محەممەدسووری» تەمەن ٣٣ ساڵ کوڕی مستەفا، پاش بانگهێشتکردنی بۆ ئیدارەی ئیتلاعاتی بۆکان دەسبەسەر کرا.

٢٤ی جۆزەردان: محەممەدڕەزا مورادی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - سنە و کەڵاتەرزان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

٢٤ی جۆزەردان: هێزە ئەمنییەتییەکان چالاکێکی کۆمەڵایەتییان بە ناوی «ئێرشاک ڕەئووف گونبەدی» لە شاری ورمێ، دەسبەسەر کرد.

٢٤ی جۆزەردان: هاووڵاتییەک بە ناوی «دیار عەباسی» خەڵکی گوندی «بەرەجۆ»ی بەخشی خەلیفانی شاری مەهاباد، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

لە ڕەوتی دەسبەسەرکردنی ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- سەقز و زیویە، دوو ئەندامی دیکەی ئەو ئەنجومەنە بە ناوەکانی «ئەنوەر فەرەجزادە و سەلاح حوسێنی» لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٢٥ی جۆزەردان: «ئومید شامحەممەدی، عوسمان ڕەزایی، هیوا قورەیشی، پەرویز ئەحسەنی و کاوە محەممەدزادە»، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - دیواندەرە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٢٥ی جۆزەردان: «لوقمان ئەڵڵامورادی، ئاوات ڕەزەوی و تاهیر حامیدی ، ئەحمەد قادری، تاهیر قادرزادە و فاتیح غەفاری، کەیوان محەممەدی و خالید شێخی، زاهید مورادی، ئامانج ئەمینی و حوسێن محەممەدی «، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- سەقز و زێویە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٢٦ی جۆزەردان: سەلاح حاجی میرزایی، ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- سنە و کەڵاتەرزان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

لە درێژەی دەسبەسەرکردنی چالاکانی سێنفیی ماموستایان لە کوردستان، «بێهزاد قەوامی، تەحسین مستەفا، سەیوان سلێمانی، ئارام محەممەدی، ئارام قادری، ئیسماعیل ڕەیحانی، قادر یەسرابی و غەیاس نێعمەتی»، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - مەریوان، سنە و کەڵاتەرزان، سەقز و زێویە، دەسبەسەر کران.

٢٧ی جۆزەردان: «موحسین شکوهی» چالاکی سێنفیی ماموستایان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە لە شاری سەقز دەسبەسەر کرا.

٢٦ی جۆزەردان: «حیسام خاکپوور و حەسەن ڕەحیمیان»، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - سەقز و زیویە، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٢٩ی جۆزەردان: سێ کۆڵبەری خەڵکی شاری سەقز بە ناوەکانی «عەتا محەممەدی»، «پارسا ئیبراهیمی» تەمەن ١٦ ساڵ و «عەبدوڵڵا حەقانی»، لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە دەسبەسەر کران.

٣٠ی جۆزەردان: «ڕەزا تەهماسبی» چالاکی سێنفیی ماموستایان و ئەندامی ئەنجومەنی سێفیی ماموستایانی کوردستان - سنە و کەڵاتەرزان، لەلایەن هێزە ئەمنییەتییەکانەوە دەسبەسەر کرا.

### بانگهێشتکردن بۆ ناوەندە ئیتلاعاتی و ئەمنییەتییەکان:

١٧ی جۆزەردان: «سەیوان سلێمانی» ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- مەریوان، بانگهێشتی ستادی خەبەریی ئیدارەی ئیتلاعاتی مەریوان و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

٢٢ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «خەلیل عەینی» خەڵکی گوندی «سینگان» سەر بە شاری شنۆ، بانگهێشتی ئیدارەی ئیتلاعاتی ئەو شارە کرا و لێپرسینەوەی لەگەڵ کرا.

### ڕەوانەکردنی هاووڵاتییان بۆ زیندان:

١٦ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «موسلێم قادرپوور» تەمەن ٢٢ ساڵ کوڕی «فەریدوون» و خەڵکی گوندی «گوڵچێر»ی مەریوان، بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی ئەو شارە کرا.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا، «مەجید کەریمی» ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- سنە و کەڵاتەرزان، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە ڕاگوێزرا.

١٦ی جۆزەردان: «جەلال قادریزاد» خەڵکی شنۆ بۆ جێبەجێکردنی ماوەی زیندانییەکەی ڕەوانەی زیندانی شنۆ کرا.

٢٤ی جۆزەردان: کەماڵ قویتاسی و عەزیز قادرتاج، دوو زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شنۆ لە زیندانی ئەو شارە، بۆ زیندانی نەغەدە ڕاگوێزران.

### بێبەریکردنی زیندانیی و گواستنەوەی زیندانییانی سیاسیی بۆ بەندی مادده هۆشبەرەکان:

دوو زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی شنۆ بە ناوەکانی «عەزیز قادرتاج و کەماڵ قویتاسی»، لە زیندانی نەغەدە، کە تووشی ئازاری پشت و جومگە هاتوون، لە ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی زیندان بێبەری کراون. بەپێی هەواڵی گەیشتوو بە ئاژانسی کوردپا لە زیندانی نەغەدە، ئەو دوو زیندانییە سیاسییە لە زیندانی نەغەدە بەهۆی پشتێشە و جومگەکانیان ئازار دەچێژن، لەلایەن بەرپرسانی ئەو زیندانە لە ڕەوانەکردنیان بۆ دەرەوەی زیندان بێبەری کراون.

لە ماوەی ڕۆژانی ڕابردوودا سێ زیندانیی سیاسیی کورد بە ناوەکانی «شەفیع محەممەدنژاد، خزر قادریئازەر و ئیسماعیل محەممەدپوور» خەڵکی شاری پیرانشار، لە بەندی زیندانییانی سیاسی ڕەوانەی ژووری گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکان کراون. هەواڵی گەیشتوو لە زیندانی نەغەدە بە ئاژانسی کوردپا باس لەوە دەکات کە بەرپرسانی زیندانی نەغەدە بەبێ هیچ ڕوونکردنەوە و هۆکارێک ئەو سێ زیندانییە سیاسییە کوردەیان لە بەندی زیندانییانی سیاسی بۆ بەندی گیرۆدەبووان بە مادده هۆشبەرەکان گواستووەتەوە.

### گوشاری ئیدارەی ئیتلاعات بۆ لێوەرگرتنی دانپێنانی زۆرەملی بە مەرجی ئازادکردن:

ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بە بنەماڵەی مەجید کەریمی، چالاکی سێنفیی ماموستایان و ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - سنە و کەڵاتەرزان ڕایگەیاندووە کە لە ئەگەری هاوکاری نەکردنی مەجید کەریمی، ناوبراو ئازاد ناکرێت.

بەپێی ڕاپۆرتی گەیشتوو بە ئاژانسی کوردپا؛ پاش دەسبەسەرکرانی ئومید شامحەممەدی و هیوا قورەیشی، دوو ئەندامی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - دیواندەرە، هێزە ئەمنییەتییەکان هێرشیان بردوو بووە سەر ماڵی ئەو دوو چالاکە سێنفییە و دەستیان بە بێڕێزی بە بنەماڵەی ئەو دوو چالاکە سێنفییە کردبوو.

### ڕاگواستنی چالاکانی سێنفیی بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین:

شەعبان محەممەدی و مەسعوود نیکخا، لە ئەندامانی هەیئەتی بەڕێوەبەریی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - مەریوان، لە گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزران.

ئەسکەندەر لوتفی، وتەبێژی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی فەرهەنگییانی ئێران و ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - مەریوان، بۆ بەندی ئەمنییەتیی زیندانی ئێڤین ڕاگوێزرا.

### ڕاگواستن لە ئیتلاعات بۆ زیندان:

ئومید شامحەممەدی، هیوا قورەیشی، پەرویز ئەحسەنی و کاوە محەممەدزادە، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - دیواندەرە، پاش دەسبەسەری بۆ گرتنگەی ئیدارەی ئیتلاعاتی سنە ڕاگوێزران.

### مانگرتن لە خواردن:

١٦ی جۆزەردان: «ئەسکەندەر لوتفی» وتەبێژی شورای هاوئاهەنگیی ڕێکخراوی سێنفیی فەرهەنگییانی ئێران و ئەندامی هەیئەتی بەڕێوەبەریی سێنفیی ماموستایانی کوردستان- مەریوان، مانگرتنی وشکی خۆی بۆ مانگرتنی تەڕ گۆڕی.

٢٣ی جۆزەردان: «کەیوان ڕەشۆزادە» زیندانیی سیاسیی کورد لە گرتووخانەی ناوەندیی ورمێ، بە نیشانەی ناڕەزایەتی دەربڕین لەگەڵ دژایەتیکردنی بەرپرسانی زیندانی ورمێ بۆ هاتنە مەرەخەسییەکەی، مانی گرت.

لە کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ ڕۆژی یەکشەممە ٢٩ی جۆزەردان، خالید عەبدوڵڵاهی، سلێمان عەبدی، ئەحمەد قادری، ئامانج ئەمینی، زاهید مورادی، ئیسماعیل ڕەیحانی، حیسام خاکپوور، تاهیر حامیدی، مۆحسێن شکوهی و حەسەن ڕەحیمیان، لە ئەندامانی ئەنجومەنی سێنفیی ماموستایانی کوردستان - سەقز، بە نیشانەی ناڕەزایەتیی دەربڕین بە درێژەکردنەوەی ماوەی دەسبەسەرکرانی نایاسایی و پێڕانەگەیشتن بە داواکاریی فەرهەنگییان لە زیندانی سەقز دەستیان دایە مانگرتن.

### منداڵبوون لە زیندان:

سۆعدا خەدیرزادە، زیندانیی سیاسیی کوردی خەڵکی شاری پیرانشار کە زیاتر لە ٨ مانگە لە زیندانی ورمێ ڕاگیراوە و چارەنووسی ناڕوونە، ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی جۆزەردان منداڵەکەی لەدایک بوو.

سەرچاوەیەکی ئاگادار لەو بارەیەوە بە ئاژانسی کوردپای ڕاگەیاند: «بەرپرسانی زیندانی ورمێ بنەماڵەی سۆعدا خەدیرزادەیان لە منداڵبوونەکەی ئاگادار نەکردووەتەوە و تەنانەت ئەوانیان ئاگادار نەکردووە کە لە کام نەخۆشخانە نەشتەرگەریی سزارییەنی بۆ کراوە، هەتا یەکێک لە ئەندامانی بنەماڵەکەی لەگەڵیدا بێت؛ بەرپرسانی زیندان ژنێکی زیندانیان لەگەڵی بۆ نەخۆشخانە ناردووە».

### لە سێدارەدانی زیندانیی سیاسیی:

سەرلەبەیانیی ڕۆژی دووشەممە ٣٠ی جۆزەردان، «فیرووز مووسالوو»، زیندانیی سیاسیی کورد خەڵکی بەخشی قوتووری شاری خۆی، بە نهێنی لە زیندانی ورمێ لەسێدارە درا. حوکمی ئەو زیندانییە سیاسییە بەبێ ئاگادارکردنەوەی بنەماڵە و پارێزەرەکەی جێبەجێ کرابوو. هەواڵدەریی «فارس» بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی وەرگیراو لە پەیوەندییە گشتییەکانی دادگوستەریی پارێزگای ورمێ، بەبێ ئاماژەکردن بە شوناسی ئەو زیندانییە سیاسییە، لەسێدارەدانی ناوبراوی پشتڕاست کردەوە.

### ئێعدامکردنی هاووڵاتییان:

١٨ی جۆزەردان: حوکمی زیندانییەک بە ناوی «ستار ئەرغەندە» خەڵکی شاری مەلەکشایی، لە زیندانی ئیلام جێبەجێ کرا.

١٨ی جۆزەردان: حوکمی لەسێدارەدانی دوو هاووڵاتیی دیکە بە ناوەکانی «خوسرەو تارک» و «کەماڵ بیانیڕاد» لە زیندانی ئیلام جێبەجێ کرا.

٢٠ی جۆزەردان: حوکمی ئێعدامی دوو زیندانی بە ناوەکانی «وەحید بێهمەرام» کوڕی فەرەیدوون خەڵکی ورمێ و «قلیچ شکووهی» کوڕی عەزیز خەڵکی گوندی «نێچەلان»ی بەخشی سێرۆ لە زیندانی ناوەندیی ورمێ جێبەجێ کرا.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران باسی لە لەسێدارەدانی هاووڵاتییەک بە ناوی «دروود یووسفبەیگی» تەمەن ٣٣ ساڵ لە زیندانی کرماشان کرد.

١٠ی جۆزەردان: حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «ئەیووب لەتیفی» کە پێشتر بە تۆمەتی «کوشتنی بەئەنقەست» بە «قساس» مەحکووم کرابوو، لە زیندانی ناوەندیی کرماشان (دیزلاوا) جێبەجێ کرا.

٢٢ی جۆزەردان: حوکمی لەسێدارەدانی زیندانییەک بە ناوی «مەهدی کیانی» خەڵکی لوڕستان لە زیندانی دیزلاوای کرماشان، جێبەجێ کرا.

٢٥ی جۆزەردان: هاووڵاتییەکی کورد بە ناوی «محەممەد شوکری» تەمەن ٢٥ ساڵ خەڵکی شاری «ئەیوانغەرب»ی پارێزگای ئیلام، لە زیندانی ڕەجایی شارەی کەرج لە سێدارە درا.

### کوژران و بریندابوونی کۆڵبەران:

١٦ی جۆزەردان: کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «سمکۆ خزرنژاد» تەمەن ٣٦ ساڵ و خەڵکی شاری مەهاباد، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکانی حکوومەت لە سنووری بانە پێکرا.

١٧ی جۆزەردان: دوو کاسبکاری کورد بە ناوەکانی «محەممەد ئەلیاسی» و «عوسمان ڕەشیدی» بەهۆی وەرگەڕانی ماشینەکەیان لە جادەی «تەتە» گیانیان لەدەست دا.

٢٢ی جۆزەردان: کۆڵبەریکی کورد بە ناوی «ناسێح زارعی» خەڵکی گوندی «سالووک»ی بانە، بەهۆی تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری «سەرتەزێن»ی ئەو شارە پێکرا.

٢٤ی جۆزەردان: کۆڵبەریکی «نۆدشە»یی بە ناوی «محەممەدئەمین ئەمینی» لە نزیک گوندی «نرویَ» سەر بە بەخشی «نەوسوود»ی پاوە لەلایەن هێزە نیزامییەکانەوە ئازار و ئەشکەنجە درا.

٢٨ی جۆزەردان: کۆڵبەرێکی کورد بە ناوی «کیانووش لوتفی» تەمەن ٢٥ ساڵ کوڕی فیرووز خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی ڕاستەوخۆی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە پێکرا.

٣٠ی جۆزەردان: تەرمی «ئەسعەد سەیدانی فرد» سێیەمین کۆڵبەری ونبووی خەڵکی گوندی «باوان»ی ناوچەی مەرگەوەڕی ورمێ، پاش ١٥٨ ڕۆژ لە بەرزاییەکانی گوندی «گەڵێشم»ی تورکیە دۆزرایەوە.

٢٩ی جۆزەردان: کۆڵبەرێکی کورد بەناوی «کەماڵ عوسمانی» تەمەن ٢٩ ساڵ خەڵکی شاری بانە، بە تەقەی هێزە نیزامییەکان لە سنووری ئەو شارە پێکرا.

### گیانلەدەستدان و بریندابوونی کرێکاران:

کرێکارێکی شیرکەتی دابەشکردنی بەرق بە ناوی «کیانووش پیری» بەهۆی بەرقگرتوویی و بەربوونەوە لە بەرزایی گیانی لەدەست دا.

### خۆکوژی ژنان و پیاوان:

٢٢ی جۆزەردان: هاووڵاتییەک بە ناوی «بەیان مورادی» خەڵکی گوندی «ماراو»ی شاری کامیاران، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا. ئەو ژنە بەهۆی کێشەی بنەماڵەییەوە خۆی کوشتووە.

٢٣ی جۆزەردان: لاوێکی تەمەن ١٩ ساڵ بە ناوی «سەید فەرهاد قەشنگی» کوڕی سەید عەلی خەڵکی گوندی «قسقەپان»ی شاری پیرانشار، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.

٢٢ی جۆزەردان: هونەرمەندێکی کورد بە ناوی «بیژەن مورادی» کوڕی کەریم خەڵکی گوندی «نەجاڕ»ی پاوە، کۆتایی بە ژیانی خۆی هێنا.





